نوێنەری UNHCR: هەرێمی کوردستان لە جیهاندا نموونەیەکی جوانە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران و لێقەوماوان

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5831) پێنج شەممە 19ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

لە دیدارێکی نێوان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و رێکخراوی یو ئێن ئێچ سی ئار، ڕەوشی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکرا. هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 پێشوازیی لە ئەیمەن غرایبە نوێنەری رێکخراوی یو ئێن ئێچ سی ئار، لە عێراق و ئیتا شوێتن سەرپەرشتیاری ئۆفیسی رێکخراوەکە لە هەولێر و شاندێکی یاوەریان کرد. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە سەرۆککۆماری عێراق دەکات

جەخت لە پێویستیی تەبایی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە

دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە دکتۆر بەرهەم سالح، سەرۆککۆماری عێراق و شاندێکی یاوەری کرد کە لە دکتۆر فواد حوسێن، جێگری سەرۆکوەزیرانی عێراق و وەزیری دارایی و ژمارەیەک لە ڕاوێژکاران پێکهاتبوو.

لە دیدارەکەدا کە هوشیار زێباری و مەحمود محەمەد ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان و فەوزی هەریری سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئامادەی بوون، بیروڕا لەبارەی دواینێ پێشهاتە سیاسییەکان لە ئاستی عێراق و ناوچەکە ئاڵوگۆڕ کرا.

هەروەها ڕۆشنایی خرایە سەر پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، بەتایبەت پرسەکانی بودجەی گشتیی ساڵی داهاتووی عێراق، ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و داڕشتنی یاساکان و هەڕەشە و مەترسییەکانی تیرۆر. لەوبارەیەوە جەخت لەسەر بەردەوامیی دیالۆگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پابەندبوون بە دەستوور کرایەوە.

هەر لە دیدارەکەدا پڕۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان خرایە بەر باس و تەئکید لە پێویستیی تەبایی و یەکڕیزیی لایەنە کوردستانییەکان کرایەوە.

سەرۆکی لیبستی برایەتیی کەرکووک:

لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکانی شارەکە گفتوگۆ دەکەین

سەرۆکی لیبستی برایەتیی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات کە دەیانەوێت لەگەڵ پێکهاتەکانی دەرەوەی لایەنی کوردی قسە بکەن بۆ ئەوەی پرسی ئەو شارە بەلایەکدا بکەوێت. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



سەرۆکی هەرێمی کوردستان و باڵیۆزی ئەمەریکا دۆخی عێراق تاوتوێ دەکەن

نێچیرڤان بارزانی: هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەردەوام دەبێت

بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ماتیوو تیوولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق، دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراقییان تاوتوێ کرد و خۆشحاڵیی خۆیان بەو کەشە ئەرێنییەی لە عێراق بەگشتی و لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵدا هەیە نیشان دا، هەروەها جەختیان لە گرنگیی بەردەوامیی گفتوگۆی هەولێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کردەوە، بەتایبەتیش پرسەکانی پەیوەست بە مادەی 140 و بودجە و دۆسیەی نەوت و پارێزگای کەرکووک.


لەمبارەیەوە سەرۆک نێچیرڤان بارزانی، دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ بەردەوام دەبێت و ڕوونی کردەوە کە میکانیزمێکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێویستە بە جۆرێک لێکگەیشتنە سیاسییەکان بکرێتە هەنگاوی کردەیی.

نیسەرۆی دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 لە کۆبوونەوەیەکدا لە هەولێر کە بەڕێز کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان ئامادەی بوو، هەردوولا باسیان لە مەترسیی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر و تووندوتیژی لە ناوچەکە کرد بە شێوەیەک کە هێشتا لەمبارەیەوە پشتگیریی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان پێویستە.

تاوتوێکردنی دۆخی سیاسی و پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان، ئاوارە و پەنابەران و چۆنیەتیی گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانیان، دۆخی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان، سەردانی بەڕێز باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق بۆ چەند شوێنەوارێکی قەڵای هەولێر و هاوکاریی کولتووریی ئەمەریکی بۆ هەرێمی کوردستان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم، خالید شوانی بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا ڕاسپارد

2



ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبووەوە و چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد

لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێکدەهێندرێت بۆ ڕێکخستنەوە و هەماهەنگی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە. لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ڕێکخستنەوە و هەماهەنگیکردن لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان کرا. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێندرێت بۆ یەکەوەبەستنەوەی دەروازە گومرگییەکان بە ئامانجی ڕێکخستنەوە و باشترکردنیان. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ڕوونکردنەوەیەک لە نووسینگەی

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

لە کاتێکدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان شێلگیرانە سەرقاڵی گرتنەبەری ڕێکاری زیاتری خزمەتی هاووڵاتیانە، هەندێ دەزگای نابەرپرسی میدیایی لە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا سەرقاڵی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی هەواڵی چەواشاکارانەن و بەتایبەت هەوڵ دەدەن ناوی سەرۆکی حکوومەت ئاوێتەی ئەم هەوڵە نابەجێیانەیان بکەن. لەمیانەی ئەو هەڵمەتەدا و لە دوا هەوڵیان ناوی کەسێکیان هێناوە کە گوایە حیزبێک دادەمەزرێنێت و بەڵێنی دامەزراندنی خەڵکیان بۆ دراوە. سەر لە بەری ئەم هەواڵانە زادەی خەیاڵی نەخۆشی خۆیانە و جێگەی داخە کە توانای مادەی و مرۆیی کوردستان دەخرێتە ناو دەزگای چەواشەکاری ناپرۆفیشنال.

نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
2019/9/18

هەوڵێک هەیە بۆ پەراوێزخستنی پارتی لە هەڵەبجە

د. جەعفەر ئیمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە جێگرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و وەزیرەکان بەرەو خوارەوە بووە. دەشڵێت: دەمانەوێت لە دانانی بەرپرسانی یەکە ئیداری و بەڕێوەبەرە گشتییەکان کەسانی ئەکادیمی و سەربەخۆ بەشداری پێ بکەین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**



«لیۆ» یەکەمین شێری ڕاهێنراو لە هەرێمی کوردستان

لیۆ ئەو شێرە مڕۆڤ دۆستەیە کە ماوەی ساڵێک و سێ مانگە بەبێ ئازاردانی هیچ کەسێک لەگەڵ دانیشوانی دهۆک دەژیت و ڕۆژانە پیاسەی شەقام و بازاڕی شارەکەش دەکات. ڕۆژانە خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت هەندێکجار گەشتیارانیش ئەگەر بە شوێنی بزانن بۆ گرتنی سێلفی سەردانی لیۆ دەکەن و لە باخچە هەزار مەتربیەکەی کە بۆی تەرخانکراوە، یاری لەگەڵ دەکەن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هۆشداریی دەداتە حزبە کوردستانییەکان

ئەندامێکی لیژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هۆشداریی دەداتە ئەو حزبە کوردستانییانەی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگا دەرەکییەکان نۆژەن دەکاتەوە

هەڵمەتێکی فراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگا دەرەکییەکان لە هەفتەی داهاتوو دەست پێدەکات، کۆمەڵێک ڕێگای گرنگی دەڤەری سۆرانی تێدایە. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**



کچە کوردێک دەبێتە فڕۆکەوان

(زیاتر لە ل16 بخوێنەوە)



سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پێشوازی لە سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ دەکات

چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە قازانج و بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە


دەرفەتێکی باش هاتووەتەوە ئارا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور

دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی پێشوازی لە بەرهەم سالح سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ کرد.

لە دیدارەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان و فوئاد حوسێن جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی عێراق و ژمارەیەک بەرپرسی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەبوون، گفتوگۆ دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵ کرا.

جەخت لەوە کرایەوە کە ئێستا دەرفەتێکی باش هاتووەتەوە ئارا بۆ چارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستوور کە پێویستە بە تەواوی جێبەجێ بکرێت.

هەروەها دووپاتکرایەوە کە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی لە قازانج و بەرژەوەندی هەموو خەڵکی عێراقدایە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ سەقامگیربوونی بارودۆخی عێراق بە تایبەتیش کە هێشتا تیرۆریستان لە چەند ناوچەیەکی عێراق هەڕەشەن لەسەر ئاسایشی هاوواڵتیان.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق دەکات

مەسرور بارزانی: چەندین بژاردەمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ خستووەتەڕوو

باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق: پشتگیریی لە پرۆسەی گفتوگۆی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ئێتیحادی دەکەین

دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کورستان پێشوازی لە ماتیو تولەر باڵیۆزی ئەمەریکا لە عێراق کرد.

لە دیدارەکەدا باڵیۆزی ئەمەریکا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتیوانی لە یەک نزیکبوونەوە و گفتوگۆکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ دەکات. گوتیشی: هەست دەکەین پێشکەوتن لە پرۆسەی گفتوگۆکاندا هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان روونیکردەوە کە لەسەر چەند ئاستێک گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی عێراق بەردەوامە و چەندین بژاردەشمان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان خستووەتەڕوو بە شێوەیەک کە دەستوور بنەمای سەرەکی چارەسەرکردنی کێشەکان بێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێم

خالید شوانی بۆ بەڕێوبردنی دۆسیەی دانوستانەکانی هەولێر و بەغدا راسپارد




خالید شوانی وەزیری هەرێم بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی دانوستانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراق راسپێردرا، بڕیارەکەش لەژێر ڕۆشنایی ڕێنمایی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رایگەیاند: مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری داوە بە تەکلیفکردنی خالید سەعید سەلام شوانی، وەزیری هەرێم، بۆ بەڕێوەبردنی دۆسیەی دانوستان لەنێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ هەماهەنگی دیوان و سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێشوازیی لە نوێنەری ڕێکخراوی UNHCR کرد

نوێنەری UNHCR: هەرێمی کوردستان لە جیهاندا نموونەیەکی جوانە بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەران و لێقەوماوان



لە دیدارێکی نێوان جێگری سەرۆکی پەرلەمان و ڕێکخراوی یو ئێن ئێچ سی ئار، ڕەوشی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان تاوتوێکرا. هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەئامادەبوونی ئەرشەد حوسێن ئەندامی لێژنەی کاروباری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 پێشوازیی لە ئەیمەن غرایبە نوێنەری ڕێکخراوی یو ئێن ئێچ سی ئار، لە عێراق و ئیتا شوێتن سەرپەرشتیاری ئۆفیسی ڕێکخراوەکە لە هەولێر و شاندێکی یاوەریان کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا تیشک خرایە سەر بارودۆخ و ڕەوشی پەنابەران و ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و بەهێزی کولتووری لێبووردەیی خەڵکی کوردستان سەرەڕای ئەو قەیرانانەی دووچاری بوونەتەوە، بەڵام هەمیشە دەرگایان کراوە بووە بۆ لەخۆگرتنی لێقەوماوان لەناوەوە و دەرەوەی عێراق، لەمبارەیەوە هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان وێڕای بەخێرهێنانی شاندی میوان باسی لە ڕەوشی ئاوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق کرد کە ماوەی چەندین ساڵە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، لەگەڵ زۆری ڕێژەی ئاوارەکان و زۆری قەیرانەکان، بەڵام هەرێمی کوردستان دەرگای بۆ کردوونەتەوە و تائێستا هیچ کێشەیەک لەنێوان ئاوارەکان و خەڵکی کوردستان ڕوویان نەداوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان پێویستیی بە هاوکاریی نێودەوڵەتی هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان لە درێژەی وتەکانی بۆ شاندی میوان ڕایگەیاند: بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان پێویستە کۆمەڵێک ڕێکار بگیرێتەبەر، ئەویش ئارامکردنەوەی دۆخی ناوچەکانیان و دابینکردنی ژیانێکی گونجاوە بۆیان تا بتوانن ژیانێکی سەربەرزانە ببەنەسەر. داواشی لە شاندی میوان کرد بە گەیاندنی دەنگی هەرێمی کوردستان بە ڕەتکردنەوەی ماددەی 16ی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە بەهۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لەو ئاوارانەی ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردووە بێبەش دەبن لەمافی دەنگدان.

لەلایەن خۆیەوە شاندی یو ئێن ئێچ سی ئارِ سوپاسی هەرێمی کوردستانیان کرد بۆ لەخۆگرتنی ئاوارەکانی ناوەوە و دەرەوەی عێراق، هەروەها ڕایانگەیاند: هەرێمی کوردستان نموونەیەکی جوانە لە جیهان بۆ لەخۆگرتنی ئەو ژمارە زۆرەی خەڵکی پەنابەر و ئاوارە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق. لە کۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە نابێت بەزۆر ئاوارەکان ڕەوانەی ناوچەکانیان بکرێنەوە و ئەو هۆکارانەشیان خستەڕوو کە بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، لەوانە نەبوونی ئەمنییەتی پێویست و خزمەتگوزاری و بوونی حەشدی شەعبی و دووبارە سەرهەڵدانەوەی داعش لە ناوچەکانیان، هاوڕابوون لەسەر ئەوەی بۆ گەڕانەوەی ئاوارەکان پێویستە ئەو کێشانە لە بنەڕەتەوە چارەسەر بکرێن.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

سەرەخۆشی لە هونەرمەند مەزهەری خالقی دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 لە پرسەنامەیەکدا سەرەخۆشی لە هونەرمەند مەزهەری خالقی کرد بە بۆنەی کۆچی دوایی (خاتوو ڕێسان)ی هاوژینیەوە. ئەمەش دەقی پرسەنامەکەیە:

بەڕێز مامۆستا مەزهەری خالقی

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (ڕێسان)ی هاوژینتم بیست. پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەم و ئومێدەوارم خوای مەزن بە بەهەشتی شاد بکات و دڵنەواییش بە ئێوە ببەخشێت.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
2019/9/18

سەرکردەیەکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڕەشە لە ئوردن دەکات

سەرکردەیەکی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دەزگای هەواڵگریی وڵاتێکی دراوسێی عێراق بە هاوکاریکردنی ئیسرائیل لە دژی ئەو میلیشیایانە، تۆمەتبار دەکا و هەڕەشە دەکات. ئەحمەد مەگسوسی، سەرکردە لە حەشدی شەعبی بە میدیاکانی عێراقی ڕاگەیاندووە، لێژنەی لێکۆڵینەوە لە بۆردومانکردن و تەقاندنەوەی بارەگاکانی حەشدی شەعبی ڕاپۆرتی کۆتایی خۆی ئامادە کردووە. ئەحمەد مەگسوسی هەروەها ڕایگەیاندووە، لە ڕاپۆرتەکەدا، دەردەکەوی دەزگای هەواڵگریی ئوردن ئاسانکاریی بۆ فڕۆکەوانەکانی ئیسرائیل بۆ بۆردومانکردنی بارەگاکانی حەشدی شەعبی، کردووە. ئەو سەرکردەیەی حەشدی شەعبی هەڕەشەی لە ئوردن، ئیسرائیل و ئەمریکا کردووە و ڕایگەیاندووە، لە بەرەکانی شەڕەوە وەڵامان دەبێ.

ئەندامێکی لێژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هۆشداریی دەداتە حزبە کوردستانییەکان

ئەندامێکی لێژنەی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکووک هۆشداریی دەداتە ئەو حزبە کوردستانییانەی بەشداریی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک دەکەن.

شاخەوان عەبدوڵلا، پەرلەمانتاری پێشووی عێراق لە پەیجی تایبەتیی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک، نووسیویەتی، رازیبوونی حزبە کوردییەکانی کەرکووک بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان، مەترسیدارترە لە خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەر. ئەو پەرلەمانتارەی پێشووی عێراق، کە ئەندامی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئاماژەی بەوەشکردووە، کە بەپێی یاسای هەموارکراوی هەڵبژاردن، 50 هەزار هاوواڵتیی کورد لە کەرکووک دوور دەخرێنەوە و مافی هاووڵاتیبوونی ئەو شارەیان نامێنێت. جگە لە دوورخستنەوەی ئەو 50 هەزارە، هەزاران کەسی دیکەی کەرکووک کە بەهۆی خیانەتی 16ی ئۆکتۆبەرەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، مافی بەشداریکردنیان لە هەڵبژاردنەکە نامێنێت.

ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی کۆبوونەوە و چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد

لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێکدەهێندرێت بۆ ڕێکخستنەوە و هەماهەنگی لە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان

ئاسانکاری یاسایی پێویست بۆ دانەوەی قەرزە کشتوکاڵییەکان دەکرێت بە شێوەیەک بارگرانی نەخاتە سەر گوزەرانی جووتیاران

لیژنەیەکی یاسایی پێکدەهێندرێت بۆ دەستنیشانکردن و ئامادەکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پێویستە لەم وەزرە یاساییەدا بنێردرێنە پەرلەمانی کوردستان



دوێنێ چوارشەممە 2019/9/18 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبووەوە. لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی ڕێکخستنەوە و هەماهەنگیکردن لە دەروازە سنووریییەکانی هەرێمی کوردستان کرا. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان پێکبهێندرێت بۆ بە یەکەوەبەستنەوەی دەروازە گومرگییەکان بە ئامانجی ڕێکخستنەوە و باشترکردنیان.

بڕگەی دووەمی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە خستنەڕووی بابەتی قەرزە کشتوکاڵییەکان کە 8868 جووتیار سوودمەند بوون لێی بە بڕی 222 ملیار و 533 ملیۆن دینار. ئەنجوومەنی وەزیران هەردوو وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و دارایی ڕاسپارد بۆ پێشکەشکردنی هەموو ئاسانکارییەکی یاسایی بۆ چۆنیەتی گێڕانەوەی قەرزەکان بە شێوەیەک لەگەڵ بارووگوزەرانی جووتیاران بگونجێت.

لە بڕگەی سێیەمی کۆبوونەوەکەدا ڕەشنووسی دووەمی پلانی تەشریعی خرایەڕوو لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا لیژنەیەکی یاسایی پێکبهێندرێت بۆ دەستنیشانکردنی ئەو پڕۆژە یاسایانەی کە پێویستە لەم وەرزە یاساییەدا بنێردرێنە پەرلەمانی کوردستان.

ئەنجوومەنی وەزیران هەروەها گفتوگۆی لەبارەی پێداچوونەوە بە میکانیزمەکانی پاراستنی مافی خاوەندارێتی هزری (قانون حمایه الملکیه الفکریه) کرد بە لەبەرچاوگرتنی ستانداردە جیهانییەکان و پاراستنی خاوەن مافە هزرییەکان لە بوارەکانی هونەری، بازرگانی، پیشەسازی و کشتوکاڵی، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕاسپێردران کە کاری پێویست ئەنجام بدەن.

بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک:

لە هەشت مانگی ڕابردوودا 1343 ڕووداوی ئەمنی جۆراوجۆر لە سنووری کەرکووک ڕوویانداوە



دۆخی ئەمنی لە شاری کەرکووک ناجێگیرە و کردەوە تیرۆرستییەکانیش لە سنووری پارێزگاکە زیادیان کردووە، هاوکات بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووکیش ڕایدەگەیەنێت: لە هەشت مانگی ڕابردوودا1343 ڕووداوی ئەمنی جۆراوجۆر لە سنووری کەرکووک ڕوویانداوە.

بەگوێرەی باسنیوز، عەمیدی مافپەروەر ئیدریس ڕەفعەت، بەڕێوەبەری ئاسایشی کەرکووک ڕایگەیاندووە: بارودۆخی ئەمنی لە سنووری کەرکووک و دەوروبەری، بەداخەوە سەقامگیر نییە و تا دێت کەردەوە تووندوتیژییەکانیش زیاتر دەبن، تەنیا لە هەشت مانگی ڕابردوودا، کەردەوە تووندوتیژییەکان بەتایبەت کاری تیرۆریستیی داعش ڕووی لە زیادبوون کردووە و بەپێی ئەو ئامارانەی کە لەبەردەستی ئێمەدان، وەکوو بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی کەرکووک، لە هەشت مانگی ڕابردوودا 1343 حاڵەتی ئەمنیی جۆراوجۆر ڕوویان داوە و لە کۆی ئەو 1343 ڕووداوانە، 413 حاڵەتی هێرشکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش بووە بۆ سەر سوپای عێراق و حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدراڵی، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە سنووری پارێزگای کەرکووک لە دۆخێکی نائۆقرەییدایە بۆ سەلماندنی ئەمەش هەمیشە دەمانگوت خراپیی دۆخی ئەمنی لە دەوروبەری کەرکووک پاشان دەگوازرێتەوە بۆ سەنتەری پارێزگا، کە بەداخەوە بینیمان لەم چەند ڕۆژی ڕابردوودا، تەنیا لە یەک ڕۆژدا لە کەرکووک و داقووق پێنج تەقینەوە ڕوویان دا، سێ تەقینەوەیان لەنێو سەنتەری شاری کەرکووکدا بوون و بەهۆیەوە کۆژراو و بریندارێکی لێ کەوتەوە و دوو تەقینەوەی دیکەش لە داقووقدا کران.

د. جەعفەر ئێمینکی:

هەوڵێک هەیە بۆ پەراوێزخستنی پارتی لە هەڵەبجە

پێمان باشە بەگوێرەی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن پۆستە ئیدارییەکان دابەش بکرێن



د. جەعفەر ئێمینکی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت، ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان لە جێگرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و وەزیرەکان بەرەو خوارەوە بووە. دەشڵێت: دەمانەوێت لە دانانی بەرپرسانی یەکە ئیداری و بەڕێوەبەرە گشتییەکان کەسانی ئەکادیمی و سەربەخۆ بەشداری پێ بکەین.

د. جەعفەر ئیبراهیم ئێمینکی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی: پۆستی سەرۆکی هەرێم و حکوومەت پشکی حزبی براوە بوون و لە چوارچێوەی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان نەبوون، تەنیا ڕێککەوتن بۆ جێگرانی سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکوومەت و سەرۆکایەتیی پەرلەمان و وەزیرەکان و بریکاری وەزیر و دەستەکان کراوە.

ئێمینکی گوتیشی: بەڕێوەبەری گشتی بەرەو خوارەوە، پەیوەست نییە بە ڕێککەوتنەکانەوە، نەریتێک هەیە لە وەزارەتەکان کاتێک وەزیرێک لە لایەنێک دەبێت، ئەوە لەسەر لیستی ئەو وەزیرە بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە وەزارەتەکە دەستبەکار دەبن، پۆستەکانی خوارەوە وەک گوتمان هێشتا ڕێککەوتنیان لەسەر نەکراوە، بە ڕای من و بڕچوونی پارتیمان، ئەو پۆستانە سەقفێکی حزبی و سیاسییان لەسەر نەبێت و کەسانی پڕۆفیشناڵ و بەتوانا و لێهاتوو دابندرێن و بەپێی سیقی ئەو پۆستانە پڕ بکرێنەوە.

ئەو هەروەها هێما بۆ ئەوەش دەکات: پێمان خۆشە بەپێی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن لە نێوان پارتی و گۆڕان و یەکێتیدا پۆستە ئیدارییەکان دابەش بکرێن، ئاستێکیشی بۆ دیاری بکرێت، ئاستەکانی خوارەوە ئێمە دەڵێین کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، وانەبێت تەواوی پۆستەکانی یەکە ئیدارییەکان ببنە پۆستی حزبی و سیاسی، بۆ دەبێت بەڕێوەبەری ناحیە و قایمقام، سیاسی و حزبی بن، بەو شێوازە پێشبینی ناکەین خزمەت بە خەڵکی خۆمان بکەین، تا بریکاری وەزیر و دەستەکان و بەڕێوەبەری گشتیی دیوانیش، تا ئێرە ماقوڵیەتی تێدایە، لەوە بەدەر ئێمە وەک پارتی هەمیشە تێبینیمان لەسەری هەبووە، پێشتر کردوومانە، بەڵام بە ڕاستمان نەزانیوە، بۆیە دەمانەوێت لەگەڵ لایەنەکاندا بە ئاڕاستەیەکی هاوبەش کەسانی بێتلایەن بەشداربیان لە حکوومەتە خۆجێییەکاندا پێ بکرێت.

لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنی لایەنە سیاسییەکان بۆ دابەشکردنی پۆستەکانی حکوومەتی خۆجێیی و کورسیی ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵەبجە، ئێمینکی گوتی: پێشوو و ئێستاش هەوڵێک هەیە بۆ پەراوێزخستنی پارتی لە هەڵەبجە لە پلە و پۆستەکاندا، بەڵام پارتی پۆستی هەیێت و نەیێت خزمەت بە هەڵەبجە دەکات، هەڵەبجە لە ویژدانی پارتیدایە و ئێمە بێ جیاوازی خەمخۆری خەڵکی هەڵەبجەین و دەمانەوێت خزمەت بە هەڵەبجەییەکان بکەین، پێویستیشە زانکۆ و خزمەتگوزاریی گشتی لەو شارە زیاتر پێش بخرێت، لە ڕێگەی حکوومەتی هەرێم و حکوومەتی لۆکاڵییەوە دەمانەوێت بەشداریکی کارا بین تێیدا، مێژووش سەلماندوویەتی پارتی هەمیشە حزووری لە هەڵەبجە هەبووە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە واقیعی تەنزیمی لەوێ گۆڕاوە، بەڵام پارتی لە ڕووی ویژدانی و سیاسییەوە هەمیشە بایەخ بە هەڵەبجە دەدات.

سەرۆکی لیستی برایەتیی کەرکووک:

لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکانی شارەکە گفتوگۆ دەکەین



سەرۆکی لیستی برایەتیی لە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئاماژە بەوە دەکات کە دەیانەوێت لەگەڵ پێکهاتەکانی دەرەوەی لایەنی کوردی قسە بکەن بۆ ئەوەی پرسی ئەو شارە بەلایەکدا بکەوێت. محەمەد کەمال، سەرۆکی لیستی برایەتیی کەرکوک بە خەباتی ڕاگەیاند: لەبارەی پرسی بەرێزیری پارێزگاری کەرکووکەوە ئێمەش لە ڕاگەیاندنەکانەوە وامان گوێ لێ بووە کە بەغدا ڕازی نییە، بەڵام ئەمە شتی فەرمی نییە. گوتیشی کە لەسەر پرسی کەرکووک دەیانەوێت لەگەڵ عەرەب و تورکمانەکان گفتوگۆ بکەن و لێگەیشتن لەگەڵ بەغدا هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا دەستی بە گفتوگۆ کردووە .ڕاشیگەیاند: دەبێت لەسەر پۆستەکانی ئەو پارێزگایەش ڕێککەوتن بکرێت.

هۆڵەندا.. خەڵاتێک لە بواری ئابووریناسی بەخشرایە کوردێک



ساسان دەروێش- هۆڵەندا

کۆمەڵەی ئابووریناسانی یەکێتیی ئەوروپا کەپێکهاتوون لە دەستەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری ئابووریناسی جیهانی، لە شاری لاهای پایتەختی سیاسیی هۆڵەندا، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتیی ناسراوی ئابووریناس و بازرگان و خاوەن سەرمایەی گەورە، لە مەراسیمێکدا کە سالانە رێکدەخرێت بۆ کەسایەتیی شیاوی بواری ئابووری و سەرکەوتوو لە بواڕەکانی بازرگانی و پەیوەندی بەستن لە نێو وڵاتان، ئەمنسال2019 بەخت یاوەری کەسایەتییەکی ناسراوی سەرکەوتووی کورد بوو، ئەویش عەبدوڵڵا ئەحمەد خەلاتی رێزلێنانی پێپەخشرا.

سەرەتا لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری خەلاتەکە وتارێکیان پێشکەشکرا، تێیدا باسی لە چۆنیەتی بەرێوەچوونی خەلات و کۆمەڵەکەیان کرد و ئاشنایان کرد بەئامادەبووان و تێیدا ناوی کەسایەتیی کوردی، عەبدوڵڵا ئەحمەد سەرکەوتووی بواری ئابوری و پەیوەندییەکان هێندرا کە توانیویەتی لەو پێشکەوتنەی هەرێمی کوردستان و پەیوەندیکردنی لەگەڵ وڵاتانی تر لە بواری بازرگانی و بەرێوەچوونی پێشنگای نێودەوڵەتی سەرکەوتوو بووە و مەرجی پێدانی خەلاتەکەشی تێدایە، بۆیە دەستنیشانکراوە بۆ خەلات و رێزلێنانی ساڵی 2019کە پێشتریش بەخشراوەتە چەندین کەسایەتیی تری وڵاتانی جیاواز.

پاشان عەبدوڵڵا ئەحمەد لە دوای وەرگرتنی خەلاتەکەی لە وتەیەکدا سوپاسی بەگشتی کرد و خۆشحاڵی خۆیشی دەربڕی، هەروەها سوپاسی لیژنەکەی کرد بۆ ئەم بانگهێشتکردنەیان و پێدانی ئەو خەلاتە و ئەویش لەلای خۆیەوە عەبدوڵڵا ئەحمەد بریاری دا خەلاتەکەی پێشکەشی هەرێمی کوردستان و ئابووریناسانی شاری دهۆکی بکات. هەر لەمیانەی مەراسیمەکدا سەردار شەریف کە خاوەنی کۆمپانیایەکە بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و کاری بازرگانی نێودەوڵەتیی لە هۆڵەندا، بۆ خەباتگوتی: جێگای خۆشحاڵییە کوردێک لە هەر بواڕێکدا بێت لەنێو کۆمەڵگە بیانییەکاندا خەلات و رێزلێنانی پێبەخشرێت کە شانازی دەبێت بۆ تەواوی نەتەوەی کورد، ئەمڕۆش کە دەبینین کەسایەتییەکی بە توانا و سەرکەوتووی کورد خەلات دەکرێ لە بواری ئابووری، جێگای دەستخۆشی و پشتگیری زیاترە بۆ ئەوەی زیاترخزمەت بە کورد و کوردستان بکات لە بواڕەکەی خۆیدا.

گوتیشی: ئەگەر بەڕاستی کوردبین و ویژدانمان هەبێت، دەبێت لە پاڵ کارەکەی خۆشماندا کاری خێرخوازیی بە ئەنجام بگەیەنین و لە خۆشی و ناخۆشی گەل و نیشتمانەکەماندا بەشدار بین. بە شاهیدی زۆرینەی کوردانی هۆڵەندا وڵاتانی ئەورووپا کۆمپانیاکەم خستووەتە خزمەتی گەلەکەم هەر لە ناردنەوەی کەلوپەل و جلوبەرگ بۆ ئاوارەکان و کەسوکاری شەهیدانی سەربەرز، بێ بەرانبەر، کە ئەوەش ئەرکێکی بچووکی نەتەوەیی خۆمە بۆ گەلەکەم و پێم خۆشە ئاماژەش بەوە بدەم کە دوو ساڵ لەمەوبەر لەسەروبەری پرۆسەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، سەربەرشتی گرووپێکم کرد کە کەسانی خۆبەخش تێیدا بەشداربوون و لە هۆڵەندا وە گەڕابوونەوە بۆ کوردستان و بەشداربوون لە بانگەشەکردن بۆ ئەو پرسە گەورەیەی نەتەوەیی کورد کە خۆشتان یەکێک بوون لەو کەسە دڵسۆز و خۆبەخشانە بەشداری چەندین چالاکی بووین، بەمەش دڵنیایی و ئومێد دەبەخشین بە گەل و خاکەکەمان کە هەمیشە ئێمەی کوردانی تاراوگە پاڵپشت و هاوکاری کوردستان دەبین. ئەم خەلاتەی ئەمڕۆش لە ڕوانگەی خزمەتکردنە بە کوردستان و بەشداریکردنە لە ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کوردستان کە ئەو پێشکەوتنە زۆرەی کە بەخۆیەوە بینوە، هیوادارم هەموو ئەو سەربازە ونانە بەسەر بکرێنەوە و خەلات بکرێن کە بێبەشە هاندانی کەسانی تر.

عێراق.. دەستەی دەستپاکی گەڕاندنەوەی 135 ملیۆن دۆلاری بۆ وەزارەتی نەوت ڕاگەیاند

دەستەی گشتی دەستپاکی لە عێراق ڕایگەیاند کە دوای گەڕان و بەدواداچوونەکانی لەو سەرپێچییانەی کە لە گرێبەستەکانی نێوان کۆمپانیای دابەشکردنی بەرووبوومە نەوتییەکان و دوو کۆمپانیای وەبەرهێناندا واژووکراون، 135 ملیۆن دۆلاری بۆ وەزارەتی نەوت گەڕاندووەتەوە.

فەرمانگەی لێکۆڵینەوەکان سەر بە دەستەی گشتی دەستپاکی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە گەڕان و بەدواداچوونی کردووە سەبارەت بە گرێبەستەکانی هاوردەکردنی بەرووبوومە نەوتییەکان کە بەهۆیەوە توانیویانە 135 ملیۆن دۆلار بگەڕێننەوە بۆ وەزارەتی نەوت. لە ساڵی 2018دا دەستەی گشتی دەستپاکی لە عێراق ئاشکرای کردبوو کە لە میانی 2017دا، دوو هەزار فەرمانی دەستگیرکردن بە تۆمەتی تێوەگلان لە گەندەڵی دەرکراون.

پەرلەمانتارێکی عێراق:

عەبدولمەهدی بە نیازی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە پرۆژەیە لەگەڵ چین



پەرلەمانتارێکی عێراق ئاشکرای کرد عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران بە نیازی چەند گرێبەستێکە لەگەڵ چین بە شێوەیەک کە ئەم وڵاتە بەرانبەر پێدانی نەوت، پرۆژە بۆ عێراق جێبەجێ بکات.بەگوێرەی باسنیوز، فازڵ فەتلاوی پەرلەمانتاری عێراق لەسەر هاوپەیمانی ئەلفەتح ڕایگەیاندووە کە عەبدولمەهدی لە ترسی ئەوەی پرۆژەکانی داهاتوو گەندەڵی و دزینیان تێبکەوێت، هەوڵ دەدات چەند گرێبەستێکی گەورە و جیاواز لەگەڵ وڵاتی چیندا ئیمزا بکات، بە شێوەیەک لە بەرانبەر جێبەجێکردنی هەر پرۆژەیەکدا، عێراق بڕێکی دیاریکراو لە نەوت بدات بە چین. گوتیشی عەبدولمەهدی بە نیازە لە ڕێگەی گرێبەستەکانیەوە، 20%ی داهاتی هەناردەی نەوتی عێراق بۆ چین تەرخان بکات بۆ ئەم پرۆژانەی کۆمپانیاکانی وڵاتی چین لە عێراقدا جێبەجێیان دەکەن.بە گوتەی پەرلەمانتارەکە، لە ئێستادا 100 هێڵی بەرهەمهێنانی کارگەکانی عێراق وەستاون، عەبدولمەهدی هەوڵ دەدات لەگەڵ چیندا ڕێکبکەوێت ئەم کارگانە بخاتەوە کار.



تورکیا.. تەقینەوەی کارگەیەکی بەرهەمهێنانی مادەی کیمیایی لە ناوچەی توزڵای باشووری ئیستانبوڵ

دکتۆرە نوها کرمستچی بۆ خەبات

هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی گونجاوی گفتوگۆی ئایین و نەتەوەکانە

لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاگاداری بونیادنانەوە و سەقامگیریی هەرێمی کوردستانم



خەبات- مەریوان نەقشبەندی

دکتۆرە نوها کرمستچی مامۆستای زانکۆی بەحرەین و چالاکوانی بواری گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بۆ ڕۆڵی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە دەربازکردنی کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان لە چەقبەستوویی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەمنی دەکات و دەڵێت: هەرێمی کوردستان زەمینەیەکی گونجاوی گفتوگۆی نێوان ئایین و نەتەوە و مەزهەبەکانە.

دکتۆرە نوها لە درێژەی لێدوانە تایبەتەکەی بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەداخەوە هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە سەردانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکەم، بەڵام بەهۆی پەیوەندی بەردەوامم لەگەڵ کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنفکری هەرێمی کوردستان و لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە موتابەعەیەکی زۆرم لەسەر ڕەوشی ئەم هەرێمە هەیە و ئاگام لەو جیاوازییە گەورەیەی ژیان و بونیادنانەوە و سەقامگیری ئەمنی نێوان هەولێر و بەغدا هەیە.

ئەم خاتوونە بەحرەینیە هەروەها دەڵێت: هێزی کۆمەڵگەکان بە ژمارەی سەرباز و فەرمانبەرانی حکوومەت و ئەو داهاتە نییە کە بەهۆی نەوتەوە دەستی خەڵک دەکەوێت، بەڵکو هێزی کۆمەڵگە بەفیربون و هۆشیاری و ڕۆشنبیری تاکەکانیەتی و هەماهەنگی و پێکەوە کارکردنی پێکهاتەکانیەتی کە ئەمەش لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زۆر کەمە و هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی دەوڵەت بێت و لەگەڵ ئەو کێشە زۆرانەی دوچاری بووەتەوە بەڵام زەمینەیەکی زۆرباشی پێکەوەژیان و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی لە ناوخۆ و تەنانەت لەگەڵ نەتەوەکانی دەوروبەریشیدا دروستکردووە، ئەمە جگە لە ڕۆڵی بەرچاوی ئافرەت لە کایە سیاسی و تەشریعییەکان و لە ڕێکخراوەکانیشدا کە ئەمانە هەموی ئاماژەی گەشبینانەمان بۆ ئایندەی هەرێمی کوردستان دەداتێ.



ڕۆبەرت ئۆبراین

وەک ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا دیاریکرا

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ڕۆبەرت ئۆبراینی وەک ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا دەستنیشانکرد و بەو جۆرەش ئۆبراین جێگەی جۆن بۆڵتنی گرتەوە.

ڕۆبەرت ئۆبراین لە لۆس ئەنجلسی کالیفۆرنیا لەدایکبووە، بڕوانامەی لە یاسا لە زانکۆی کالیفۆرنیا بەدەستهێناوە و لە 2005 لەلایەن جۆرج بووشی کوڕەوە وەکو نێردەی ئەمەریکا لە نەتەوەیەکگرتووەکان دیاریکرا. پێش ئەم پۆستە نوێیەشی، ئۆبراین نێردەی تایبەتی سەرۆکی ئەمەریکا بووە بۆ کاروباری بەبارمتەگیراوەکان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

بەگوێرەی تۆڕی میدیایی ڕووداو، ترەمپ لە تویتێکدا لە بارەی دیاریکردنی ئۆبراین ڕایگەیاندووە: خۆشحاڵم کە ڕۆبەرت ئۆبراین وەکو ڕاوێژکاری نوێی ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەمان ڕادەگەیێنم کە ئێستا نێردەی تایبەتی سەرۆکایەتی ئەمەریکایە بۆ کاروباری بەبارمتەگیراوان لە وەزارەتی دەرەوە، بۆ ماوەیەکی زۆر باش کارم کردووە لەگەڵ ڕۆبەرت، ئەو کاری گەورە ئەنجامدەدات.

دیاریکردنی کەسێکی نوێ بۆ پۆستی ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمەریکا لەکاتێکدایە 10ی ئەم مانگە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمەریکا لە تووێتەرەوە دوورخستنەوەی جۆن بۆڵتن، ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی لە پۆستەکەی ڕاگەیاند، جۆن بۆڵتنیش لە وەڵامدا ڕایگەیاندبوو، خۆی داوای وازهێنانی کردووە نەک دوورخرابێتەوە.

فەرەنسا تیمێکی لێکۆڵینەوەی پسپۆڕ ڕەوانە سعوودییە دەکات

سعوودییە: هەناردەکردنی نەوت گەڕاوەتەوە ئاستی خۆی



وەزیری وزەی سعوودییە، عەبدولعەزیز بن سەلمان رایگەیاند کە ئاستی هەناردەکردنی نەوت بۆ بازارەکانی جیهان گەڕاوەتەوە ئاستی پێش ئەو هێرشەی کە کرایە سەر هەردوو دامەزراوەکەی کۆمپانیای ئارامکۆ.

عەبدولعەزیز بن سەلمان لە شاری جیددە ڕۆژئاوای سعوودیە بۆ ڕۆژنامەوانان دوا و گوتی: کۆمپانیای ئارامکۆ بەڵێندواوە لە میانی ئەم مانگەدا لە ڕێگەی عەمبارکراوەکانەوە، نەوت هەناردە بکات. وەزیری وزەی سعوودییە ئاماژەی بەوەیشکرد کە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کۆتایی ئەم مانگەدا، دەگاتە 11 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا و لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمی داهاتووش دەگاتە 12 میلۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. وەزیری وزەی سعوودییە، عەبدولعەزیز بن سەلمان گوتیشی: هەناردەکردنی نەوتمان لەم مانگەدا، هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نایەت.

هاوکات سەرکۆماری فەڕەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن لە میانی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییدا لەگەڵ جێنشینی سعوودیە، شازادە محەمەد بن سەلمان بەڵێنی دا تیمێکی پسپۆڕ بۆ هاوکاریکردنی سعوودیە بنێرێت لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی پەلامارەکەی سەر وێستگە نەوتییەکانی سعوودیە ئارامکۆ.

بەپێی ڕاگەیەنراوێکی کۆشکی ئەلیزێ، ماکرۆن پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی لەگەڵ بن سەلمان ئەنجامداوە. ماکرۆن لە پەیوەندییەکەدا ئیدانەی پەلامارەکانی سەر وێستگەکانی ئارامکۆی کردووە و جەختی لەسەر هاوخەمیی وڵاتەکەی بۆ سعوودیە کردووەتەوە. ناوبراو جەختیکردووەتەوە کە وڵاتەکەی گرنگی بە ئاسایشی ناوچەکە و سعوودیە دەدات و تیمێکی پسپۆڕ بۆ هاوکاریکردنی سعوودیە دەنێرن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی پەلامارەکەی سەر وێستگە نەوتییەکانی ئارامکۆ.

ڕۆژی شەممە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرش کرایە سەر دوو وێستگەی نەوتی کۆمپانیای ئارامکۆ و لە ئەنجامدا ئاگر لە وێستگەکان کەوتەوە. لەکاتێکدا هێرشەکان زیانی گیانییان بەدواوە نەبوو، و هیچ لایەنێکیش بە ئەنجامدانیان تۆمەتبار نەکرابوو، حووسییەکانی یەمەن ڕاگەیەنراوێکیان بڵاوکردەوە و ئاشکرایانکرد لە ڕێگەی 10 دڕۆنەوە هێرشیان لە سعوودیە ئەنجامداوە.

حووسییەکانی یەمەن کە ئێران پشتگیریی دەکات، لە ماوەی ڕابردوودا چەندین هێرشی مووشەکییان بۆسەر سعوودیە ئەنجامداوە کە لە لایەن سیستمی بەرگریی ئاسمانیی سعوودیەوە پووچەڵکراونەتەوە، هاوکات جار جارەش لە سعوودیە کردووەتەوە. ناوبراو جەختیکردووەتەوە کە وڵاتەکەی گرنگی بە ئاسایشی ناوچەکە و سعوودیە دەدات و تیمێکی پسپۆڕ بۆ هاوکاریکردنی سعوودیە دەنێرن لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەبارەی پەلامارەکەی سەر وێستگە نەوتییەکانی سعوودیە دەکەن، بەردەوامە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا هۆشداری دەداتە هاووڵاتییانی وڵاتەکەی لەبارەی گەشتکردنیان بۆ سعوودیە

گرووپەکان بەردەوامن لە پلانی ئەنجامدانی هێرش بۆسەر سعوودیە

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا داوای لە هاووڵاتییانی کردووە کە لە میانی گەشتکردنیان بۆ سعوودیە نزیک نەبنەوە لە سنووری سعوودیە لەگەڵ یەمەن، ئەویش بەهۆی مەترسی ئەو هێرشانەی کە بە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە دەکرێنە سەر ئامانجەکانی مەدەنی لە سعوودیە.

وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردووەتەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە کردووە کە گرووپە تیرۆریستییەکان بەردەوامن لە پلانی ئەنجامدانی هێرش بۆسەر سعوودیە و ڕایگەیاندووە کە لەو باوەڕدایە تیرۆریستان هێرش بکەنە سەر ناوچە گەشتیارییەکان، هەروەها ناوەندەکانی گەیاندن و بازرگانی و دامەزراوە حکوومییەکانی سعوودیە. لە ڕاگەیەندراوەکەدا داوا لە هاووڵاتییانی ئەمەریکا کراوە کە لە میانی گەشتکردنیان بۆ سعوودیە نزیک نەبنەوە بە دووری 80 کیلۆمەتر لە سنووری ئەو وڵاتە لەگەڵ یەمەن، ئەویش بە هۆی ئەگەری ئەنجامدانی هێرشی تیرۆریستی و شەڕ و پێکدادانەکانەوە. هەروەها لە ڕاگەیەندراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەی کە ئێران فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، مووشەک و گوللە هاوەن بۆ حووسییەکان و گرووپەکانی دیکە لە یەمەن دابین دەکات و جەختکراوەتەوە لەسەر ئەوەی کە حووسییەکان بەردەوامن لە پلانی ئەنجامدانی هێرش بۆسەر ناوچەکانی سعوودیە. ئەمەش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی شەممەی ڕابردوو حووسییەکان ڕایانگەیاندبوو کە بە10 فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، هێرشیانکردووەتە سەر دوو دامەزراوەی نەوت سەربە کۆمپانیای ئارامکۆ. ئەو هێرشانەی حووسییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەرێمیی بەتوندی ئیدانەکرا و لای خۆیەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ئێرانی بە ئەنجامدانی هێرشەکان تۆمەتبارکرد.



یەکێتیی ئەورووپا هۆشداری دەداتە ئیسرائیل

یەکێتیی ئەورووپا لەبارەی مشتومڕەکانی دوای ڕاگەیاندنی پلانی ئیسرائیل بۆ بنیاتنانی یەکەی نیشتەجێبوونی نوێی جولەکە لە دۆڵی ئوردن ڕایگەیاند: یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لەسەر چاودێریکردنی بابەتەکە و لە ئەگەری هەر هەنگاوێکدا، هەنگاوی پێویست لە دژی دەنێت.

فیدێریکا مۆگێرینی ڕاگەیەنراوێکی بڵاوکردەوە و کاردانەوەی دژ بە پەسەندکردنی پلانی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی جولەکە لە دۆڵی ئوردن لەلایەن حکوومەتی ئیسرائیلەوە نیشاندا.

لە دەقی ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە یەکێتیی ئەورووپا جەخت دەکاتەوە کە تەواوی یەکە جولەکەنشینەکان لەنێو خاکی فەلەستینیدا پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتییەکان و بانگەواز لە ئیسرائیل کراوە کۆتایی بە چالاکییەکانی بهێنێت لەو چوارچێوەیەدا.

ڕاگەیەنراوەکە لەبارەی مشتومڕەکانی دوای ڕاگەیاندنی پلانی ئیسرائیل بۆ بنیاتنانی یەکەی نیشتەجێبوونی نایاسایی نوێی جولەکە لە دۆڵی ئوردن، جەخت دەکاتەوە یەکێتیی ئەورووپا بەردەوام دەبێت لەسەر چاودێریکردنی بابەتەکە و لە ئەگەری هەر هەنگاوێکدا، هەنگاوی پێویست لە دژی دەنێت.



تەمپ سزا ئابووریییەکان لەسەر ئێران زیاد دەکات

دۆنالد تەمپ سەرۆکی ئەمەریکا سزا ئابووریییەکان لەسەر ئێران زیاد دەکات و بۆ ئەمەش فەرمانی بە خەزێنەی وڵاتەکەی کردووە سزاکان بۆ سەر ئێران زیاد بکرێن.

بەگوێرەی دەنگی ئەمەریکا دۆنالد تەمپ، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ڕایگەیاندووە فەرمانی بە وەزارەتی خەزێنەی وڵاتەکەی کردووە سزا ئابووریییەکانی سەر ئێران زۆر زیاتر بکات. دۆنالد تەمپ دوێنێ چوارشەمە ڕایگەیاندووە: ڕێنمایی وەزیری خەزێنەم کردووە کە سزاکانی سەر دەوڵەتی ئێران ئێجگار زیاتر بکات.

ئەمەریکا لە ئێستادا سزای ئابووری توندی بەسەر ئێراندا سەپاندووە کە بە شێوەیەکە هەناردەی نەوتی بۆ ئاستێکی زۆر کەم دابەزاندووە، بەڵام تا ئێستا ڕوون نییە سزا نوێیکانی تەمپ چین و چۆن دەبن!

هێرشەکانی ڕژێمی ئەسەد بۆ سەر ئیدلب بەردەوامە

لە سووریا تۆپبارانکردنی ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە گوندەوارەکانی باشووری ئیدلب لەلایەن ڕژێمی بەشار ئەسەدەوە دریژەی هەیە. ڕژێمی ئەسەد دریژەی بە هێرشی وشکانیی بۆ سەر ناوچەکانی نیشتەجێبوون لە ژمارەیەک ناوچەی هەریەک لە پارێزگاکانی ئیدلب و حەما، دا. هێزەکانی ڕژێمی ئەسەد دوێنێ بەیانی دەستیان بە تۆپبارانکردنی هەریەک لە شارۆچکەی کەفرەنبیل و گوندەکانی مەعرەتحرمە، تەرمەلا، ڕەقایە، کەفر سەجنە، ئوم سەیر، شێخ موستەفا، نوقێیر و عورێنیبە لە ئیدلب، کرد. ڕژێمی ئەسەد گوندەوارەکانی حەماشی کردە ئامانج و هەریەک لە گوندەکانی سرمانییە و مەنسورەی تۆپبارانکردووە.

شەنگە هاوارکاکەیی*

لە ساڵیادی ڕێفراندۆمدا

با هەموومان لە هێزی پاراستنی نیشتمانی بین

لە قۆناغە جیاوازەکانی زەمەن هەر قۆناغێک کە تێپەڕ دەبێ هەڵگری خەسڵەت و ئەدگار و سیماو مەدلوولاتی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو بەروار و شوێن و کات و کەشی گوزەراندن، ئەوەی جێگەی تێڕوانینینە کاتێک سەرنج دەکەوێتە سەر بەشە مەینەتییەکان و ئەو نەهامەتیانەی کەوا گەلەکەمان تێیپەڕاندووە هەروەها کە لاپەڕە ڕەشەکانی مەزڵوومیەت هەڵدەدرێتەوە دەبینین ئاسەواری گیرۆدەییەکان کەوا دەرهاوێشتەی ئیفرازاتی ئەو نادادپەروەریانەن کەوا لە مەغبوونیەتی گۆڕەپانی سیاسەت ڕووبەڕوویان بۆتەوە لە ئاقارێکی نازانستیانەی بێ مەدرەکی هەستی نەتەوەییدا گۆڕەپانی واقیعیەتیان گەرم کردووە، لەوانە پەرتەوازەیی نێومااڵی کورد و شەڕی براکوژی و شەڕی خاکفرۆشی و ...هتد، کە بوونەتە هۆکارێک بۆ تەشەنەی ناشرینی لە فەزای سیاسەتدا و لە دەرئەنجامیشدا کەلەکەبوونی کۆمەڵێک پەڵەو مۆرکی نادروست، لەوانە لەکەدارکردنی دەزگا ئەمنییەکان و بڤە ناوزەدکردنییان لەنێو جەماوەر بەشێوەیەکی گشتی و لەنێو جەماوەری پارتی دایک و کادیرانی پارتیش بەشێوەیەکی تایبەتی، تا ڕادەی شوبهاندنیان بەدەزگا داپلۆسێنەرەنەکانی حیزبی بەعسی تۆبیاتاریی فەردیی کەبریتی بوو لەسیاسەتی گڕو ئاسن و ئاگر و فەنا بوون بۆ وەلانان و لەناوچوونی ناسنامەی تاکی کوردی بێئاگا لەو ڕاستیانەی کەوا دەزگای پاراستنی نیشتمان بریتییە لە دڵ و شادەماری مەملەکەتی سەربەخۆیی کوردستان، ئەم دەزگایانە مااڵی سەرۆک بارزانییە هۆی دامەزراندنیان بۆ پاراستنی ئاو و هەواو خاکی نیشتمانە. بۆیە ئەم خۆخەواندن و خۆخزاندنە لەنێو ئەم ڕەهەندە شاراوانەدا جیاکاری و جیاوازی ئەم گۆڕەپانەیە چ بۆ ڕاگرتنی باڵانسی قورسی هاوکێشەکان لەم ناوچە پڕ مینەدا و چ لە گەمەی دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان و دەوڵەتانی دەرودراوسێ، لەپارێزی نواندنی بەرژەوەندی خوازان و بۆ سازش بوون و بۆ داکۆکی کردن لەم مافپارێزییەی خۆیان وەکو وەاڵمگرەوەو بۆ دەستەبەربوونی مافی گەلێکی یەکسانیخواز، کەوا هەمیشە بە بەرچەستەبوونی جەور و ستەم و بە ئاگر و بە ئاسن و زیندان وەاڵمی داخوازییەکان دراوەتەوە.

لەمپەردانان و پەکخستنی ئەزموونی گەشەی دیموکراسییەتی کوردی هەمیشە لە موتلەقی ئەرکەکانی ئەم تاقمە هێز ڕووخێنەرە بووەو ئەولەوییەتی کارو مەهامیان لە سکێجوڵی بەرژەوەندی خۆیان بەناو جەماوەر پەرت و بڵاوئەکەنەوە. هەر بۆیە ئەم تاکەرەویی و فەردییەت نواندنە لەماهیەتی پووچی سیاسەتیان بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خودین کە بەگەندەڵی فیکر و ئەندێشەو دەست و زمان لەئەمڕۆماندا ناوزەند کراوە. هەروەها کاریگەریی ئەم ئەلتەرناتیڤانە دەرئەنجامەکانی بەسانایی دەخوێندرێتەوە.... بە داتەپین و شێواندنی ناخی تاکی کوردی بەم ناو و ناتۆرانەی کە بەڕیان و بەم ناوین و ناوزڕاندنەی ئەم دەزگا نیشتمانییانەی کە لەخەمی ئاو و خاک و خۆڵی ئەم هەرێمەدا بە شەونخوونی و قوربانیدان خۆیان لەخەمەکانی نیشتمان و لەژینگەیەکی پر لەواتابوون بەپرسەکانی مافی مرۆڤ و کایەبەرزەکانی ژیان جهوودیان رسکاوەو دامەزراون. وەلێ نەیارانمان لەپێناو بەتاڵکردن و خاوبوونەوەی ئەو خەونە گەورەیە هەمیشە تیغیان تێژبوو بۆ سەربڕینمان و بۆ بینینی تکانی خوێن لە جەستەی نیشتمانی بریندارمان و بۆ ئەو خۆزگەیەش کەوا لە ئەندیشەو هزری تاکی کوردیدا گەرمە کە خەونی دەوڵەتێکی بەهێزە لەم ناوچەیەدا.

ئەم بێ ئاگاییە خۆی لەخۆیدا نەهامەتییەکی مەعنەویی بنبڕ و قڕکەرە بۆ کوشتنی هەستەوەریی سووری وەرچەرخاندنی قۆناغەکان لە هەر زەمەنێک کە مەزندە دەکرێت بەوەی مەدلوول و ئاراستەو پێدراویستی کە خۆی دەبینێتەوە لە داتای زانست و زانیارییەکان و لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریەکی هاوچەرخ. زۆر جاریش ئەم ئاریشانە دووڕەپەریزی دروست دەکا. دیارە لەم تەوەردا فۆکس بۆ مێژووی کۆن نییە، چوونکە سەیروورەتی زەمەن و چرکەکانی هاوچەرخن لەتازەگەرایی لە ئەمڕۆدا... ئەم کات و ئان و ساتەیە... کەتێپەڕ دەبێ واتا ئەمڕۆیە، ئەم کاتەیە، ئەم قۆناغ و ئەم چرکە هەستیارەیە، کەوا گەلەکەم تێدەپەڕێنێ لە گوزارشتە. بەواتا ئانیەت و زەمەن پارسەنگی نیشتمان لەدەست لەملانێیەکن، نەخاسمە لە قۆناغی سەربەخۆییدا.

ئێستاکە کە لە دووەمین ساڵیادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆین، ئەوەی مەبەستە بگوترێ قۆناغێ هاوچەرخ بوون پڕە لە خوێنی ڕیفرێش بوون و سەقامگیری دەروونی بۆ پرسی سەربەخۆیی. ئەگەر لە ڕابردوودا ڕووی ڕاستیی دەزگایەکی وەک دەزگای پاراستن نەدەکەوتە بەر دیدەن، ئەوە ئەمڕۆ کات گونجاوە بۆ بینینی ڕووی گەشی ئەرکەکانی لە داڕشتنی پلانی سەربەخۆیی و بۆ هەڵوەدانی مااڵناوایی بوون لە مەدلوولە کۆنەکەی ئەو ناو و ناتۆرانە. حەیفە هەمووماان نەڵێین پاراستنین، چوونکە ئەم دەزگایە سەرچاوەی داتاو زانیاریە سەبارەت دڵسۆزانی نیشتمان، ئەوانەی تێوە نەگااون بەپەتای گەندەڵی، هەر لە ڕێگەی ئەم دەزگایەوە بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی پلانی سەربەخۆیی کەوتە بواری جێبەجێ کردن. ئەو دەزگا گرنگە، تاکە دەزگایە داتاو زانیاریی دروستی هەیە دەربارەی ستراتیژیەتی نیشتمانی... تاکە دەزگایە متمانە بەدڵ و دەروون دەبەخشێ و پێتمان دەڵێ "ئایندەی نیشتمانم هەر سەربەخۆییە". ئەگەر کارنامەی دەزگای پاراستن پاراستنی سەرومااڵی تاکی کوردی بێ، وەئەگەر پاراستنێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شەڕی داعش هەڵتەکاندنی عەرشی فیرعەونەکان بێ، کەواتە بۆچی لەم قۆناغەدا بانگەشەی پاراستن و نیشتمانپەرستن بەرپا نەکەین! قوربانیدان لەپێناو شەونخوونی بۆ خەونەکانمان و بۆ ژیانێکی پڕشکۆ و شەرافەتمەندی بۆچی پاراستن نەبین؟ بۆ تێکۆشانی گومەزی مەعبەدخانەی گەندەڵکاران بۆچی پاراستن نەبین؟ بەڵێ قۆناغی تازەمان قۆناغی پاراستنی نیشتمانییە، ئەوە سەرۆک بارزانییە دامەزرێنەری سەرحی کوردیە... ئەوە سەرۆک بارزانییە بناغەی بە خوێن و بە گیان بناغەی هەڵکۆڵدراوە... ئەوە سەرۆک بارزانییە لە دوو جەنگی نەخوازراودا لە ڕووبەڕووبوونەوەیەو لە یەک کاتدا شەڕی داعش و شەڕی گەندەڵکاران دەکات... بۆیە بریتیبوونی ئەم قۆناغە هەستیارە پاراستنی نیشتمانییە.

لەم سۆنگەیەدا با بە گەنج و لاو و پیرەوە، هەنگاوەکانی سەرۆک بارزانی بەرز و پیرۆز بنرخێنین... ئەوەی لە قۆناغی سەربەخۆییدا قەڵغانی نیشتمانم نابینێ و ڕۆڵی هێزی پاراستن بەنەنگی بوون دەخوێنێتەوە با هەمیشە لە بەرەی گەندەڵی و شەرمەزاریی مێژووییی خۆی بخوێنێتەوە.

*** ماستەر لە یاسای گشتی**

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان

بەڕێز مەحمود عیسا جاف

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاکەکۆچەر ی کوڕتان و یەکێک لە کارمەندە دڵسۆزەکانی دەزگای خێرخوازیی بارزانی- مان پێگەیشت. خوالێخۆشبوو کۆچەر مەحمود عیسا جاف کادیرێکی دڵسۆز و چالاکی پێشووتری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بوو، دواتر وەک کارمەندێک لە خزمەتی دەزگای خێرخوازیی بارزانی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو. بەم بۆنە خەمناکەوە، سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێزەکەتان دەکەین و هاوخەمی بۆ ئێوە و خزم و دۆستان و هاوکارانی خوالێخۆشبوو لە دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەردەبڕین. خودای گەورە خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

بارەگای بارزانی

***

خانەوادەی بەڕێزی خوالێخۆشبوو حاجی عەلی زێوەیی

هەواڵی دواکۆچی کەسایەتی بەڕێز و تێکۆشەر حاجی عەلی زێوەیی باوکی ڕۆژنامەنووسانی بەڕێز عەبدولوهاب عەلی، عەبدولڕەزاق عەلی و بەرهەم عەلی، خەمباری کردین، بە ناوی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان- دوە هاوخەمی خۆمان دەردەبڕین و لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێزیشەوە پرسە و سەرەخۆشی لە تەواوی خانەوادە تێکۆشەرەکەتان و خزمان و دۆستان دەکەین. گیانی خوالێخۆشبوو ئارام، دواخەم و ناخۆشی بێت.

إنا لله و إنا إليه راجعون

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان

حکوومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگا دەرەکییەکان نۆژەن دەکاتەوە



دوێنێ، کرمانج عزەت، قایمقامی سۆران لە هەژماری تایبەتیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبووک نووسیویەتی: هەڵمەتێکی فراوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ نۆژەنکردنەوەی ڕێگا دەرەکییەکان لە هەفتەی داهاتوو دەست پێدەکات، کۆمەڵێک ڕێگای گرنگی دەڤەری ئێمەی تێدایە. قایمقامی سۆران ئاماژەی بەوەش داوە، کە ئەو ڕێگایانەی سنووری سۆران نۆژەن دەکرێنەوە، بریتین لە: ڕێگای خەلیفان- گەلی عەلی بەگ- سۆران بە درێژیی 15 کیلۆمەتر. ڕێگای سۆران- ڕواندز - چۆمان- حاجی ئۆمەران بە درێژیی 70 کم. ڕێگای خەلیفان- بالیسان بە درێژیی 24 کم. ڕێگای سپیلک- خەلان- بارزان بە درێژیی 17 کم. ڕێگای سپیلک - خەلیفان بە درێژیی 14 کم. ڕێگای مەزنێ- میرگەسۆر بە درێژیی 17 کم. ڕێگای شێخان - بییل - مەران بە درێژیی 10 کم.

ئافرەتا کورد ژ سەردەمێ شورشێ تا ئەڤرو بارەکێ گران لسەر ملی بویە



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقا ئێک ب ئاماددەبوونا بەرپرسێ نڤێسینگەها ڕێکخراوێن جەماوەری و پیشەیی کومبوون دگەل ئەنجومەنێ ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ یێن دەوربەری دهوکێ ساز کر، دڤی کومبونێدا بەرپرسێ لقێ ئاماژە دا ڕۆلێ ئافرەتا کورد هەر ژ دەمێ شورەشێ هەتا نوکە د داموددزگایێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا ئافرەتا کورد ڕولەکێ مەزن گێرا و هندا ژی خلفا سێدارێ تەوافکریە دڤێ دوزێ ڕا، ئەڤروژی ئێکەتیا ئافرەتێن کوردستانێ دیکەفتییێن هزر و بیرێن وێ ئافرەتێ بن و ژ ئەنجامدانا کار و چالاکیان و خزمەتکرنا ئافرەتا کورد. ژ ئالیەکی دیڤی بەرپرسێ لقێ گوهداریا خواست و پێتڤی و گلە وگازندێن وان، ئافرەتێن ئامادەبوی سوپاسیا بەرپرسێ لقێ کر بو وێ پشتەڤانیا لوان کری و گوت: ئەڤ هاریکاریە و پشتەڤانیا هەوە بو مە ڕۆح و تێهنەکا دی دا مە و ئەم سوزێ ددەین کو ب شەڤ و ڕۆژ د خزمەتا ڕێبازا پارتا خوە دابین.

هەولێر... پێشانگای خانووبەرە و کەرەستەی بیناسازی کرایەوە



کۆمپانیایانەش هەموویان پڕۆژەی تازەیان هەیە. گوتیشی: ئەو کۆمپانیایانە ئامار و داتای تازەی بواری خانوبەرە و گەشەکردنی ئاوەدانیمان بۆ دابین دەکەن، چونکە تا ئێستا هیچ ئامارێکی فەرمی نییە، کە پێمان بڵێ ئاستی داکشان و هەڵکشانی ئەو پڕۆژانەی خانوبەرە چ وبەرهێنان، یان خۆکردی هاوواڵاتیان چۆنە و بە چ شێوازێکە، پێشانگاکە ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت.

به مەبەستی گەشەپێدانی کەرتی خانوبەرە و چۆنیەتیی بەرهەمهێنانی کەرەستەکانی بیناسازی لە کوردستان، پێشانگای خانوبەرەی هەولێر کرایەوە.

دوێنێ چوارشەمە 2019/9/18 لە هەولێر پێشانگای خانوبەرەو کەرەستەی بیناسازی کرایەوە. لەمبارەیەوە سۆران قادر، سەرپەرشتیاری پێشانگاکە بە باسینوزی ڕاگەیاند: ئەم پێشانگایە 150 کۆمپانیای ناوخۆیی و 10 وڵاتی جیهان تێیدا بەشدارن، ئەو سالە هەموو ڕێک ب دوماهیک بهێت وبکەڤیتە دخزمەتا وەلاتیێن کوردستانێ دا، حکومەتا هەرێما کوردستانێ کۆژمێ 80 ملیون دولارا بو پروژەی تەرخانکرینە وپشتی پروژە ب دوماهی دهێت هاتن وچون ژدهوک بو هەولێرێ دێ ئاسانتر لێ هێت و نێزیکی نیف دەمژێرێ ڕێک دێ کورترلێ هێت وروداێن هاتن وچونێ ژی دێ کێمتر لێ هێن.

پێنج کیلۆمەتر بێن ڕێکا سەرەکی یا دهوک ـ هەولێر هاتە ڤەکرن



دوهێ ب ئامادەبونا خاتون خەدیجە محەمەد ڕێڤەبەرا فەرمانگەها ڕێک وپرا ل قەزا دهوکێ و ڕێڤەبەرێ ناحیا ڕوڤیا و زکری بارزانی سەروکێ کومپانیا کاڤێن گروپ 5 کم بێن ڕێکا سەرەکی دهوک- هەولێر ژ ڕوڤیا بو چەمەیی هاتنە ڤەکرن و کەتنە خزمەتا هاتنوچونا وەلاتییان دا.

هەژی گوتنێیە ڕێکا سەرەکی یا دهوک بو هەولێر ژ ڕوڤیا هەتا گوپالی و چەمەی 22 کم هەموو دوو سایدیی یە و 26 مترا یا فرەهە و هەتا نوکە 70% هاتیە بجهـ ئینان وئەڤرو 20195/9/18 کم ل هەمبەر هاتن وچونا گشتی یا وەلاتییان هاتنە ڤەکرن ، ڕێکا ناڤبری هەموو ل دیڤ پێڤەرێن ئەندازیاری دهێتە چێکرن وحەفت ئوڤر پاس و 90 قەنتەرا بخوڤە دگریت وهەموو جوت سایدە ودهێتە چاڤەڕێکرن ل دوماهیا ئەڤ ساڵە هەموو ڕێک ب دوماهیک بهێت وبکەڤیتە دخزمەتا وەلاتییێن کوردستانێ دا، حکومەتا هەرێما کوردستانێ کۆژمێ 80 ملیون دولارا بو پروژەی تەرخانکرینە وپشتی پروژە ب دوماهی دهێت هاتن وچون ژدهوک بو هەولێرێ دێ ئاسانتر لێ هێت و نێزیکی نیف دەمژێرێ ڕێک دێ کورترلێ هێت وروداێن هاتن وچونێ ژی دێ کێمتر لێ هێن.

شێخان... دوو هولێن خولێن پیشەیی هاتنە دورستکرن

خەبات ـ ئالان شەهاب: لژێر چاڤدێری و ئامادەبوونا سردار یەحیا عەبدلعەزیز قائیمقامێ قەزا شێخان ب بەرهەڤبوونا مەحمود ئیزدی بەرپرسێ لقا بیست شێخان دگەل شاندەکێ کارگێرێن لقێ و بەرپرسێن نڤیسینگەهێن سەر ب لقێڤە و وارن فورد ڕێڤەبەرێ کومپانیا DNO و جەمال ئوسمان ڕاوێژکارێ وەزیرێ سامانێن سروشتی بێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ، کومپانیا DNO یا بەرهەم ئینانا پترۆلێ ل دەڤەرێ دوو هولێن خولێن پیشەی ژ وانا هولەکا کومپیوتەری و هولەکا جوانکاریا ئافرەتان و سەرتراشخانەک هاتن دروستکرن و هەموو پێێداویستی یێن خولا تێدا هاتن دابین کرن دیسان دوو خول هاتن ڤەکرن .

د دیماهیکا هەفتەمین فلمە فیستەڤالا دهوکێ چەند فلم و ئەکتەر هاتنە خەلاتکرن



خەبات ـ دهوک:

ئێڤاریا ڕوژا 2019/9/16 ڕێوڕەسمێن گەرا حەفتی یا فلمە فیستەڤالا دهوکێ یا نێڤدەولەتی ل هۆلا کۆنفرانسان ل زانکۆیا دهوکێ ب پشکداریا زێدەتر ژ 120 هونەرمەند و سینەماکاران ژ هەر چار پارچێن کوردستانێ و بیانی و ب بەرهڤبوونا هژمارەکا مەزن یا خەلکێ دهوکێ و دەزگەهێن ڕاگەهاندنێ ل کوردستانێ ب دوماهی هاتن، فیستەڤال بۆ ماوێ هەشت ڕۆژان یا بەردەوام بوو، ل دەستپێکێ تابلۆیێ پێکڤە ژیانێ ژ ئالیێ تیپا دهوکێ یا هونەرێ مللی ڤە هاتە پێشکێش کرن، لدوڤدا خەلات هاتنە هاتنە دابەشکرن. خەلاتێ ڕێزلێنانێ بۆ فلمێ کامیۆن هاتەدان، یێ دەرهێنەرێ کورد کامبۆزیا پارتۆڤی، پاشی خەلاتێ بەلگێ زێرین بۆ باشترین کورتە فلمێن کوردی هاتە دان بۆ فلمێ زەشیپەر یێ دەرهێنەر بروا وەهبێژر، دیسان خەلاتێ ژووریا کورتە فلمێن کوردی هاتەدان بۆ فلمێ ڤە هیڤی بوردن یێ دەرهێنەر یلماز ئۆزدل، هەروەسا خەلاتێ بەلگێ زێرین بۆ باشترین کورتە فلمێ بیانی هاتەدان بۆ فلمێ فاتیا یێ دەرهێنەر ماربۆن دیسێگن ڕێڤل، هەروەسا خەلاتێ باشترین بەلگە فلمێ کوردی هاتە دان بۆ فلمێ ئێڤری هاوس سکۆل یێ دەرهێنەر ئارین دینەر، خەلاتێ باشترین بەلگە فلمێ بیانی هاتەدان بۆ فلمێ سۆلۆ یێ دەرهێنەرێ بەرازیلی دیێگۆ لیتی، هەروەسا خەلاتێ باشترین بەلگە فلمێن کوردی و بیانی دا هاتەدان بۆ فلمێ کورنەرەد ئین مۆلبێک یێ دەرهێنەرێ کورد سەهیم عومەر خەلیفە. ل دوماهیێ فەرهاد ئەمین ئەتروشی پاریزگەرێ دهوکێ دیپەیڤەکێ دا دەست خوشی ل هەمی هونەرمەندێن پشکداری دفلمەڤیستەڤالا دهوک دا کری کر و سوپاسیا وان هەمی کەس و لایەنا کر یێن خوبەخش کار بو سەرئێخستنا فیستەڤالێ کری هەروەسا سوپاسیا وان لایەنا کر یێن سپونسەریا وێ کری ، و ئاماژە کرە گرنگیا هونەرێ سینەمایێ بو ناساندنا مللەتان و گەهاندنا گەلەک پەیامێ ب ڕێکا سینەمایێ و هیڤی خواست کو سینەما کوردی ڕۆژ بو ڕۆژ پێش بکەڤیت و بگەهیتە ئاستێ سینەمایێن جیهانی.

گەرمیان... لە ڕووداوێکی هاتووچۆدا 12 کەس بریندار بوون



خەبات ـ سەربە یوسف:

نیوەڕۆی دوێنێ لە ئاکامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێک لە سنووری ئیدارەی گەرمیان12 کەس بریندار بوون و یەکێک لە بریندارەکانیش لە نەخۆشخانەیەکی کەلارەوە ڕەوانەی سلێمانی کراوە.

لەو بارەوە، کارزان مەجید، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکانی پۆلیسی هاتوچۆی گەرمیان بە خەباتی ڕاگەیاند: لە ئاکامی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێلێک لەجۆری جێب واز لە نێوان شارۆچکەی کەلار و شارەدێی کولەجۆی سەربە شارۆچکەی کفری 12 کەس بریندار بوون.

وتیشی: بریندارەکان ڕەوانەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بۆ خەبات ئاشکرایکرد: یەکێک لە بریندارەکان بۆ چارەسەر ڕەوانەی سلێمانی کراوە.

هاوردەکردنی هەنگوین قەدەغە دەکرێت

وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێم، بڕیاریدا لە ڕۆژی 25ی ئەم مانگەوە هاوردەکردنی بەرهەمی هەنگوین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانەوە بۆ ناو هەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت، تا ئەو کاتەی بە بڕیارێکی تر بوار بە هاوردەکردنی ئەو بەرهەمە دەدرێتەوە. بڕیارێشە لە سەرەتا و ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا هەرێمی کوردستان دوو چالاکی گەورەی تایبەت بە بەرهەمی هەنگوین ئەنجام بدرێت. ئەم بڕیارەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەسەر داوای هەنگەوانانی کوردستان و چەند گروپ و ڕێکخراوێکی تایبەت بە هەنگەوانان بووە، کە داوایان لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردبوو، لە وەرزی بڕینەوەی هەنگوین و تا ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان لە بازارەکاندا هاوردەکردنی بەرهەمی هەنگوین لە دەرەوەی کوردستانەوە ڕابگیرێت. بۆ دەرکردنی ئەم بڕیارە وەزارەتی کشتوکاڵ پشتی بە یاسای پاراستنی بەرهەمی ناوخۆی ژمارە 4ی ساڵی 2008 بەستووە. بڕیارە لە سەرەتا و ناوەڕاستی مانگی داهاتوودا لە هەرێمی کوردستان دوو چالاکی گەورەی تایبەت بە بەرهەمی هەنگوین ئەنجام بدرێت کە بریتین لە کۆنگرەی هەنگەوانانی وڵاتانی عەرەب کە لە ڕۆژانی 7-2019/10/9 لە هەولێر بەڕێوە بچێت و بە دوای ئەویشدا لە سلێمانی پیشانگایەکی تایبەت بە بەرهەمی هەنگوین ئەنجام دەکرێتەوە. بە گوێرەی ئامارەکانی بەردەست لە هەرێمی کوردستان دا نزیکەی 12 هەزار کەس هەنگەوانن و پتر لە300 هەزار شانەی هەنگیان هەیە.

دەستپێکردنەوەی وەرزی نوێی خوێندن لەروانگەی مامۆستایانەوە

مامۆستایەک: بڕیارە نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردە پێویستە لەرووی ئەرێنی و نەرێنییەوە هەڵبسەنگێندرێت

وەرزی نوێی خوێندن لەسەروبەندی دەستپێکردندایە



ڕاپۆرت: پەریها عومەر
فۆتۆ: عەلی بانیشاری

بەپێی بڕیاری وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، (21)ی ئەم مانگە یەکەم زەنگی وەرزی نوێی خوێندن لێدەدرێت. مامۆستایان و قوتابیان دوای پشووێکی درێژ جارێکی دیکە پێ دەنێنە نێو وەرزێکی دیکەی پڕ لە زانیاری و هەڵگبەی زانستەوە، بۆ ئەمەش مامۆستایان ڕای جیاوازیان هەیە بۆ ئەم دەستپێبکە:

شەونم محەمەد مامۆستای قۆناغی سەرەتایی لەمبارەیەوە دەڵێت: هەڵبەت وەرزی نوێی خوێندن بۆ هەموو مامۆستایەک گرنگە بەتایبەت مامۆستایانی قۆناغی سەرەتایی، ئێمە لەو قۆناغە هەستیارە پێمان باشە گرنگییەکی زۆر بە ئەدا و سیستەمی خوێندن بدەین، لەئێستاشدا لەسەروبەندی گۆرانکارییەکانی سیستەمی نوێی خوێندنین.

گوتیشی: وەزارەتی پەروەردە چەند بڕیارێکی دەرکردووە دەبێت بەگرنگییەوە لێی بڕوانین، مامۆستا وەک قوتابی خۆی بۆ وەرزی نوێ ئامادە دەکات، دوای وەرگرتنی پشووێکی درێژ کاتی وانە وتنەوە و ئامادەبوون لە کلاس زانیاری نوێ و بەهێزکردنی ئاستی وانەوتنەوە دەستپێدەکاتەوە، ئەمەش چێژێکی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت خزمەتێک بە منداڵانی وڵاتەکەت بکەیت".

سەمیرە کانەبی کە ئەویش مامۆستای قۆناغی سەرەتاییە ڕایگەیاند: لەڕاستیدا ئێمە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ خۆمان بۆ وەرزی نوێی خوێندن ئامادە دەکەین، دوای ئەو پشووەی کە بە قوتابی و مامۆستا دراوە، هەردوولا بەچێژەوە چاوەڕێی وەرزی نوێ دەکەین، بەڵام هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ قوتابیان گۆڕینی سیستەمی بەشێک لە وانەکان گرفتی دروست کردووە".

مامۆستای ناوبراو دەڵێت: بڕیارە نوێیەکەی وەزارەتی پەروەردە پێویستە هەڵبەسەنگێنرێت لەرووی ئەرێنی و نەرێنییەوە، کە باس لە بەکوردی بوونی وانەکانی زانست و بیرکاری دەکات، گۆڕینی شێواز و سیستەم بەخێرایی و ناجێگیری لەبڕیارەکان کێشە و گرفت دروست دەکات، بۆ بابەتی مەعنەویشەوە ، مامۆستا هاوشێوەی قوتابی خۆی بۆ وەرزی نوێ ئامادە دەکات.

ئەوەی شایەنی باس بێت، سااڵنە لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە یەک ملیۆن قوتابی لە ناوەندەکانی خوێندن دەست بە وەرزی نوێی خوێندن دەکەن.



داوادەکەن ڕێگری لە بەئەهلییوونی کەرتی تەندروستی و پەروەردە بکرێت

لە شاری سلێمانی بەشێک لە دەرچووانی کۆلێژی پزیشکی ددان و پەرستیاری و دەرمانسازی، خۆپێشاندانیان ئەنجامدا

خەبات: سلێمانی

فەرامۆش کراون و دانەمەزرێنراون لە لایەن حکوومەتەوە، ئەوەش جگە لە چەندین کۆبوونەوە و نارەزایەتی و گەیاندنی داواکانیان بەلایەنی سەروو خۆیان لە لایەن دەرچووانی ئەم بەشانەوە، بەاڵم هیچ ئەنجامێکی نەبووە.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە "لە ماوەی پێشتردا لە میانی خستنەڕووی داواکارییەکانمان لە وەاڵمدا خرابی بارودۆخی دارایی حکوومەتی هەرێم و کێشەکانی لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی و دۆخی جەنگ، لەو بەهانایانە بوون کە بەگوێماندا دەدران و وەاڵمی نارەزایەتییەکانمانی پێ دەدرایەوە، بەاڵم ئەوە ڕوونە کە لەئێستادا هیچ یەک لەو ڕێگریانە نەماون، کەواتە داواکاری ئێمە لە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمە کە بە زووییەوە وەاڵمی داواکارمان بداتەوە".

دەرچووانی ئەو بەشانەی پزیشکی لە بەشێکی تری بەیاننامەکەیاندا بە نیگەرانییەوە باس لە کردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە زانکۆ و کۆلێژی تایبەتی پزیشکی و وەرگرتنی ژمارەیەکی زۆری قوتابی لەو بەشانە دەکەن و پێیانوایە کردنەوەی ئەو کۆلێژ و بەشانە بەبێ هیچ پلانێکی پێشوەختە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بووە بۆیان. ئەوان ئاماژە بەوەیش دەکەن کە دواکەوتنی دامەزراندنیان کاریگەری لەسەر ئەزموونی کاری ئەوان دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک دکتۆر بەبێ ئەزموون دەست بە کارکردن بکەن و تەندروستی لێ دەکات و گوتی: "پێچەوانەی زۆربەی ئاژەڵەکان شێر پێویستی بە ڤاکسیندان نییە، بەاڵم بەردەوام پشکنینی بۆ ئەنجام دەدەین بۆ ئەوەی ئاگاداری تەندروستی بین، هەرکات پێویست بکات لە لایەن دکتۆرەوە چاو و گوێی خاوێن دەکرێتەوە، بەخۆشم لە ماڵەوە جار جار دەیشۆم و خاوێنی دەکەمەوە، سیفەتی شێر وایە تووشی هەر نەخۆشییەک بێت ناکەوێت".

بڵند بریفکانی گوتی: "کار لەسەر پڕۆژەیەک دەکەم سەرجەم ئەو شێرانەی لە خواروو عێراق بازرگانییان پێوە دەکرێت کۆبکەمەوە، پڕۆژەیەکی ناوازەیان بۆ ئەنجام بدەم کە نەوەک تەنها لە عێراق، بەڵکو لە ئەفریقا و وڵاتانی جیهانیش مەترسی بکەوێتە سەر ژیانی شێر، من لێرە دالدەیان بدەم و بیانپارێزم، بۆ ئەم مەبەستەش چوار شێرمان دەستنیشانکردووە و کاری لەسەر دەکەین".

لە وەاڵمی ئایا ڕاگرتنی شێر لە ماڵەوە پێشێلکردنی مافی ئاژەڵ نییە؟ بڵند بریفکانی گوتی: "باخچەیەکی گەورەمان بۆ دروستکردووە لێرە دەبەین بۆ باخچە بۆ ئەوەی زیاتر هاتوچۆ بکات، بەاڵم هەر زوو زوو ڕێگەی ماڵەوە دەگرێتەبەر و دەگەڕێتەوە ماڵەوە".



ئەو شێرەی گۆشتی سوور و مریشکی زیندوو ناخوات

لیۆ یەکەمین شێری ڕاهێنراو لە هەرێمی کوردستان

بەخێوکەری لیۆ، بڵند بریفکانی: ئەرک و ماندووبوونی زۆرمان کێشا تا کەوی (ماڵی)مان کرد، ئێستا زۆر بەئاسانی ڕۆژانە بەپێدانی دوو یاخود سێ مریشک بەخێوی دەکەم

خەبات: دهۆک:

لیۆ ئەو شێرە مرۆڤ دۆستەیە کە ماوەی سااڵنێک و سێ مانگە بەبێ ئازاردانی هیچ کەسێک لەگەڵ دانیشوانی دهۆک دەژیت و ڕۆژانە پیاسەی شەقام و بازاڕی شارەکەش دەکات. ڕۆژانە خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت هەندێکجار گەشتیارانیش ئەگەر بە شوێنی بزانن بۆ گرتنی سێلفی سەردانی لیۆ دەکەن و لە باخچە هەزار مەتریبەکەی کە بۆی تەرخانکراوە، یاری لەگەڵ دەکەن.

بەخێوکەری شێرەکە بڵند بریفکانی، یەک ساڵ لەمەوبەر شێرێکی تەمەن بیست ڕۆژی بە دیاری لە هەولێرەوە بۆی هات، ئەمیش ناوی لێدەنێت "لیۆ"، سەرەتا بە پێدانی شیر و لەئێستادا بە گۆشتی مریشک بەخێوی دەکات.

بڵند بریفکانی کە کارمەندێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، لە پاڵ ئەرکەکە خۆشەویستی خۆی بۆ ئاژەڵەکان ناشارێتەوە و وەک خۆی دەڵێت، جگە لە بەخێوکردن و کەویکردنی شێرەکە، زۆرجار یارمەتی ئاژەڵی دیکەشی داوە بۆ ڕزگارکردن و گەڕاندنەوەیان بۆ سروشت.

بریفکانی کە هاوکات بەرپرسی ڕێکخراوی هاوکاری کوردی-ئەمریکیشە، بەیانیان لەخەو هەڵدەستێت، پێش هەموو کارەکانی "لیۆ" بەسەردەکاتەوە و کەمێک پیاسە دەکەن و دواتریش ئەگەر خواردنی پێویست ورچ لە باخچەی ئاژەاڵن بێت، مریشکێک یان دووی پێ دەدات. ئەو تا ئێوارە چەند جارێک بە یاریکردن لەگەڵ "لیۆ" بە ماچکردن و لە باوەشگرتنی یەکتر ڕۆژ بەسەر دەبەن.


ئەو بە جلوبەرگێکی کوردییەوە شێرەکە هێنایە نێو باخچەی ماڵەکەی و ئەو لەبارەی لیۆ گوتی: ڕێکخراوەکەمان لە بوارەکانی مافی مندااڵن، پاراستنی ژینگە و ئاژەڵ کار دەکات و لە بەشی پاراستنی ئاژەاڵندا ساڵانە ژمارەیەک بۆی تەرخانکراوە، یاری لەگەڵ دەکەن.

لەبارەی چۆنیەتی بەخێوکردن و ڕاهێنانەکەی بڵند بریفکانی ئاماژەی بەوەدا کە بەخێوکردنی شێر ئاسانە و ڕۆژانە خواردن و خواردنەوەی بۆ دابین دەکەین، بەاڵم ڕاهێنان و مااڵی کردنەکەی کەمێک سەختە، دەشڵێت "ئەرک و ماندووبوونی زۆرمان کێشا تا کەوی (ماڵی)مان کرد، ئێستا زۆر بەئاسانی ڕۆژانە بەپێدانی دوو یاخود سێ مریشک بەخێوی دەکەم".

ئەو نەخواردنی گوشتی سوور لە لایەن شێرە تەمەن15 مانگییەکەی بە بەڵگە دەزانێت کە شێرەکەی درندە نییە و دەڵێت: ئەگەر ئێستا گۆشتی سوور بۆ لیۆ بهێنین، نایخوات، تەنانەت ئەگەر مریشکی زیندووشی بۆ بهێنین نایخوات، ئەمەیش مانای ئەوە دەگەیەنێت کە شێرەکەم لیۆ درندە نییە.

بڵند بریفکانی بیری لەوەکردووەتەوە کە شێرەکەی بخاتە نێو پڕۆسەی هاوسەرگیریەوە و لەمبارەشەوە گوتی: شێرێکی بە ڕەگەز مێ-مان دەستنیشانکردووە لە دەرەوەی وڵات بگەیەندرێتە هەرێمی کوردستان بە مەبەستی جووتکردنیان لەگەڵ یەکتر".

لەبارەی پاراستنی تەندروستی لیۆ ئەو ئاشکرای کرد کە یەکێک لە باشترین دکتۆرەکانی ڤێتێرنەری لە هەرێمی کوردستان چاودێری





وەیسی سەعیدوەیسی

لەساڵیادی دامەزراندنیدا..
یەکێتی زانایان یادگارێکی زیندووی بارزانیی نەمرە

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وەک پێویستێکی ئەوکاتی قۆناغەکە بەبریار و راسپاردەی بارزانی نەمر لە بەرواری (1970-9-21) هاتەدامەزراندن بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕەوشی ئایینی و ڕێکخستنی کاروباری زانایانی ئایینی ئیسلام لە سنووری دەسەلاتی شۆرشی ئەیلوولی مەزن کە تەنها چەند مانگێک بەسەر ڕێکەوتنامەی (11)ی ئادار تێپەڕی بوو بۆیەش تاکو ئێستا یەکێتی زانایان وەک یادگارەیەکی ڕابەری مەزن مەلا مستەفا بارزانی بەزیندووی ماینتەوە چونکە خودی بارزانی نەمر زۆر بەگرنگییەوە دەیڕوانییە ڕۆل و پێگەیان هەمیشە وەک شووڕەی پۆلایین بۆ بەرگریکردن لەپەیڕۆزییە ئایینی و نەتەوەییەکان سەیری دەکردن، بۆیەش دامەزراندنی ڕێکخراوێکی ئایینیی لە بارودۆخێکی وەک ئەوکاتی سەردەمی شۆرشی ئەیلوول بەگرنگ و پێویستی زانیوە بۆ سەرپەرشتی کردنی ڕەوشی ئایینی لە سنووری دەسەلاتی شۆرشدا، کە لەوساتەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات لە قۆناخە جیاجیاکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان یەکێتی زانایان ڕۆلی گرنگ و مێژووی هەبووە هەموو دەم پاڵپشت و پشتیوانی هێزی پێشمەرگە بووە لە کاتی پێویست دا لە سەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بوونیان هەبووە و بەگیانی پێشمەرگانە وەک بەرگریکاری کوردستان بوونە و چەکی بەرگریان لەشان کردوە و بەشداری کاریگەریان هەبووە لە پاراستنی خاکی پیرۆزی کوردستان تا بەخشینی و قوربانی ڕوح و خوێن. وێڕای ئەوەی نابێت هیچ کات ڕۆلی یەکێتی زانایان لەقۆناغی ئاوارەیی لەیادبکرێت کە چۆن هانی پێشمەرگە و قوتابیان و لاوانیان دەدا لەسەنگەری بەرگری دابمێنەوە و هەمیشە وانەی خۆڕاگری و ئارامگرتنیان پێ دەگوتن، جگە لەوەی لە مرگەوت و بارەگاکانیان منالە چاوگەشەکانیان فێری نووسین و خوێندنیان دەکردن کە ئەمرۆ بەشێک لە قوتابیانی ئەوکات لەدام و دەزگاکان خزمەت دەکەن هەروەها لەم چەند سالەی دوایدا لە بەرەنگاربوونەوەی داعش و فکرەی تووندرەوی و تیرۆر بەئەرکی خۆیان هەڵسان و لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بەرپەچیان دەدانەوە و هێزی پێشمەرگەیان هان دەدا بۆ بەرگریکردن لەخاکی پیرۆزی کوردستان. بۆیەش لەئان و ساتێکی وەک ئێستادا کە یەکێتی زانایان بەرەو قۆناغێکی مێژووی هەنگاو دەنێت و لە سالّی داهاتوودا یادی یوبیلی زێرینی دەکاتەوە ئەرک و بەرپرسیارەتی مامۆستایانی ئایینیش قورستر دەبێ هەول بدەن هەمیشە هەردوو بالی ئایینپەروەری و نیشتمانپەروەری بەیەکەوە گرێ بدەن و تەکانی زیاتر بدەن بۆ پێگەیاندنی مامۆستایانی ئایینی بە هەستی پاکی ئایینی و نەتەوەیی وەک بەربەستێک بۆ ڕێگە گرتن لەو هەوڵانەی کە دەیانەوێت لە پەنای ئایینی پیرۆزی ئیسلام گەنج و لاوانی کورد لە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی دووربخەنەوە و خەڵکی پێ لە خشتە ببەن. چونکە دەبێت هەمیشە مرۆڤی ئایین پەروەر، نیشتیمانپەروەریش بێت. گرنگە لەم ئان و ساتەی ئێستادا زانایانی ئایینی شانازی بە ڕابردووی خۆیانەوە بکەن کە چۆن و بە چ جۆرێک سەر کاروانی خەباتی ئایینی و نەتەوەیی و نیشتمانی بوونە هەرواش هێنناوە، پێویستە بە بایەخ و گرنگیەوە سەیری ئەم ڕۆڵەیان بکرێت و هەوڵ بدرێت زیاتر لە ناوەندەکانی دەسەلاّت و بڕیاردان دا ڕۆلیان پێببدرێت چونکە لێرە و لەوێ هەست بەبوونی گلەیی و گازندەی زانایانی ئایینی دەکرێت کە وەک پێویست ڕۆلیان پێنادرێت. لێرەشەوە بەپێویستی دەزانین بەبۆنەی سالیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان گەرمترین پیرۆزبایی ئاراستەی زانایانی ئایینی بکەین و هیوای بەردەوامی و سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین.

د بیرهاتنا شۆڕشا ئیلونێ دا
سلاڤ ل مستەفا بارزانی... هێما و پێناسا گەلێ کوردستانێ



سەباح بەیتوللا

کو ناڤێ بارزانیێ نەمر دئینین ... بیرهاتنەکا دیروکەکا پر سەروەری دکەینەڤە ... بیرهاتنەکا ب دەهان ئەزمون و سەربورا دکەینەڤە ... بیرهاتنا خەبات و بەرخودانەکا مەزن دکەینە ... بیرهاتنا هەمی شورش و سەرهلدانێت کوردا دکەینەڤە ... بیرهاتنا هەمی ڕێبەر و سەرکردێت مللەتێ کورد دکەینەڤە.

بۆچی بارزانی بوویە هێما و ناسناما مللەتێ خۆ؟ چونکی مللەتێ کورد ل نائومێدیێ ڕزگارکر ... باوەری ب سەرکەفتنا دۆزا مللەتێ خۆ هەبوو کاودان چەند نەخۆش و تەنگاڤ و دژوار بوو بیت ... بارزانی شیا مللەتێ کورد ل خەوا گران هوشیار بکەت و شیا دیرۆکەکێ تۆمار بکەت کو حەتا حەتا کورد شانازیێ پێڤە بکەت.

راستە کو دبێژن ... بەیاڤ ب سالێت درێژ دهێنە پێڤان و قۆناغ ب کریارو هەلوێست و فیداکاریێ و دلسۆزیێ دهێنە دەستنیشان کرن.

حوکمێ دیرۆکێ ژی بۆ مللەتی دمینتەڤە کو لسەر مرۆڤی بریارێ بدەت و نەخاسم مللەت هەلسەنگاندنا ڕێبەرو سەرکردێت خۆ دکەن. ڕێبەرو سەرکردە ئەوە کو هەمی دەما تۆ هزر بکەی یێ ل هنداڤ سەرێ تە و یێ چاڤدێریا تە دکەت چەند تۆ یێ لێ دوور بی ... ئها ئەڤە ئێک بوو ل خەسلەتێت بارزانیێ نەمر و مرۆڤی وەسا هزر دکر کو هەردەم دگەل مرۆڤی یە و چاڤدێریا ڕابین و کریارو ڕوونشتینێت مە دکەتن و ئەڤە ژی ڤەدگەڕێتەڤە بۆ وێ کاریزمایا مەزنا بارزانیێ نەمر.

بارزانیێ نەمر ل هەمی پارچێت کوردستانێ دا خەبات و بەرخۆدان کری یە و قوربانی دایە، چونکی چریسکا ئومێدێ ل هەر پارچەکێ دروست ببا بارزانی قەستا وێرێ دکر و بارزانی ب خۆ و مالا خۆڤەو عەشیرەتا خۆڤە بەشداری دشۆڕش و سەرهلدانادا دکرو قوربانی لدویڤ قوربانیێ پێشکێش دکر ... لەوا بوویە جهێ ڕێزو حورمەتا مللەتێ خۆ و دیرۆک ژی پتر لسەر بارزانی ڕاوەستایەو بەهرا وی ل هەمی ڕێبەرو سەرکردەیێت دیتر پتر بوویە، چونکی ئەڤە بوویە ژینا وی و نقیسەر ژی ناچار بووینە زۆربەیا بەربەڕێت مێژوویێ بۆ بارزانیێ نەمر تەرخان بکەت. ئەگەر جوداهیەکێ دناڤبەرا ڕێپێڤانا بارزانیێ نەمرو ڕێپێڤانا ماوستی تونگی ژێریا چینێ بۆ ژووریا چینێ بوویە، بەڵێ مەسیرا بارزانی دناڤ جەرگێ سێ دەولەتێت داگیرکەردا بوویە.

ڕۆژنامەنڤیسەکێ مسری ل بارزانی دهرسیت: فەلسەفا تە دژیانێ دا چی یە؟ بارزانی دبەرسڤێ دا دبێژیت: (راستی ل دژی خوارین، چاکی ل دژی خرابیێ، بەرەڤانی ل مەزلومی ل دژی زالمی). ئەڤە خەسلەتێت ڕێبەرو سەرکردانە ئەوێت ژینا خۆ تەرخان دکەن بۆ مللەت و وەلاتێ خۆ.

بارزانیێ نەمر ل دەستپێکا ژیانا خۆ یا شۆڕشگیری و ل دامەزراندنا پارتی باوەری ب عەدالەت و یەکسانیێ و داپەروەریێ هەبوویەو دژی تیرۆریّ و زولم و زۆریێ و ناهەقیێ بوویە. لەوا حەسەن عەلەوی دبێژیت: "ئەوا هەتا نهۆ کوردا ب دەستڤە ئینایی بێگەردیا بارزانی یە کو دژی تیروریّ بوویە".

بارزانیێ نەمر بوویە دیاردەکا سیاسیا کوردی ل ڕۆژهەلاتا ناڤین و جیهانێ و هەروەسا بوویە قوتابخانەیەکا شۆڕشگێری و فیکری و حەتا نهۆ ژی ب هزاران ڕێبواریّت ڤێ شۆڕشێ وانێت خۆ لێ وەردگرن. ڕێبەرو سەرکردا چەند خەسلەتێت تایبەت هەنە... پشتراست دشێم بێژم هەمی ئەو خەسلەت دبارزانی دا دکوم بوون لەورا بۆ دان و ستاندنێ دگەل ڕژێمێت ئێک لدویڤ ئێکێت عیراقێ هەمی جاران وان قەستا کوردستانێ دکر، چونکی بارزانیێ نەمر مللەتێ خۆ ل مللەتێت دیتر کێمتر نەزانیە.

مێژوو هندەک ڕێبەرو سەرکردا دروست دکەت، بەڵێ هندەک مرۆڤ مێژوویێ بۆ خۆ و مللەتێ خۆ دروست دکەن و ژوانا بارزانیێ نەمرە. ئوجار ئوبالانس د پەرتوکا خۆدا شۆڕشا کوردی (1961-1970) دبێژیت: چیرۆکا شۆڕشا کوردی گرێ دایە ب چیرۆکا ژیانا بارزانی.

جەمال عەبدولناسر دبێژیت: بارزانی مرۆڤەکێ مەزنە کەڤن و نوی تێداکۆم دبن و ڕێبەرەکێ مەزنەو فیداکارە بۆ مللەتێ خۆ و جهێ ڕێزو حورمەتا مە هەمیانە. ئەڤە ژی ڤەدگەڕێتەڤە بۆ هەلویستێت بارزانی بەرامبەر ب دوزا عەرەبی نەخاسم ل سالێت (1967-1973)ێ .

ئێک لبەرچاڤترین دەسکەفتێت خەباتا بارزانی بۆ کوردو کوردستانێ وەکو پروفیسور دکتور (میخائیل لازاریف) کوردناس و ڕۆژهەلاتناسێ ڕوسی دبێژیت: بارزانی کێشا مللەتێ کورد ل کێشەیەکا ناوچەیی بکەتە کێشەیەکا نێڤدەولەتی، بارزانی شیا وان هەمی ئاستەنگا بشکێنیت و دەنگێ کوردا بگەهینتە دونیایێ.

ئەلیکیسەندەر کیسیلوف کە بەرپرسێ ئەمنیێ پاپۆڕا (کرۆزیا)بوو دبێژیت: خوشەویستیا مللەتی بۆ بارزانی دەستکرد نەبوو، ب ئەمر نەبوو، بەلکی ژ نیڤا دلێ جەماوری بوو، چونکی من ئەو خوشەویستی ب ڕێز ب چاڤێت خۆ دیت لەوا من هنگی زانی بارزانی مرۆڤەکێ گەلەکێ مەزنە.

مەکسیم گورگی نڤیسەرێ ڕوسی دبێژیت: دیرۆکا ڕاست و دروست یا چ مللەتا ناهێتە زانین حەتا تۆ ل دەڤەکێ بۆ دەڤەکێ دیتر چ دهێتە گۆتن، لەومە حەتا نهۆ ژی ل سەرتاسەرێ کوردستانا مەزن و هەمی نازادیخوازو ئاشتیخواز ب شانازیڤە ناڤێ بارزانی دینن.

سیاسەتمەدارەک دبێژیت: د دەمێ خودا یاداشتەک بۆ کونگرا عەرەبی هاتبو نڤیسین بڤی ڕەنگی: ئەگەر مەسەلا کوردستانێ نەهێتە چارەسەرکرن کوردستان دێ بیتە قوبرس. بەڵێ بارزانی بڤێ ڕازی نەبوو و گۆتێ:"ئەگەر بڤی ڕەنگی بێتە نڤیساندن دێ پلان ئاشکرا بیت" و گۆت: بڤی ڕەنگی بنڤیسن: "ئەگەر مەسەلا کوردستانێ چارەسەر نەبوو، ئەز دێ زانم دێ چکەم، هنگی دێ مەترسیا وێ لسەر ڕەخێ بەرامبەر مەزنتر و کاریگەر تر بیت".

بارزانیێ نەمر چ جارا ڕەئیا خۆ فەرز نەدکر و مشوەرەت دگەل هەڤالێت خودا دکر، بۆ نمونە ل 6/6/1947 ل گوندێ عەمباریّ میرزا عبدال خەلکێ گوندێ هاسوونێ دبێژیت: بۆ دەربازبوون ل ڕووبارێ ئاراسی بارزانیێ نەمر پرسیارا من کر کا کی ڕێک باشترە، ئەو ژی دبێژیت من گۆتە بارزانی: ڕێکا ئێکێ تورکیایە یا ب مەترسی یە، ڕێکا دوویێ: دەشتا ماکۆیێ یە ئەڤە باشترە، بارزانیێ نەمر ڕێکا دوویێ هەلبدبژێریت و تێدا سەردکەڤیت.

بەڕێز غەنی بلوریان دبێژیت: قودسیەتا دینی ل دونیایێ دا یا هەیی، ئەگەر قودسیەتا نەتەوەیی ژی هەبا، بارزانی قودسیەتا نەتەوەیی یا کوردستانێ یە.

زانایەکێ ڕوسی ل فیلما پێشرەو دبێژیت: مەژیێ بارزانی ل حسێ وی مەزنتربوو، حسا وی یا شەشێ گەلەکێ ب هێز بوو، مللەتێ خۆ چ جارا بەردڤ هەلدێرێ نەدبر.

هەر وی زانایی گۆت: ئەگەر پرسیارا من بکەن کەسایەتیێ چەرخێ بیستێ کێ یە؟ ئەز دێ بێژم بارزانی یە، نابێژم لینینە، چونکی بارزانی تاکە سەرکردەیە هەمی ژینا خۆ تەرخان کری یە بۆ ڕزگاری و ئازادی یا مللەتێ خۆ.

بارزانیێ نەمر دژیانا خۆدا خۆ ب ئارمانجاڤە گرێ دابوو نەک ب مەرجاڤە، لەوا بارزانی شیا گەلەک دەسکەفتیا بۆ مللەتێ کورد بدەستڤە بینیت.

بارزانیێ نەمر شەهرەزایی ل مێژوو و جوگرافیا کورد و کوردستانێ هەبوو، بارزانی چ جارا ژ بەرپرسیاریێتیێ نەدەرەڤی و بریارا مللەتێ خۆ ب جورئەتڤە ددا.

بارزانیێ نەمر شەهرەزاییەکا تەمام ل سەر هێزێت دوژمنی هەبوون، لەوا هەردەم دوژمن بەرامبەر بارزانی یێ شکەستی بوو، بارزانی دزانی کەنگی پێنگاڤا بهاڤێژیت، چونکی هەمی پێنگاڤێت وی ژبۆی بەرژەوەندیا کورد و کوردستانێ بووین. بارزانی دەرگەهەک لێ نەددا ئەگەر بەرژەوەندییا مللەتێ وی تێدا نەبا، لەوا کورد ژی حەتا حەتا شانازیێ بناڤێ پیرۆزێ بارزانی دکەن.

مەزناهیا بارزانی، بیرمەند و شارەزایی و سیاسەت و دیبلوماسیەتا وی هندا مەزن بوو، لەوا نڤیسەرێ مسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل ل چاڤ پێکەفتنا خودا دگەل مستەفا بارزانی ل سالا 1975 ێ ل ئیرانێ دبێژیت: (یا لیتنی قابلت الاسد فی عرینه). بەڵێ کورد و کوردستانی بناڤێ پیرۆزێ بارزانی ڤە گرێدایینە و ژێک ناهێنە جوداکرن، لەوا بارزانی ڕێبەرو سەرکردەو سومبول و بابێ ڕوحی نەتەوا کوردەو حەتا دونیا هەیە ناڤێ پیرۆزێ مەزنێ بارزانی دێ ب بلندامی و مەزناهی مینیت و دسەرفیرازین کو مە ژی وەکو نەتەوێت دیتر ڕێبەر و سەرکردە هەنە ژ وان ژی(مستەفا بارزانی) یە.

یەکێتی زانایان تووێژێکی لەبیرکراوی قۆناغی خەباتی شاخن

مەلا ڕسول گەزنەی

دیارە یەکێتی زانایان لە 9/ 21 هەموو ساڵێک، یادی دامەزراندنی خۆی دەکاتەوە، کە لە ژێرچاودێری وسەرپەرشتی ڕابەری کورد مەلامستەفا بارزانی دامەزراوە، کە لە ساڵی 1970لە گەڵاڵەی باڵەکایەتی یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست، ئەمەشیان بۆ یەکەمجاربوو هەر لە زاخۆوە تاکو خانەقین و مەندەلی و بگرە چەندین زانای بەناوبانگ لە هەر چوارپارچەی کوردستان لەژێر چەتری یەکێتی زانایان لە دەوری یەکتر کۆبنەوە، ئەمەشیان زەروورەتێکی مێژووی بوو بۆ گرێدانی چەکی زانست و شۆرشگێری بەیەکەوە.

بۆیە بە سەدان داناو زاناو مەلای مێزەر بەسەر لەبەرەکانی جەنگ پێشەواو پلەدارو پێشمەرگە و ڕابەر بوون و سەدان شەهیدیان بەخاک و گەل بەخشین، ئەوە بوو لەدوای نسکۆی شۆرشی مەزنی ئەیلول لەسالی 1975 زانایانی ئاینیش بەشێک لەو چین و تووێژانەی زێدی باب و باپیرانیان جێهێشت و سەریان بۆ دوژمن دانەنەواندو ژیانی ئاوارەییان هەڵبژارد، ئەوانی تریش کەوتنە ژێرفشارو ڕاگواستن و زیندانی کردن و دەیان زانای کوردپەروەر لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بێ سەروشوێن کران.

بەڵام زۆری نەبرد دوای هەڵگیرسانی شۆرشی گەلانی ئێران و ڕووخانی سەڵتەنەتی سەدان ساڵەی شاهنشاهی لەئێران، دیسان زانایانی ئاینی بەگوروتینەوە، هاتنەوە کۆڕی خەبات و کۆڵنەدان و خەباتی شارو شاخیان بەیەکەوە گرێداو بەشێکیان چەکی شەرفپارێزیان کردەشان، هەروەها حوجرەی فەقێیان ببووە مەدرەسەی پێگەیاندنی کادیری شۆرشگیر، هەربۆیەش سالی 1979جارێکی تر یەکێتی زانایانی ئاینی بنکەو بارەگاکانی خۆی لەئاوارەیی دامەزراندەوە و لە کۆنفرانسێکدا لێژنەی (تەحزیری) هەڵبژاردو زانایانی شۆرشگێری لەدەورەی خۆی کۆکردەوەو لەخەبات و تێکۆشانی پێشمەرگایەتی بەردەوام بوون، ئۆردگای (زێوە) کە بارەگای سەرەکی یەکێتی زانایانی تێدابوو ببوە لانەی زانایانی شۆرشگێر کە لە ژێر زەبرو زەنگی بەعسیەکان ژیانی شاخیان هەلبژاردبو و سەریان بۆ ڕژێمی بەعس شۆڕ نەکرد، کەسانێک لە ڕۆژە سەختەکاندا ماندووبوون و بریندارببوون و شەهید بوون، حەق وایە ئەمڕۆ ڕێزیان لێ بگیرێت و میداڵیای وڵاتپارێزی لەبەڕۆکیان بدرێت، بۆیە پیشنیاز دەکەم کە لەلایەن سەرۆک بارزانی یان لەلایەن سەرۆکی هەرێم میداڵیای ڕێزلێنان لەبەرۆکی ئەو زانایانە بدرێت کە لەشۆرشی ئەیلول و گولان چەک لەشان بوون، بۆئەوەی نەوەکانیان شانازی بە ڕابردووی باب و باپیرانیانەوە بکەن. لە یادی دامەزراندنی یەکێتی زانایان سلاو لە شەهیدانی کوردو کوردستان بەرە و سەربەخۆیی کوردستان.



باس باسی حکوومەتەکەی کاک مەسروور بارزانییە



یەحیا فایەق جاف

هەنووکە لە هەرێمی کوردستان زۆربەمان، سیاسیین، ئابووریناسین، وەرزشوانین، نووسەرین، ڕەخنەگرین، ئەدیبین، ڕۆژنامەنووسین، پاریزەرین، درۆ نابێت ئەگەر بڵێین "چیت دەوێت ئێمە ئەوەین"!.

لەگەڵ شوفێری تەکسییەک لە گەڕەکی سەروەرانی شاری هەولێرەوە تا ناوەندی بازاڕ سەرکەوە، بە قەرەبالّغی و ناڕێکیی لێخورین و وەستاندنی نایاسایی ترۆمبێلەکانی ئێم بەرو و ئەو بەری ئەو شەقامانەی پێیدا بەرەو بازاڕ تێپەڕ دەبیت، تا دەگەیتە ناوەندی شار، ماوەی گەیشتنەکەت، بیست چرکەیەک کەمتر یاخود تۆزێک زیاتر دەبێت.

من لە ماوەی ئەم بیست چرکەیەدا لەگەڵ شۆفێری تەکسییەکەم، بە ڕێککەوت تۆزقالێک لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان و پێشهاتەکان کەوتمە قسەکردن، کاتێک هەستم کرد شوفێرەکە زۆر شتی پێیە و حەزی لێیەتی بیانلێت، هەر زوو خۆم کردە گوێگر و باسەکەم بۆ ئەو جێهێشت، سەرەڕای هەموو گرفتەکانی کارکردنی ڕۆژانەی خۆی و تەکسییەکەی و کوالیتی بەنزین و بێکەڵکی ڕۆنی ترۆمبێل و گرفتی ڕۆژانەی پێش سەرجەم تاکسییەکانی دیکەی هاوڕێی، هەمووی تێکەڵ بە سیاسەت کرد و یەکسەر هاتە سەر باسی بارودۆخی ئێستای سیاسیی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان و... هتد.

خۆشی گێرانەوەی ئەم باسە لەوەدایە، ئەوەی لەگەڵت دەدوێت شۆفێرێکی سادەی تاکسییەکی هەرێمی کوردستانە، دەرچووی کۆلێژی یاسا و سیاسەت، یاخود سیاسییەکی دیاری ئەم کوردستانە نییە، بەڵام لە بەشێکی زۆری سیاسییەکانمان زیاتر بۆ پێشکەوتنی نیشتمانەکەی دڵسۆزانە تر دەستنیشانی کەموکوڕییە ئیدارییەکانی دەکرد، دەیزانی لە کوێدا هەڵەمان کردووە و چۆن و بە چ ئیرادەیەک ئەو هەڵە و کەموکوڕیانە چارەسەر دەکرێن و چۆن لە کۆتاییدا هەموومان لە چارەسەرکردنیان سوودمەند دەبین.

بەڵێ شۆفێری تەکسییەکە بۆ کێشەکانی ڕۆژ و هەنگاوە چاکسازییەکانی حکوومەتەکەی جەنابی کاک مەسروور مەسعود بارزانی، خاوەن بیرۆکەی جوان بوو، زۆربەی ئەو کێشانەی ئەو باسی لێوە دەکردن، قاڵبووی ژیانی هاوواڵتییەکی دڵسۆز و سادەی کوردستان بوو، واتا دووربوون لە گەوجاندن و موزایەدەی بەرتەسکی حزبیانە و چەواشەکاری، هەر خودی شۆفێرەکە جار بە جارە وەڵامی خۆیشی دەدایەوە و دەیگووت: "با خاوەن بیرۆکەی جوان و چارەسەریش بم، جا منی سایەق تەکسی بەستەزمان کێ ئامادەیە گوێم لێ بگرێت"؟!.

شک لەوەدانییە شۆفێری ئەو تەکسییە تاکە کەس نییە، کە ئومێدی تەواوی بە حکوومەتەکەی جەنابی کاک مەسروور مەسعود بارزانی هەیە و چاوەڕوانی خزمەت و هەنگاوی جددی لەم کابینە دەکات، هەمووان زۆر باش ئەوە دەزانین جەنابی کاک مەسروور ئەو کاتەی ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان بوو، زۆر سەرکەوتووانە ئەرک و کارەکانی خۆی ئەنجام دەدا، ئەمەش وایکردووە هاوواڵتیانمان ئومێدی زۆریان پێی هەبێت و چاوەڕوانی هەنگاوی جددی و یەکلاکەرەوەی لێ بکەن، بەتایبەتی دژ بە گەندەڵکاران و ئەوانەی هیچ دڵسۆزییەکیان بۆ کارەکانیان نییە، سەرەڕای ئەوەی لە کوردستان هەندێ جار بابەتەکان بە حزبی کراوەن و لەوانەیە ئەمە هەندێک تەگەرە بۆ هەنگاوەکانی چاکسازی جەنابیان لە بەشێکی هەرێمی کوردستان دروست بکات.

بەشی زۆری هاوواڵتییانمان پێشبینی ئەوە دەکەن، کە حکوومەتەکەی جەنابی کاک مەسروور مەسعود بارزانی گۆڕانکاری جددی و بنەڕەتی لە شێوەی کارکردنی حکوومەتدا دەکات و زاڵ دەبێت بەسەر هەژموونی حزبایەتی لە نێو حکوومەتدا، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هەمووان چاوەڕوانی ئەوە لە جەنابیان دەکەن، ئیدی ڕێگا بە بەرپرسە نابەرپرسەکان نەدات بە ئارەزووی خۆیان تەراتێن بە سەروەت و سامانی میللەتەکەمانەوە بکەن!. بێگومان هەر هەنگاوێک بەم ئاراستەیە لەلایەن جەنابیانەوە، خۆشەویستی بەشی هەرە زۆری هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانی لێ دەکەوێتەوە و ئەمەش بۆ جەنابیان دەبێتە گەورەترین پاڵ پشت و سەرمایە بۆ هەنگاوەکانی داهاتووی.

لە دوکانی لەفە فرۆشێکەوە بگرە و دەست پێ بکە، تا دەگاتە سووپەر مارکێتک، چایخانەیەک، قاوەخانەیەک، هۆتێلێک، سەیرانگایەک، دوکانی فیتەرێک. نەخۆشخانەیەک، فەرمانگەیەکی حکوومەت، یارییگایەکی تۆپی پێ، زانکۆیەک، قوتابخانەیەک، ئێستا باس هەر باسی سیاسەت و حکوومەتەکەی کاک مەسروور مەسعود بارزانی هەرێمەکەمان دروستکردووە، بەشی زۆری هاونیشتمانیان وا پێشبینی دەکەن، لە داهاتوودا جەنابیان دژ بەو گەندەڵکارانە دەوەستێتەوە و ناهێڵێت چیدیکە یاری بە ئایندەی گەلەکەمانەوە بکەن.

بێشک بۆ سنووردارکردنی ئەم پەتا کوشندەیە، پێویستمان بەکاری وردتر و لێکۆڵینەوەی دروستترو جددیەتی زیاتر هەیە، پێویستە دادگاکانی هەرێمی کوردستان و لیژنەی دەستپاکی هەرێمی کوردستان لە ئاست بەرپرسیاریێتی سەرشانی خۆیاندا بن و پاڵپشتی تەواوی حکوومەت بکەن و بەڵگەی ڕاست و دروست و دوور لە تەشهیرکردن لەسەر هەموو ئەو بەرپرسانە کۆ بکەنەوە کە مااڵی میللەت بە فیڕۆ دەدەن.

دەبێت هەموان بە دوای ڕاستییەکانەوە بین و هۆکاری تەشەنەکردنی گەندەڵی بدۆزینەوە و بزانین لە کوێدا حکوومەت کەمتەرخەم بووە و لە کوێدا دەتوانرێت کاری زیاتر بکرێت و کەمتەرخەمییەکان نەهێڵدرێت، پێویستە لایەنە پەیوەندارەکانی نێو حکوومەت هاوکاربن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەم پەتا کوشندەیە!.

وەکو هەنگاوی یەکەم گرنگە لە ڕێگای یاسایەکەوە دەست بەسەر سەروەت و سامانی کۆمەڵە بەرپرسێکدا بگیرێت، بەتایبەتی ئەوانەی گومان لە خێرا دەوڵەمەندبوونیان دەکرێت!. هەرچەندە زۆرێک لە چاودێران ئەم ئەگەرە بە دوور نابینن و پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم ڕێکارە یەکێک بێت لە هەنگاوە گرنگەکانی داهاتووی کابینەکەی جەنابی کاک مەسروور بارزانی، ئەگەر ئەمە ڕووبدا و پڕۆفیشنالانە ئەم کارە بە ئەنجام گەیەندرا، ئەنجامەکەی بۆ داهاتووی کوردستان و شێوەی بەرپرسیارێتی زۆر ئیجابی دەبێت.

بێگومان لە هەرێمی کوردستان پێویستمان بە یاسای نوێ و تۆکمەتر و کاریگەرتر هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ئەو کەسانەی گومانی بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی میللەتیان لێ دەکرێت، دەبێت سزاکان قورس و کاریگەربن، بە جۆرێک بێت کەس زاتی ئەوە نەکات دەست بۆ مااڵی میللەت بەرێت و گەندەڵی ئەنجام بدات، ئەگەر ئەمانەمان کرد و ڕوویدا، من دڵنیام ئەوکات زۆر لە ئێستا زیاتر، باس هەر باسی حکوومەتەکەی کاک مەسروور مەسعود بارزانی دەبێت.



سوورە مەرگەیی

کابینەی نۆیەم و ئەرکی کوردپەروەران

چاوەکان لەسەر کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانن، لەناو کابینەی نۆیەمیش چاوەکان لەسەر مەسرور بارزانین، ئەو کابینەیە و مەسرور بارزانی لەژێر چاودێری وردی دۆژمنانی کورد و داگیرکارانی کوردستان و حزبەکانی بەشداربوو لە حکوومەت و ئۆپۆزسیۆن و هاوواڵتییان دایە، هەرچی دۆژمنان و داگیرکارانی کوردستانن پیلانی لە دژ دەگێڕن و کار لەسەر شکست پێهێنانی دەکەن، ئەوە ئاساییە و هەر ئەوەش لە دۆژمنان چاوەڕوان دەکرێ، هەرچی ئۆپۆزسیۆنیشە ئەگەر ئۆپۆزسیۆنێکی خەمخۆر و دیوی دووەمی دەسەاڵت بێ، ئەرکیەتی بە دوای خاڵی لاواز و دەرخستنی ئەو خاڵانەدا بگەڕێ، ئەوەش کارێکی ئاسایییە، ئەرکی حزبە بەشداربووەکانیش کارکردنە لەسەر سەرخستنی ئەو کابینەیە، چونکە لە سەرکەوتنی ئەوانیش پشکی شاناویان لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان بەردەکەوێ، مافی هاوواڵتیانیشە چاوەڕوانی بەجێهێنانی خواستەکانیان لەو کابینەیە بکەن.

لە کابینەی پێشوودا بەغدا بە مەبەستی پێشگرتن بە سەرکەوتنەکان و شکست پێهێنانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بودجە و مووچەی فەرمانبەرانی دەبڕی، هاوکات فراکسیۆنە کوردستانییەکانیش لە پەرلەمانی بەغدا جگە لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی، ئەرکی چاودێری کردنی حکوومەتی بەغدا و بەرگری کردن لە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانیان بەاڵوە دەنا و دەنگیان بە حەشدی شەعبی دەدا و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جاسوسییان بەسەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەکرد، داعش لە بەرەکانی جەنگ و بە مەبەستی داگیرکردنی کوردستان و تااڵن و بڕۆ و کڕین و فرۆشتن بە ئافرەتی ڕووسووری کوردەوە پەاڵماری کوردستانیان دەدا، حزبە بەشداربووەکانی حکوومەتیش وەک دەستبەردان و هاوکاری کردنی داعش لە شارەکانەوە بە مەبەستی سەرقاڵ کردن و ڕووخاندنی حکوومەت پەاڵماری دامەزراوە حکوومییەکان و بنکە و بارەگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانیان دەدا، بەوەشەوە نەدەوەستان و بە تاک و کۆ ڕایان دەکردە بەغدا و بە مەبەستی ڕووخاندنی حکوومەتی هەرێم و پێکهێنانی حکوومەتی (ئینقاز) داوای هاوکاری و پشتیوانییان لە بەغدای دۆژمن بە کورد دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا نێچیرڤان بارزانی پشت ئەستوور بە هەڵوێستە نەتەوەییەکانی سەرۆک بارزانی و پشتیوانی جەماوەری کوردستان، توانی هەموو ئەو پیالن و پالنانە پوچەڵ بکاتەوە و بەسەر دژبەرانی ناوخۆ و عێراقی و هەرێمیدا سەربکەوێ و حکوومەت و دەسکەوتەکان بپارێزێ.

ئەوەی چاوەڕوان دەکرێ لە ئێستادا عادل عەبدولمەهدی ئاقاڵانە لە چارەسەری کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا دەڕوانێ، بەاڵم گرووپە شیعە توندڕەوەکان و ئەوانەی لەژێر هەیمەنەی مەزهەبگەرایی و شۆڤێنییەکان و "هەژموونی ئەقلیمی"دان کێشەی بۆ دروست دەکەن، پێدەچێ ئۆپۆزسیۆنیش بە خۆیدا چووبێتەوە و دەستبەرداری دۆژمنکاری بووبێ و ئەرکی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان ئەنجام بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی دەکرێت هێشتا لایەنێکی کوردستانی قاچێکی لەلایە بەرپرسانی حەشدی شەعبیە و تاکو ئێستا ملکەچی ئەجندای ئەقلیمییە، ئەمەش بە هەڵوێست و ڕاگەیاندن و پەیج و سایتەکانیانەوە دیارە.

مەسرور بارزانی وەک سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ترس و دڵەڕاوکێی لای گرووپە توندڕەوەکانی میلیشیا شیعەکان و شۆڤێنیزمی عەرەبی و گەندەڵکاران و گرووپە عێراقچییەکانی دروست کردووە، بۆیە هەموو ئەوانە لە بەرەی شکست پێهێنان و پیلانگێڕی و ڕێگری کردن لە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم کۆبوونەوە، چونکە سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم و مەسرور بارزانی لە بەرژەوەندیی ئەواندا نییە و سەرکەوتنی ئەو، لە بەرژەوەندیی ئەوان دەدا و مەرگی گەندەڵکارانیش ڕادەگەیەنرێ.

لە ئەگەری سەرنەکەوتنی کابینەی نۆیەم سوودمەندی یەکەم ئەو گرووپانە دەبن و زەرەرمەندی یەکەمیش کورد و ئەزموونە سیاسییەکەی دەبێ، بۆیە پێویستە و ئەرکێکی نیشتمانیشە لایەنە بەشداربووەکانی حکوومەت شان بدەنە بەر ئەو ئەرکە نیشتمانییە، ئۆپۆزسیۆنیش وەک پێکهاتەیەکی گرنگی ناو پرۆسەی سیاسی بەدەر نییە لەو ئەرکە نیشتمانییە و پێویستە ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆی بگێڕێ، نەک وەک ڕابردوو ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن بوون لەبیر بکا و ڕۆڵی دۆژمنکاری بگێڕێ، لەوانەش گرنگتر و کاریگەرتر پشتیوانی جەماوەری کوردستانە لە کابینەی نۆیەم، چونکە لە ئەگەری سەرنەکەوتنی ئەو کابینەیە کە دۆژمنان و گەندەڵکاران خوازیاری ئەوەن سەرکەوتوو نەبێ، باجی گەورە جەماوەر دەیدات.

سیاسەت لەنێوان ڕۆشنبیری و دیبلۆماسیەت



د. سامان سۆرانی

لەم سەردەمەدا دیبلۆماسیەت لە چوارچێوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ئامرازێکی سەرەکی دەستەبەرکردنی ئامانجە بنەڕەتییەکانی سیاسەتی دەرەوەیە و ڕۆڵێکی تایبەت و گرینگ دەگێڕێت لە دروستکرنی کاریگەری لەسەر دەوڵەتان و کۆمەڵگاکانی دەرەوە بە مەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری یان گەیشن بە ڕێگاچارە بۆ سەرجەم ئەو کێشانەی کە جێگای بایەخی دەوڵەتەکانن.

هەروەها دیبلۆماسیەت ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕێت لە گونجاندنی بەرژەوەندیە دژ بە یەکەکان و بۆچوونە جیاوازەکان و ئاسانکاری دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەر و یەکلاکردنەوەی کێشە و بڵاوکردنەوەی تەبایی و لێکتێگەیشتن لە نێوان دەوڵەتەکان. بۆیە دەوڵەتەکان دەتوانن لە ڕێگەی دیبلۆماسیەتەوە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن و فەزای هەژموونیان فراوانتر بکەن، بە تایبەتی لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دەوڵەتانی تر، یان لە کاتی پشتگیری کردنیان لە ئاشتی و خۆ دوورخستنەوە لە جەنگ.

ئەگەر دیبلۆماسیەت پێشووتر لە جوگرافیایەکی دیاریکراو بوونی نەبووبێت، ئەوا پێویستە لە ئێستادا دابهێنرێت، چونکە لە سەدەی شۆڕشی تەکنەلۆژی تا دێت گرینگی دیبلۆماسیەت زیاد دەکات. مەودای کارابوون و کاریگەری دیبلۆماسیەت پێوەرێکی گرینگە بۆ هەڵسەنگاندنی هێزی دەوڵەت. دەوڵەت ناتوانێت لەسەر ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی ڕۆڵێکی تایبەت بگێڕێت، ئەگەر پشت بە دیبلۆماسیەتێکی ژیرانە نەبەستێت، تا بزانێت کەی و لە کوێ و لەگەڵ کێ ڕەفتار دەکات. بەو پێیەی دیبلۆماسیەت ئامرازێکی گرینگی سیاسەتی دەرەوەیە کارداندەوەی نەرێنی و ئەرێنیشی دەبێت لەسەر ئەو سیاسەتە. ئەگەر دەوڵەت دەزگا یان تیمێکی دیبلۆماسی تۆکمەی هەبوو، ئەوا ڕەنگدانەوەی دەبێت لە توانای مانۆڤرکردن و ڕەخساندنی دەرفەت و دروستکردنی بەرژەوەندی و دەستەبەرکردنی دۆستەکان و خۆ بە دوورگرتن لە زیان و ڕووبەڕووبوونەوەکان، کە دەبنە مایەی خەرجکردنی وزە و لاوازبوون.

گرینگترین لێهاتوویی لە ڕووی دیبلۆماسیەوە توانایبە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕاوەکان و کارامەیی و ویستی بەدەستهێنانی زانیاری و دلێری و ڕاستگۆیی و هێمنی و خاکێتیە لە پێناو باشترکردنی وێنەی دەوڵەت لە دەرەوە، لە ڕێگەی دەربڕینی خواست گەل و پێشنیارەکانیان بۆ پەرەپێدانی دەوڵەت و گەشەسەندن.

سەرکەوتنی دیبلۆماتکار لە بواری دیبلۆماسیەتی ڕۆشنبیری پێویستی بە ڕۆشنبیری و دانایی و خوێندنەوەی مێژوو و شارستانەیەت و داب و نەریت و سیاسەت و هێڵە گشتییەکانی ئەو دەوڵەتەیە، کە پەیوەندی دووالیەنەی لەگەڵ دادەمەزرێت، ئەمەش بێ گومان بێ بەرنامە و نەخشەی کاری پێشکەوتوو و هەوڵی تیمی ناکرێت. باشترین دیبلۆماتکار ئەو کەسەیە، کە دەزانێت کەی بێ دەنگی هەڵدەبژێرێت و کەی بەردەوام دەبێت لە گفتوگۆکردن لە چوارچێوەی کات و دەربڕینی ئەو بابەتانەی، کە مەبەستن، بێ ئەوەی بەرامبەر بریندار بکرێت.



ڕا و بۆچوونەکانی هێنری کیسنجەر، کە لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابووردوو یەکێک بوو لە گەورە دیبلۆماتکارەکانی ئەمریکا، تاوەکو ئەمڕۆ کاریگەری فراوانیان هەیە لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. کیسنجەر ڕەفتار و گوفتار، "تیۆری" و "پراکسیس"ی پێکەوە گرێ دەدا، بۆیە زۆر جار پێی دەووترێت "ڕێوی" یان زۆرزانی دیبلۆماسیەت.

هێنری کیسنجەر پرنسیپی میکیافێللی قبووڵە، کە دەڵێت: "مەبەست پاساوی میکانیزمە"، ئەو پرنسیپە بە یاسایەکی ڕەوا دەبینێت لە سایەی ململانێی نێودەوڵەتی، کە تەنها هێزی قبووڵە و دان بە هێز دەنێت. مێژوو لای کیسنجەر بیری گەاڵنە، یان کارخانەیەکی گەورەی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتیە، ئەو پێی وایە هاوکێشەکانی سەرکەوتن بە بەرژەوەندی ئەو کەسانە تەواو دەبێت، کە بە باشترین شێوە ئەو هاوکێشانە دادەڕێژن. مێژوو بۆ ئەو کانزایەکە پڕ لە حیکمەت، لەناو ئەو کانزایە کلیلە زێڕینەکانی کێشەکانی ئەم سەردەمە ئێمە حەشاردراوە، چونکە ئەگەر ئێمە نەزانین بەرەو کوێ دەڕۆین، ئەوا هەموو ڕێگاکان ئێمە بەرەو شوێنێکی نادیار دەبات، یان بەرەو هیچ.

وون بوون

ناسنامەی سەرۆکایەتی زانکۆی صلاح الدین کولیژی پەروەردە بەشی زمانی ئینگلیزی بەناوی کانی سەرچل فاضل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی باری شارستانی بەناوی هەورین عزیز حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە پەیوەندی بەم ژمارە مۆبایلەوە بکات ٠٧٥٠٤٤٦٤٢٠٦.

***

اخطار

من/ محكمة قوى الامن الداخلى/ المنطقة الاولى/ اقليم كردستان

الى/ المتهم الهارب (م.اول/ ريان دانيال صبرى كوركيس)

الساكن/ محافظة بغداد/ حي المشتل

اقتضى حضورك امام هذه المحكمة خلال مدة (٣٠) يوما من تاريخ نشره اذا كنت داخل العراق او خارجه للاجابة عن الجريمه المسندة اليك وفق المادة (٥ و ٣٢) ق.ع.د و بعكسه سوف تتخذ الاجراءات القانونية ضدك و تطبق بحقك احكام المادة (٦٩) ق.أ.د المتضمنة مايلى:

١- الحكم عليك بالعقوبه المقررة لجريمتك.

٢- اعطاء الموظفين العموميين صلاحية القاء القبض عليك اينما وجدت.

٣- الزام المواطنيين بالاخبار عن محل اختفائك.

٤- حجز اموالك المنقولة و الغير المنقولة.

الواء الشرطة الحقوقى

كاكه رش عمر كريم

رئيس محكمة قوى الامن الداخلى

المنطقة الاولى- اقليم كردستان

***

دادگای باری کەسێتی چەمچەماڵ

العدد /٣/تحرير. تركه/٢٠١٩

التاريخ/٢٠١٩/٩/٨

اعلان

لغرض تحرير تركة المتوفي (سوران رحمان غفور) تقوم هذه المحكمة ببيع رقم السيارة المرقمة (٩٣٨٩٣/سليمانية / حمل) من نوع (ڤولڤو تاك و دبل قمارة -اوتوماتيك)لون (احمر) موديل (٢٠٠٣) بالمزايدة العلنية فعلى من له الرغبة بالشراء مراجعة هذه المحكمة خلال ثلاثون يوما من اليوم التالي لنشر الاعلان مستصحبا معه التامينات القانونية البالغة ١٠٪ من السعر المقدر البالغ قيمته (١٨٠٠٠٠٠) مليون و ثمانمائة الف دينار فقط واذا صادف يوم المزايدة عطلة رسمية فان اليوم الذي يليه هو موعد المزايدة ،علما بان الدلالية على المشتري .

القاضي/كلثوم علي حسن

***

كومپانیا گروپ ملەت

یا بەڵێندرایەتی بیناسازی /سنۆوردار

الی اعضاء شركة (گروپ ملەت) یا بەڵێندرایەتی بیناسازی سنۆوردار م/ تبليغ بالحضور

نظرا لمرور فترة طويلة على عدم عقد اجتماع بخصوص كيفية ادارة امور الشركة وللضرورة على اجراء الاجتماع لغرض تصفية شركة كومپانيا گروپ ملەت يا بەڵێندرایەتی بیناسازی / سنۆوردار) ولعدم ممارسة الشركة نشاطها منذ تاسيسها لذا تقرر تعين يوم (الاحد) الساعة العاشرة صباحا والمؤرخ ٢٠١٩/٩/١٥ موعدا لعقد الاجتماع في مقر الشركة الكائن في دهوك مالطا واتخاذ القرار بتصفية الشركة ولك منى فائق الشكر

المدير المفوض للشركة / جوتيار حسن نورالدين

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٥١/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٧

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بۆ جاری دووەم بە بەکرێدانی (١) شوێنی گەراجی گواستنەوەی هاوڵاتیان لەسەر بەشێك لە پارچە زەوی ژمارە (١/٨٣ ك ٥٩ دیبەگە حسن اغا ژوورو) بە رووبەری (١٩٠٤م٢) بەکرێی ساڵانەی بۆ کۆی رووبەر (٤٠٠٠٠٠) چوار سەد هەزار دینار بۆ ماوەی (١) ساڵ وە (٦) شوێن کابینەی سەفەری بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیارکراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی دیبەگە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/١٧ کاتژمێر (١٢:٠٠) دوانزەی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (٦/٢٦٥ ك ٥٨ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

٢- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (١/٤١ ك ٣٩ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٦م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

٣- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (١/٤١ ك ٣٩ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٩م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

٤- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (١/٤١ ك ٣٩ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٩م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

٥- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (٦/٢٦٥ ك ٥٨ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٤٠م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

٦- ژمارەو جۆری مولك و شوێن/ شوێنی کابینەی سەفەری بەشێك لە پارچە زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (٦/٢٦٥ ك ٥٨ دیبەگە رووبەری زەوی/ ٥م٢ کرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) ٢٠٠٠٠ بیست هەزار دینار ماوەی بەکرێدان/١ ساڵ بەشێوەی کاتی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی هەولێر

ژمارە ٥٣/١٠٠

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٧

ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١٨) دوکان لە (١) تاکو (١٨) لەسەر لەسەر بەشێك لە زەوی ژمارە (١٥/٣٢٤٧ ك ٧٢ دارەتوو) بە ڕووبەری (٢٢,٥م٢) بۆ هەر دوکانێك بەکرێی ساڵانەی خەملێندراو بۆ (١م٢) (١١٠٠٠) یانزە هەزار دینار بۆ ماوەی بۆ ماوەی (٥) ساڵ بەزیادکردنی ئاشکرا ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی دارەتوو بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٨ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەملێندراو لەگەڵ خۆی بهێنی هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار

نەبەز محی الدین نافذ

بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانی شەمامك

بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەمامك

بەشی/ مولکایەتی

ژمارە: ٥٠٩/١٣٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣

جاردان

ئاماژە بەنووسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر/ بەڕێوەبەرایەتی دیزاینی بنەڕەتی و ڕووپێوی ژمارە (١٠٣٧٣/١٠٠) لە ٢٠١٩/٩/٢

نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی نەخشەدانانی ئاوەدانی هەولێر/ ژمارە ١٣٣٤ لە ٢٠١٩/٨/٢٩ لەڕووی پلان سازیەوە لاریان نییە لەسەر شێوەی نەخشە کەرتی پێشنیار کراو سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی نەخشە کەرتی ناوچەی نیشتەجێ لە شەمامك کە بەشێکە لە نەخشەی پەسندکراوی ژمارە (D ١٩٠) وە پێدانی ژمارە (D ٢١٨) تکایە جاردانی بۆ بکرێت بۆ ماوەی (١) یەك مانگ بۆ ئەوەی هەرکەسێك ڕەخنەو پێشنیاری هونەری لەسەر نەخشەکە هەیێت با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی شەمامك بکات.

هاپێچ/ گشت بەراییەکان

خورشید علی میرعزیز

بەڕێوەبەری شارەوانی شەمامك/ بەوەکالەت

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٣٥٨٤/٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر احسان مصطفى وەلاشى بریکاری محمد صالح احمد)

هۆشدار لێکراو: (بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیای راد سەرەرای کارەکەی)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر احسان مصطفى وەلاشى بریکاری محمد صالح احمد) بە ژمارە (٦٨/١٣٨٠) لە ٢٠١٩/٨/٢٠ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بە جێبەجێکردنی گرێبەستی نێوان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٨٥/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

جاردان

بۆ داواليكراو: ابراهيم عزيز ابراهيم شوێنی نیشتەجێبوون نادیار

داواکار (رمزی جرجیس ایلیا) داوای قەرز ژمارە ١٨٥/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (قەرز دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (عامریة الفلوجة) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادنووسی یەکەمی هەولێر

ل. لە ف.دادنووسی هەولێر/١

***

فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی هەولێر

هۆبەی هۆشداری و گلدانەوە

ژمارە: ٣٥٨٣/٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧

بڵاوکردنەوەی هۆشداری

هۆشدار: (پارێزەر ڕێکان سیف الدین نعمان بریکاری گشتی ابراهیم علی عزیز)

هۆشدار لێکراو: (بۆتان محمد علی صدیق)

بەڕێزتان لە فەرمانگەکەمان هۆشداریتان ئاراستەکراوە لەلایەن (پارێزەر ڕێکان سیف الدین نعمان بریکاری گشتی ابراهیم علی عزیز) بە ژمارەکانی (٣/٤٥٢٠٦) و (٣/٤٥٢٠٠) لە ٢٠١٩/٩/١١ بەمەبەستی هۆشداری کردنت بە جێبەجێکردنی گرێبەستی نێوانمان بۆ تەحویل کردنی ئەو بڕە پارەیەی لەسەرتە لەبەرامبەر کرینی هەردوو مولکی ژمارە (٢٩٣/٩٧) لەگرین لاند لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبونتان نادیارە بەپێی نووسراوی بنکەی پۆلیسی ئیسکان ژمارە ٢١٢٩ لە ٢٠١٩/٩/١٧ بۆیە لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانە بەفەرمی ئاگادارتان دەکەینەوە.

مریوان قرنی ابراهیم

دادنووسی یەکەمی هەولێر

ل. لە ف.دادنووسی هەولێر/١

***

دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر

ژمارەی:٦٤٠/ش/٢٠١٩

بەروار: ٢٠١٩/٩/١٧

جارِدان

بۆ داواليكراو: (سيف نايف جاسم) شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (هدی کاظم محمد) داوای ژمارە ٦٤٠/ش/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە, کەتیایدا داوای (بڕیوی دەکات) وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (عامریة الفلوجة) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ عبدالله عثمان خضر

***

دادگای بەرایی عەنکاوە

ژمارە: ١٨٥/ب/٢٠١٩

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨

جاردان

بۆ داواليكراو: ابراهيم عزيز ابراهيم شوێنی نیشتەجێبوون نادیار

داواکار (رمزی جرجیس ایلیا) داوای قەرز ژمارە ١٨٥/ب/٢٠١٩ لەسەرت تۆمارکردووە تێیدا داوای (قەرز دەکات) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختارەکانی (عامریة الفلوجة) بۆیە دادگا بریاری دا کە پێت ڕابگەیەنرێت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت یان بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠١٩/١٠/٢٠ کاتژمێر (٩) بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام ئەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٩/١٥

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید سلیم زبیر) لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری بەستن ژمارە/١٨٨٨٤٢٠ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.

٢- ئامێری کەبس کردن ژمارە/LJ١٠٣٢ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠,١٩.

٣- ئامێری پرکردن ژمارە/LJ١٠٣١ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٤- ئامێری گەرم کردن کەپس حراری ژمارە/A-١٤٤٧١٢ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٥- ئامێری پاك کەرەوەی بتلی شوشە ژمارە/٩٢٢٠٠ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

***

نادیارە بەپێی اشعاری (شاری ئاینده/١) بۆیە دادگا بریاریدا بەپێراگەیاندنت لەڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بۆ دەربچێت بۆ ئامادەبوونت لە ڕۆژی دادبینی ٢٠١٩/١٠/٢٤ کاتژمێر ٨:٠٠ی بەیانی ئەگەر نا دادبینی دەرهەقتان بەپاشملە ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ تەرزە سالار عثمان

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)

ئاگاداری

بەروار: ٢٠١٩/٩/١٥

بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (سعید سلیم زبیر) لە بەرواری ٢٠١٩/٩/١٦ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگرێتەوە بۆ خۆی وئێستا دانداراوە لە (پ.باشور) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وەسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەك پیشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێك دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازیبوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆمادەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم / مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- ئامێری بەستن ژمارە/١٨٨٨٤٢٠ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٥.

٢- ئامێری کەبس کردن ژمارە/LJ١٠٣٢ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠,١٩.

٣- ئامێری پرکردن ژمارە/LJ١٠٣١ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

٤- ئامێری گەرم کردن کەپس حراری ژمارە/A-١٤٤٧١٢ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W١٠.

٥- ئامێری پاك کەرەوەی بتلی شوشە ژمارە/٩٢٢٠٠ دروستکراوی سویدی مۆدێل ٢٠٠٣ جۆری سوتەمەنی کارەبا توانای K.W٧,٥.

***

HKN ENERGY LTD.

Position: Field Warehouse Materials Controller
Location: HKN Sarsang Block, Dohuk Kurdistan Region of
Iraq Status: Equal Rotation
Reports To: HKN Maintenance
Manager Subordinates:

Experience:

- Minimum FIVE (5) Years' experience working with IOC in a similar role of Warehouse Supervisor.
- International Experience would be helpful but not essential.
- Understanding of Production Related Equipment and Materials from the Operators side.
- Understanding of Maintaining Production Material Inventory Systems.
- Experience with using Electronic Inventory Data Base.
- Team Player.
- Good Communication Skills, fluent in English Language written and Oral.
- Proficient with Microsoft Word & Excel.
- Tolerant and understanding of different cultures.
- Flexible-outlook and willing to Work outside normal working hours when and if required.

Roles & Responsibilities.

1. Location in the field supporting Production and Facilities Operations.
2. Manage/ Maintain HKN Inventory System with guidance from HKN Logistics Manager and Maintenance manager.
3. Maintain tight control of HKN Inventory.
4. Supervise the loading unloading of Vehicles at the site stores.
5. Understanding of how Inventory is positioned, located and stored within the Warehouse.
6. Coordinate equipment movements at the site stores.
7. Manage spares stock control.

General

- Candidate must be a Kurdish National and fully established in the KRG Region of Iraq.
- Candidate shall report direct to the HKN Maintenance Manager within the field team.
- Clean Iraq Driving License essential.
- Must agree to undergo Driving appraisal with HKN's Operations Support Manager, before being hired.
- Must be in Good Health and provide an Up to date current Health Certificate.
- Agree to a Probationary Period of three months leading to full-time employment with agreed benefits.
- Two weeks at work and two weeks off work, 07:30 – to 17:00 hours with one hour break for lunch.
- Accommodation and meals while at field location shall be provided by HKN.

Please submit your CV to https://www.hknenergy.com/careers/

HKN ENERGY LTD.

Position: Trainee Technical Services Technician
Location: Field based at HKN Sarsang block, Dohuk, Kurdistan Region of Iraq
Status: Local –Equal time (2) weeks on (2) weeks off
Reports To: HKN Mechanical Engineer
Subordinates: HKN Field Services Manager Field Services Manager

Qualifications: must be able to demonstrate European or US qualifications or equivalent as recognised in the industry, such as Mechanical Engineering Degree.

Skills and Experience required: Minimum 2 years' experience. Must have a reasonable understanding of everyday English language and have a basic technical vocabulary; must have electrical and mechanical experience with a variety of equipment such as generator sets/diesel engines, 440V 3ph and 220V 1ph electrical distribution systems, low pressure water pumps and pressure sets, water treatment plants, split and compressor air-conditioning units. Should be capable of repairing and maintaining laundry equipment, (washing machines, tumble dryers etc), and kitchen/catering equipment including gas-fired units. A good understanding of electronics and domestic power controls would be a useful additional skill. Experience with oil-fired incineration equipment will be further plus.

Computer skills: as a minimum must be able to use Microsoft Outlook and basic Word and Excel programmes.

Health: Must be fit and healthy, as required within industry standards.

The Goal Essential vocational skills: must over a minimum of a five (5) year training programme be in a position to prioritise work tasks as they arrive, respond to all Maintenance and Technical requirements inclusive for example plumbing and sewerage systems, Mechanical: working with and maintaining camp generation system and generators, A/C units, assisting with IT systems and Satellite systems and small power Electrical issues., Ensure that the camp or camps safety systems are all in good working order and that the camp or camps is clean from litter and debris, test performance of units or appliances. Implement a Planned Maintenance programme for all HKN's heavy machinery, responsible for overseeing QA/QC manufacture of new camps and kitchens, supervise and implement installation of new camps and kitchens.

Personal skills and qualities: Must have a reasonable understanding of the English language, the Candidate must be self-motivated with good work ethics. Must have a high awareness of the challenges of supporting multi-cultural workforces, and be respectful of diverse cultures and nationalities. Honest, sensible and trustworthy.

Roles and responsibilities include (but are not limited to) the following;

- Shall operate and Work in a safely at all times
- Shall adhere to Company Health and Safety requirements at all times.
- Actively promote safe practices to ensure that there are no slips, trips, falls; use of machine guards in all tasks and that the correct PPE is worn while carrying out these tasks.
- Must be prepared to listen to and take instruction from the Field Mechanical/Electrical Engineer at all times.
- Working within a small team the daily routine shall include but not limited to Inspection of all camps and Identify any problems with mechanical or electrical failures or breakdown.
- Raising awareness that associated equipment must be in safe working order and maintained to a high standard.
- Ensure and promote safety and cleanliness throughout the camp or camps.
- Actively promote safe practices that there are no slips, trips, falls; use of machine guards in all tasks and that the correct PPE is worn while carrying out these tasks.
- Respond to all Camp or Camps maintenance requirements.
- Provide advice and guidance on maintaining equipment or appliances.
- Promote relationships by involving HSE Supervisors, Camp Medics etc. So weekly Camp inspections are completed.
- Awareness that some tasks require specialized tools to do the task.
- Familiar with power tools and minor welding tasks.
- Preparing cabins, units and generators etc to be loaded or moved.
- Assistance with operations of installation or removing equipment with a crane and trailer.
- Enhance and plan maintenance schedule on all camp or camps appliances.
- Issue SFRs as required for Purchases of Materials and equipment.
- Work and liaise with local suppliers and vendors.
- Work with the Local staff for incineration of waste or disposal and promote segregation of waste

Please submit your CV to https://www.hknenergy.com/careers/

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٨٨٢
ڕێکەوت/٢٠١٩/٩/١٨
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ١٣٢/٢٠٥ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار رفعت حامد حسن کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی ١- رونەک رفعت حامد ٢- رحیمە رفعت حامد ٣- خانم رفعت حامد بەبڕی/ ٢٩,٦٨٦,٠٠٠ ملیۆن و ٢٧,٩٩٠,٠٠٠ ملیۆن دینار و ٢٩,٦٨٦,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٣٢/٢٠٥ ک ٤٥ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەک لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەخانووەیەکی کۆن کە ناوبەرەی بۆ کراوە لە ٣ ژووروو حەمام و مرافق
٥ – ڕووبەرەکەی/١٩٣,٧٥ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٣٥,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە:٢٠١٩/١٧٣٥
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٨
ئاگاداری
بۆ قەرزار (عانوئیل بطرس سخریا) شوێنی نیشتەنی نادیار
لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی یا کاتی هەڵبژێردراوتان نییە بۆ پێ ڕاگەیاندنتان لەبەر ئەوەی بەپێی مادەی (٢٧) ی یاسای جێبەجێکردنی بڕیار درا لە ڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆ ئاگادار بکرێنەوە بەبڕیاری جیابەندی جێبەجێکردنی (الحجز التنفیذی) لەسەر خانوو ژمارە (١٦٦٧ گەنجان ستی) لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەرتان ئامادەبن لەبەردەم ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژ لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگاداریە بۆ دانەوەی بڕی پارەی (١٦٩,٤٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینار بۆ خاوەن قەرز (شرکة ارض الافراح) بەپێچەوانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەڵدەستێت بەفرۆشتنی خانووی ئاماژە پێ کراو بەپێ یاسا.
جێبەجێکاری داد / هەردی حمدامین همزه
* * *
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٥٧/ك/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/٣
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو راوێر رفعت محمدامین
ئاگادارکردنەوەی سزا
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ٥٧/ك/ ٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٦/٢٥ ئەم دادگایە بریاریدا بە شێوەیەکی غیابی بە ئیدانەکردن و سزادانت بە بەندکردن بۆ ماوەی (٤/ چوار مانگ) پاڵپشت بەمادەدی ٤٤٦ لەیاسای سزاکان بریار درا بەم بڕیارە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ، مافی تانە لێدانت لە بڕیارەکە هەیە لەڕێکەوتی لەڕۆژنامە بۆ ماوەی (١/ یەك ساڵ) پاڵپشت بەمادەدی ٤٥٦ لەیاسای سزاکان بریار درا بەم بڕیارە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ، مافی تانە لێدانت لە بڕیارەکە هەیە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٩ لەیاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی.
دادەر/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
* * *
دادگای کەتنی دەشتی هەولێر
ژمارە: ٨٤/ك/ ٢٠١٩
ڕێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٩
بۆ/ تۆمەتباری هەلاتوو کمال مغدید همزه
ئاگادارکردنەوەی سزا
لەئەنجامی دادگایی کردن لە داوای ژمارە ٨٤/ك/ ٢٠١٩ لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٩ ئەم دادگایە بریاریدا بە شێوەیەکی غیابی بە ئیدانەکردن و سزادانت بە بەندکردن بۆ ماوەی (١/ یەك ساڵ) پاڵپشت بەمادەدی ٤٥٦ لەیاسای سزاکان بریار درا بەم بڕیارە پێت رابگەیەنرێت بەهۆی بڵاوکردنەوەی لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ، مافی تانە لێدانت لە بڕیارەکە هەیە لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/١٩ لەیاسای بنەماکانی دادگایکردنی سزایی. دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩) ی بەیانی لە بەرواری ٢٠١٩/١٠/٢١ بە مەبەستی دادگایی کردنت بە پێی مادەی (٤٥٩) لە یاسای (سزا) بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
دادگای کەتنی رواندز
ژمارە/٤/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٨/٢٨
بۆ تۆمەتبارانی هەلاتوو/ شێرزاد شیخ قادر و بەشدار قادر شیخ و هاوکار قادر شیخ
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونتان نا دیارە بۆیە پالپشت بە مادەدە (١٤٣/ج) لەیاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگاکەمان بریاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە کەوا لەبەردەم دادگای کەتنی رواندز لە کاتژمێر (٩:٠٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠١٩/١١/٤ ئامادەبن بەمەبەستی دادگای کردنتان لە داوای ژمارە (٤/ك/٢٠١٩) بەپێی مادەدی (٤٣١) لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقتان بەڕێوەدەچێت.
دادەر/ بلال غازی کاك امین
* * *
دادگای کەتنی هەولێر/٣
ژمارە/١٩٢/ك/٢٠١٩/٣
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/٣
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ رشوان عبدالواحد علی
ئاگادارکردنەوەی سزا
ئەم دادگایە بریاری حوکمی دەرکردووە بەژمارە ١٩٢/ك/٢٠١٩/٣ لە ٢٠١٩/٨/٢٦ لەسەرت بەزیندانی کردنیان (الحبس) بۆماوەی (١/یەك سال و ٦ شەش مانگ) بەپێی مادەدی (٤٤٦) لەیاسای (سزا) بەشێوەیەکی پاشملە (غیابی) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە بریار درا بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بڵاوبونەوەی ئەم ئاگادارییە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕی وەردەگرێت.
دادەر/ بهزاد جهاد فائق
* * *
سەروکاتیبا باژێرڤانیا سێمێلێ
ژمارە: ١٢٥٤/٤/٣٢٥/٢٦/٢٦
ڕێکەفت: ٢٠١٩/٩/١٨
ئاگەهداری
لدیف نڤێسارا ڕێڤەبەریا گشتی یا باژێرڤانیا ل پارێزگەها دهوکێ یا ژمارە (٨٠٨٦) ل ٢٠١٩/٩/١٧ و نڤێسارا ڕێڤەبەریا نەخشەدانانا ئاڤەدانێ ل دهوکێ یا ژمارە (٢٤٣٦) ل ٢٠١٩/٩/١٧ سەبارەت نەخشێ ڕوهنکری ئەوێ هاتیە پێشنیارکرن بو پارچا ئەردێ ژمارە (١٠٨٩٠/١) کەرتێ (١١) سێمێلێ برووبەرێ (٢٨٧ دونم و ١٧ اولك)کو بتنێ بییت (١٣٨) پارچێن نشتەجی یێن برووبەرێ (٢١٦)م٢ و ب لایەنێن (١٢م * ١٨م) ئەڤجا ئەم ئەڤی نەخشەی ڕادگەهینن و هەر دەزگایەکێ میری یان هەر هاووەلاتیەکی پێشنیارەك یان بەرهنگاریەك هەبیت ژبو گهورینا ئەڤێ نەخشەی یان نەرازیبوون لسەر دانانا ئەڤی نەخشی بلا داخوازیا خو پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا سێمێلێ بکەت دماوێ یاسایی دا (٣٠) ڕوژا ژ مێژویا دەرکەفتنا ئەڤێ ئاگەهداریێ و پشتی بورینا ئەڤێ ماوەی هیچ داخوازی ناهێنە وەرگرتن و گەل چ پێشنیار یان بەرهنگاری پەیدانەبون ئەف نەخشە دێ هێتە پەسندکردن.
ئەندازیار/ محسن عبدالکریم حسین
سەروکێ باژێرڤانیا سێمێلێ
٢٠١٩/٩/١٨
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١١٠٦/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٩/١٧
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (پیان ڕوژ بهانی) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٥ ئ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (فرید محمد احمد) بریاردا ب (تصدیق الطلاق الخارجی) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەرۆڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادەر / زیرڤان احمد حسین
* * *
دادگای بارێ کەسایەتی ل دهوك
ژمارە/ ١٠٥٥/ش/٢٠١٩
ڕێکەفت/ ٢٠١٩/٩/١٢
ئاگەهدارکرن ب بریارا پاشملە
ب/ ئاگەهداری
بۆ داوالێکری (أنس عبدالرزاق حجی حمو) ڤێ دادگەهێ ل ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/١٢ ێ دکێشا ل سەری دیارکری دا ئەوا هاتیە ڤەکرن ژ لایێ داواکار (نسرین عبدالعزیز صالح) بریاردا ب (تفریق للهجر) دناڤبەرا تە وهەڤژینا تە یا داواکار وتە مافی نەرازیبوونێ یێ هەی دماوێ دە ڕوژان ژ ڕوژا ئاگەهدارکرنا تە ل ڕوژنامێ وبەرۆڤاژی وێ دێ فەرمانا ل سەری دیارکری ل سەر تە هێتە بجهێنان
دادەر / مروان عادل اسماعیل
* * *
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی دهوك
ژمارە / ٧٩٦/ ٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٩/١٨
ڕاگەهاندن
بریار هاتە دان ب فروتنا مولکێ ژمارە (١١٧) کەرتێ (١٧/الکیشك) وتومار کریە بناڤێ قەردار (احمد ایوب محمد) وهاتیە دەستەسەرکرن لدیف داخازا قەردەر (مروان حاجی احمد) بکوژمێ (٦٥٠٠٠٠٠٠) شێست وپێنج ملیون دینار هەر کەسێ بڤێت بکریت سەرەدانا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (١٥/پازدە) ڕوژا کو دەست پێ دکەت ژ ڕوژا پشتی ڕاگەهاندنێ وتەئمیناتێن یاسایی دگەل خودا بینیت بریژا (١٠٪) ژ کوژمێ خەملاندی کو دبیتە (٨١٩٠٠٠٠٠) هەشتێ وئێك ملیون ونەە سەد هزار دینار دگەل ڕەگەزناما عیراقی بو زانین ڕە سمێ تومارکرنێ ودەلالیەت لسەر بکری یە
سالوخەت : جە وژمارە دهۆك (١١٧) کەرتێ(١٧/الکیشك) جور پێك هاتیە ژ ئەردی چاندنێ سنور وسالوخەت پێك دهێت ژ ئەردی چاندنێ روبەر (١٩,٥) دونم کوژمێ خەملاندی (٨١٩٠٠٠٠٠) هەشتێ وئێك ملیون ونەە سەد هزار دینار
هاریڤان ایوب عبدالله / جێ بەجێ کاری داد
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ٦٩٦/ب/٢٠١٤
٦/داناا دەستی /٢٠١٤
ڕێکەفت/١٦/٩/٢٠١٩
ئاکەهداری
لدویف بریارا دەرجوی ژ دادگەها بەرایی دهوك ژمارە ٦٩٦/ب/٢٠١٤ ڕێکەفتی ٢٠١٤/١١/٢ یا پێك هاتی ژ نەهێلانا هەفپشکیێ ل سەر پارچا ژمارە(١٨٠/١٤) کەرتێ (٨١/دهوکا باکور) ل دویف وان سالوخەتین خوارێ دیارکری ئەف دادگەهە ئاشکرا دکەت بو فروتنا پارچە زەڤیێ ل سەر ئیك زێدە کرنا ئاشکرا بو ماوێ سیە روژا ژ روژا دوماهیك بەلافکرنێ وهەر کەسێ حەزا کرینێ هەبیت سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت روژا سیهێ ل دەمژمێر (١٢)ی نیڤرو دگەل دا هەبیت دلنیایا یاسایی ژ ڕیژا ١٠٪ ژ بهایێ(١٢٥٠٠٠٠٠٠) سەد وبیست وپینج ملیون دینار ئەگەر نە هەفپشك بیت بو زانین دانا پارەی وکریا ڕێخوشکەری ل سەر بکریە وئەگەر روژا دوماهیێ روژا بێنڤەدانێ بو روژا پشتی وێ دێ بیتە روژا سەر ئێك زێدەکرنێ
سالوخەت : پارچا ژمارە(١٨٠/١٤) کەرتێ (٨١/دهوکا باکور) رویبەرێ وێ (١٩٢)م٢ پارچە زەڤی خانیەکێ (غربیە) دکەڤیتە تاخی (شەهیدا) ل سەر جادا (١٠)م وبەریی وێ یێل باشوری و روژ ئاڤا ل سەر جادا (١٠)م وینێ پێکهاتیە ژ دوو ژورێن نڤستنێ وهول وپێشوازی ودگەل پێك هاتیا وهەمی خزمەت گوزاری یێن هەین وەك (ئاف وکارەب وجادە)
القاضی / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٩٣ /ب/٢٠١٩
ڕێکەوت/١٠/ ٩/ ٢٠١٩
ڕاگەهاندن
بۆ/داوالێکری (اسماعیل علی اسماعیل) جهێ ئاکنجیی نەدیارە ڤێ دادگەهی ددانایا ژمارە ١٠٩٣/ب/٢٠١٩ ڕێکەفتی ٢٠١٩/٨/٨ بریاردایە دانا تە بۆ داواکار (بشار رشید طه) کۆژمێ پارە (١٧٣٥٠٠٠٠) هەڤ دە ملیون وسێ سەدو پێنجی هزار دیناری دگەل مەزاختنێن داوایێ وماندی بونی پارێزەر یا بریکاری داواکاری پارێزەر (فرست عزت عبدالله) کوژمی پارە (١٧٣٥٠٠٠) ملیون وحەفت سەد وسیە وپێنج هزار دینار وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا ریڤەبەریا راگەهاندنا دادوەری دهوك ژمارە (٢٢٥٣) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٤ وڤەژارا هەلبژارتیێ کەرەکا (سێ کرکا وعسکری) ڕێکەفتی ٢٠١٩/٩/٣ ڤێ دادگەهێ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بریارا ناڤبری ڤێ دادگەهێ بریکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی وتە مافێ نەرازیبونی وتیهەلچوونی وپێداچوونی هەیە دماوی یاسایی دا بەروڤاژی دی بریار پلا ڤەبر وەرگریت ل دیف یاسایی
القاضی / عزیز محمد سعید
* * *

HKN ENERGY LTD.

IT Support Analyst

- Location: English Village, Gulan St. – Erbil, Kurdistan Region of Iraq
- Employment Type: Local (Iraqi Nationals)
- Reports to: IT Manager
- Work Schedule: Saturday - Thursday: 08:30 – 17:00
- Transportation/Parking: Not provided. Employee will be required to commute daily with their own vehicle.

Key Responsibilities

- Monitor and maintain HKN's computer systems and networks. Install and configure computer systems, diagnose hardware/software faults and solve technical and applications problems, either over the phone or in person.
- May at times be required to provide cover at HKN's field locations as required.
- Will include regular weekend (rotational) cover for the Erbil office.

Duties and Tasks

- Provide direct End-User Computing support for users at all offices and remote sites.
- Installing and configuring computer hardware operating systems and applications.
- Monitoring and maintaining computer systems and networks.
- Talking staff/clients through a series of actions, either face to face or over the telephone to help set up systems or resolve issues.
- Troubleshooting system and network problems and diagnosing and solving hardware/software faults.
- Replacing parts as required.
- Following diagrams and written instructions to repair a fault or set up a system.
- Supporting the roll-out of new applications and systems.
- Setting up new users' accounts and profiles and dealing with password issues.
- Rapidly establishing a good working relationship with customers and other professionals, e.g., software developers.
- Testing and evaluating new technology.
- Conducting electrical safety checks on computer equipment.
- Perform Request, Incident, Change and Problem Management processes within Service Level expectations (i.e. priority / escalation norms) in Service Management tools.
- Service Desk ticketing, client response, and troubleshooting.

HKN ENERGY LTD.

- For VIP users, proactively communicate and deliver EUC services, and support end-user needs at outstanding levels.
- Perform Mobile Device Management and escalate as needed.
- Maintain accurate & timely IT Asset Inventory in Service Management tools.
- Assist Infrastructure & Application Maintenance activities as required.
- Support IT Disaster Recovery Program as needed.
- Maintain Server & Storage standards to be secure, quickly-provisioned, highly-available, and agile to business needs.
- Storage and systems maintenance (i.e. patching, break-fix, etc.).
- Manage, & Optimize Networking standards & capabilities, including local wired/wireless, wide-area networks, data & voice systems (i.e. VoIP, Unified Communications), and Internet gateways.
- Manage Capacity & Availability for Network resources.
- Support Infrastructure Services and Application Services projects as required.
- Assist Administration & Optimization of Network Security & Monitoring: Secure Works, VPN, etc.
- Support IT Disaster Recovery Program as needed.

Requirements:

- Minimum of 3-5 years' experience IT Support.
- Strong oral and written communication skills in English.
- Strong interpersonal and organisational skills.
- Previous experience and knowledge of VoIP systems.
- A thorough knowledge of PC, Server and Networking hardware operating systems.
- An ability to explain problems and solutions clearly to non-technical users.
- An ability to prioritise, work under pressure and meet deadlines.
- An ability to work alone or as part of a team.
- An ability to work without supervision.
- A creative thinker.
- Good time management skills.
- Excellent problem-solving Skills.
- A patient and methodical approach.
- Good at technical activities.
- Methodical and disciplined approach to problem-solving.

Please submit your CV to https://www.hknenergy.com/careers/

دادگەها بەرایی دهوك
ژمارە/ ١٠٩٤ /ب/٢٠١٩
رێکەوت/٢٠١٩/٩/١٧
ئاگەهداری
بۆ/داوالێکراو (بیوار یاسین محمد شریف)
جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ژبەر داوا ل دژی تە هاتیە تۆمارکرن بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ژلایێ داواکاری (بشار رشید طه) ئەوا تێدا داوای قەرزی خۆ دکەت ژ کۆژمێ پارە (٢٤٠٠٠٠٠٠) بیست وچار ملیون دینار عراقی وژبەر جهێ ئاکنجیبوونا تە نەدیارە ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسن زاویتە ژمارە (٣٢٢١) ل رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ وراپورتا هەلبژێری گوندی بیسری رێکەفتی ٢٠١٩/٧/٣٠ بریاردا تو بهێیە ئاگەهدارکرن بڕێکا دوو روژنامێن نافخویی لدویف مادێ (٢١) ژ یاسایا دادبینیا شارستانی بۆ ئامادەبوونێ بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل دەم ژمێر (٩،٠٠)ی سپێدێ ژ روژا ٢٠١٩/١٠/٢ وئەگەر ئامادەنەبن یان بریکارەکێ پێش خوڤە نە هنێرین دێ ب پا شملە وئاشکرایی داوا برێڤە چیت ولدیڤ یاسایێ
دادوەر / ریبوار محمد حسن
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٧٠٣/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/١٧
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : اورهان نعمت ابراهیم
ل دیف داخوازیا داواکار(هیلان حسین خلیل) وکێشا ژمارە (٧٠٣/ش/٢٠١٩) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی ل (٢٠١٨/٣/٨) دناڤ بەرا وی وتە و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسێن (سیالکا) یا ژمارە (٢٧١٨) ل (٢٨ /٨/ ٢٠١٩) و نڤیسارا بەربژارێ تاخێ (مهمدیە) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل روژا (٢٠١٩/٩/٢٥) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕێکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٦٦٥/ش/٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/١٧
راگەهاندن
بو / داوالێکراو : کسر محمد ابراهیم
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٦٦٥/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٩/٥) بکەتنا تەلاقا داواکاری (سلیم احمد ابراهیم) ژتە بەرامبەر ڤێ دادگەهێ ل (٢٠١٩/٩/٥) و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری ژی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٦٤٢/ش/ ٢٠١٩
رێکەوتی / ٢٠١٩/٩/١٨
راگەهاندن
بو / داوالیکراو : محمد جمیل رمزی
ڤێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (٦٤٢/ش/٢٠١٩) ل روژا (٢٠١٩/٩/٨) ژێک ڤەبونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە وداواکار (الاء سعد حسین) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەقێ یاسایی کو پێتڤیە ئاگەهداریتە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب رێکا دوو روژنامێیت روژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت .
دادوەر / دارا طاهر توفیق
* * *
دادگای کەتنی سلێمانی/١
ژمارە: ٢٧١/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢٥
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: علی کریم احمد
ناوی دایکی: امیره محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئازادی) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠٢٠/١/١٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / کامل توفیق سعید
* * *
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٢٦٥/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٨/٢٥
ئاگاداری
سکالاکار/ عظیمه محمود همزه
تۆمەتبار/ ارسلان عبدالله ابراهیم
بۆ تۆمەتبار ارسلان عبدالله ابراهیم که شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
دادگا بریاری دا بە ئاگادارکردنت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی یەوە ئامادەبوونت لەم دادگایە پێش نیوەرۆی ٢٠١٩/١٢/٢٨ لەکاتی دەوامی فەرمی دا بەپێچەوانەوە دادگایی کردنەکە ئەنجام دەدرێت لەداوای ژمارە ٢٦٥/ك/٢٠١٩ بەپێی مادەی (٤٥٦) لەیاسای سزادانی ژمارە (١١١)ی سالّی (١٩٦٩) بەبێ ئامادەبوونت و بەئاشکرا بەگوێرەی یاسا.
دادوەر/ جبار رضا احمد
* * *
دادگای کەتنی پشدەر
ژمارە: ٨٢/ك/٢٠١٩
رێکەوت:٢٠١٩/٧/٣٠
ئاگاداری
بۆ تاوانباری راکردوو/ سعد نوری محمد- کە پێشتر دانیشتووی (بغداد – دۆرە) بووید و ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.
لەبەر ئەوەی لەرۆژی دادگاییکردنت لە ٢٠١٩/٧/٣٠ ئامادەنەبوویت سەرەڕای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوەی دادگایی کرایت بەپاشملە لە داوای کەتنی ژمارە (٨٢/ك/٢٠١٩) و بریاردرا بە تاوانبارکردنت بەپێی مادەی (١٥/چوارەم) لە یاسای مۆلەتی سەفەرکردنی ژمارە ٣٢ی سالّی ٢٠١٥ دیاری کردنی سزاکەت بەندکردنت بۆ ماوەی ٣ سێ سالّ.
و فەرمانی دەستگیرکردنت بۆ دەرچووە و پێویستە خۆت رادەستی نزیکترین بنکەی پۆلیس یاخود دادگا بکەیت و مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە بە بریارەکە بەگوێرەی یاسا. لەماوەی یاسایی دا بەپێچەوانەوە بریارەکە پلەی کۆتایی (بنبڕی) وەردەگرێت.
دادوەر/ جبار رضا احمد
* * *
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٣
ژمارە: ٢٠٧/ت/٢٠١٦
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٣٠
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عمر صوفی حسن و نسرین صوفی حسن
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی (٤٢٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (بتوین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / احمد حجی داهر
* * *

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٧٤٧
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (عالم الهواتف) بۆ (بازرگانی گشتی و کەل و پەل و پێداویستی ئەلیکترۆنی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلّاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون
ژمارە: ٦٧٤٨
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٧
بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار
دوای تەواو کردنی سەرجەم رێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الحزمە) بۆ (بازرگانی گشتی و ئەلیکترۆنی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی مادەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ هەموارکراو.
من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بلّاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی مادەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
أراس رؤوف عارف
بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

ئاگەهداری
ئاگەهداریا گشت لایەکی دکەین کۆ کومپانیا (چەمانی) یا (حەج وعومرە / سنۆوردار) بریارا گهورینا (ناڤی کومپانیی) دایە ژ کومپانیا (چەمانی) یا (حەج وعومرە / سنۆوردار) بۆ کومپانیا (التوبه) یا (حەج وعمرە / سنۆوردار) لەوما هەر کەسەکی نەرازی بیت یانژی مافەکێ یاسایی ل سەر کومپانیێ هەبیت بلا ددەمێ یاسایی دا سەرەدانا رێڤەبەریا کومپانیا لدهوکێ بکەت ل (باژێرێ دهوکێ - جادا مازی) بۆ ئێکلاکرنا کێشەیان
مافپەروەر / شێروان حیتو عبدالرحمن
رێڤەبەرێ کومپانیان لدهوك

HKN ENERGY LTD.

FIELD IT SUPPORT ANALYST / Technician

- Location: Field Location, Sarsang Block, Kurdistan Region of Iraq
- Employment Type: Local (Iraqi Nationals)
- Work Schedule: Rotational
- Reports to: IT Manager
- Transportation/Parking: Not provided. Employee will be required to commute daily with their own vehicle.

TYPICAL DUTIES OF A FIELD IT SUPPORT ANALYST:

- Diagnose and resolve unique, non-recurring problems associated with application software and operating systems; determine the source of problems and classify their level, priority and nature.
- Configure, deploy, maintain, troubleshoot and support computer workstations, laptops, printers, mobile devices, phones and other computing and telecommunications equipment.
- Install and support desktop & laptop PCs, tablets and mobile hardware and software (certifications from CompTIA, Microsoft or HDI are a plus).
- Support Microsoft Office 365, other Microsoft Cloud applications and services by coordinating with users, IT Management, service providers and vendors.
- Create alternative methods of completing tasks, correcting user errors and system inconsistencies to improve the desktop team function.
- Participate in hardware and software reviews and recommend purchases.
- Maintain inventory of installed software, manage software licensing and create policies and procedures for upgrades.
- Work with hardware and software vendors to verify timely product delivery and ensure that new equipment is installed and ready to operate on schedule.
- Analyse and make recommendations for hardware and software standardisation.
- Ensure desktop computers interconnect seamlessly with diverse systems including associated validation systems, file servers, email servers, computer conferencing systems, application servers and administrative systems.
- Document procedures, standards, best practices, configurations, settings, installation sequences and back-out instructions.
- This role requires extended periods of working in Field Operations locations.
- This role requires an individual to work 7 days a week whilst on duty.
- This role may require an individual to work extended hours on occasion.

SKILLS AND COMPETENCIES REQUIRIED:

- Knowledge – Know your way around desktop hardware, software applications, operating systems and network connectivity.
- Problem solving – Resolve problems while maximising efficient use of computing resources.
- Teamwork – Work well in a team-oriented environment
- Education – Possess a computer science degree and one or two certifications from entities such as HDI or Microsoft (Microsoft Certified IT Professional or Microsoft Certified Systems Administrator).
- Mobility – Be willing to take on a new position at your current company or accept additional responsibilities when asked.
- More knowledge – Continually update and enhance your basic skills in hardware, software and systems through your own efforts and company training. Learn the specifics of the industry. For example, working for an independent oil & gas E&P company, be prepared to spend some time with the Drilling Operations department so that you know exactly what a “deviated well” entails. Your interest in and knowledge of the activities that make the company money will be noticed and rewarded.
- More problem solving – Be proactive in anticipating and resolving problems. Take ownership and initiative for problem resolution, spot potential problem areas, analyse solutions, propose resolution and ensure implementation. Take the term “customer service” to heart.
- More teamwork – Embrace working in a team setting. Know your teammates, give them credit for their successes and offer help and assistance.
- More education – Get another degree or pertinent certifications. Attend company training that is offered and study for other certifications. Volunteer or consult for diverse roles to build your skills in other areas.

- Team work and collaboration.
- Excellent in both English and Kurdish communication skills including the ability to clearly articulate (verbally and written).
- Ability to think logically and operationally applying knowledge within sphere of influence.
- Strong analytical and problem solving skills with the ability to organise prioritise, establish targets.
- Ability to identify issues, evaluate alternatives and make recommendations.
- Computer software competency skills (e.g. Microsoft Outlook, Excel, Word, Adobe Acrobat).

Behavioural

- Ability to exhibit energy, enthusiasm and a positive outlook
- Works with integrity
- Responds promptly to team and supervisor requests
- Ability to handle multiple tasks and coordinate deadlines
- Ability to work independently
- Is open-minded, has a sense of curiosity, and seeks to understand "why"
- Proactive, Innovative and creative
- Seeks to continuously improve personal level of performance

Experience

- A minimum of (2) years’ experience, in a similar role as Desktop Support Analyst.

Please submit your CV to https://www.hknenergy.com/careers/

www.xebat.net
پێنج شەممە 2019/9/19 ژمارە (5831)
خەبات



سەرهەڵدانی موزیک لە شانۆدا



حەیدەر عەبدولڕەحمان

سەربوردەیەکی دێرینەو پێش هەزاران ساڵ بەر لە ئەمڕۆ موزیک و شانۆ ئاشنا بەیەکتر بوونە، پێش ئەو ئاشنابوونەش، شانۆی (پانتۆمایم) یا شانۆی ئاماژە هەبووە، لەو ساتانەی کە هونەری گریکیی کۆن تازە چەکەرەی دەکردو دیالۆگ لە شانۆدا بوونی نەبوو، لەجیاتی ئەو بزووتنەوە و هێمای جەستەیی شوێنی دیالۆگیان دەگرتەوە، لە ڕووی لاسایی کردنەوەی کەسایەتییەکان، یالاسایی کردنەوەی سروشت، بەشێوەیەکی کۆمێدی گاڵتەئامێز بۆ خستووکەدان و بەپێکەنین هێنانی بینەر، دوای ئەو قۆناغە بەماوەیەک ئەوجا شانۆگەریی بەدەنگ سەری هەڵدا، بەهەردوو جۆری کۆمیدی و تراژیدییەوە، لەو جۆرە شانۆگەرییانەش بەپێوست دەزانرا کە ڕەگەزێکی گۆرانی (سروود) ئاوێتەی ئەو شانۆگەرییانە بکرێ، کە بەدەنگی (کۆرس) دەوترانەوە، هەندێ جار ئەو سروودانە لەلایەن هەندێ نووسەرەوە دەنوسران، کە خۆیان ئەکتەر نەبوون، یاخود ئەکتەربوون و شارەزاییان لەکاری درامیدا هەبوو، تا ئەو کاتەش هێشتا وەک پێوست درک بەزەرووڕەتی موزیک نەدەکرا لە شانۆدا، تەنیا هەر پشت بەکۆرس دەبەسترا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی _کۆرس _لەشانۆگەرییەکانی یۆرپیدس و سۆفۆکلیس و ئەرەستۆفانیس ڕێ گریکی،ئەوجا درک بەزەرووڕەتی موزیک کرا، لەپاڵ ئەو کۆرسانەدا موزیک خزایە ناو شانۆ، ئەوکاتە بەتەواوەتی هەست بەوە کرا کە بۆی هەیە موزیک شوێنێکی دیار لەکاری درامیدا پربکاتەوە، یا ئیزافەیەکی دیکە بخاتە سەر ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆ و ببێتە فاکتەرێکی دیکەی سەرەکی بۆ لێک نزیکبوونەوەی بینەر بەشانۆ و ڕەخساندنی دینامیکیەتی سەرنجڕاکێشانی بینەر بەچاوو بەگوێ و هەموو هەستەکانی دیکە، لەوانەش هەستە ڕۆحییەکان کە کاریگەریی خۆیان لەسەر ویژدان و هەست و دەروونی بینەردا بەجێ دێلن، شاعیرە گریکەکان کەسانی نابەڵەد نەبوون بەموزیک، لەو کاتەدا کە فەیلەسوف و نووسەر بوون لەهەمان کاتدا هۆشیارییەکی تێرو تەسەلیان لە موزیکیشدا هەبوو،هەندێک لەوان خۆیان ئاوازو موزیکییان بۆ بەرهەمەکانی خۆیان دادەنا، ئەو تێک هەڵکێشانەی نێوان شانۆ و موزیک تا سەردەمی سەرهەڵدانی ئیتاڵیا بەردەوام بوو، ئەوکاتە پێوەندیی موزیک و شانۆ کەوتە قۆناغێکی دیکەی هونەریی و زانستی و بناغەیەکی پتەوتر بۆ شانۆ و موزیک دارێژرا،بە چەشنێک کە جۆرێک لە جودایی هەبێت لەگەڵ قۆناغە ڕەمەکیی و میللییەکانی ڕابردووی موزیک لەشانۆدا، ئەوەبوو ئۆپێرا- شانۆی گۆرانی ژکە جۆری سیستەمی ئەو شانۆگەرییانە بوونە لەدوای پانتۆمایم و سروود و کۆر س لە چاخەکانی ناوەڕاستدا سەریان هەڵدا یەوە،یەکەم ئۆپێراش ساڵی 1597 لەشاری فلورەنسای ئیتاڵی ژدا پێشکەش کرا،پاشان هەر ئەو ئۆپێرایەپەڕەی سەندو چەندین شاکاری گەورەی جیهانیی ئۆپێرایی لێکەوتەوە،لەوانەش (زیگرید) (تانهاوزر) (بارسیگال) جگە لەو شاکارانە چەندین ئۆپێرای دیکە لەو بوارەدا ناوبانگیان دەرکرد لەوانەش (سەرتاشی ئەشبیلیە- ی ڕۆسینی) (خوازبێنی فیگارۆ) و (شمشاڵی ئەفسوناویی مۆزارت) و فیدیلیوی هەتیوی ژبتهۆڤن و جیناف ژی شۆپان و زۆر ئۆپێرای دیکەش کەلە جوگزی کاری نمایشی دەردەچوون، بەڵام هونەری چوارەمی شانۆ (بالێ) ی شانۆی سەمایی بوو ، بۆیە ئەو شانۆگەرییانەی کەپشت بەسەما دەبەستن لە دیالۆگ دوور دەکەونەوە،تێیدا موزیک دەبێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بزووتنەوەی سەماکارەکان، ئەم جۆرە شانۆگەرییانە سەرەتا لە ڕووسیای قەیسەری ژدا سەریان هەڵداوە،پاشان گوازرانەوە ئەمریکا و هەندێک وڵاتی ئەوروپی، لەوانەش باڵییەکانی چایکۆفسکی وەک بوندوق شکێن و دەریاچە، هەروەها لومسکی کۆرساکۆف ـ شەهرەزادو لایکۆرسترافنسکی بتروشکا و شۆستا کۆفتیش سووڕەش،دواتر جۆری پێنجەمی ئەو شانۆگەرییانە شانۆگەریی نواندن بوو کە هەر لەگەڵ چەکەرە کردنی نووسینی شانۆییدا هاتە کایەوە و تا ئەمڕۆ کەشی لەگەڵدا بێت دریژەی هەیەو شوێنی ئۆپێراو باڵێی گرتەوە .

ڕەخنەگرەکان بەتێکڕا ایی وای بۆ دەچن کە کارێکی ئاستەم بۆ شانۆگەرییە گریکییە کۆنەکان وەک تراژیدییە مەرگساتەکانی یۆرپیدس و کۆمیدیاکانی ئەرەستۆفانس بەبێ موزیک دەسەڵاتی ئەوەیان هەبووبێت نرخ و بەهایەکی هونەری تێروتەسەلی شانۆیی بەبینەر ببەخشن، بۆیە ئەگەر موزیک ئەوکاتە و لەوسەردەمە وەک سەرەتایەکی سەرهەڵدانی شانۆ ئەو بایەخەی پێ درابێت، ئەوە دەبێت ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی ئەو زمەنە تێرو چڕو پڕەی پڕ لەداهێنانی هونەریی پڕ لەداهێنانی ئەوانەوە سەریان هەڵداوە، لەوانەش پۆشکین لەمۆزارت و سالیێری، کەموزیک سەراپای شانۆگەرییەکە دادەپۆشێ و کەشوهەوایەک لەبلیمەتیی موزیکژەنەکان نیشاندەدات . هەروەها لای برێخت ژموزیک هەمان گرنگی هەبووە چەندین لەشانۆگەرییەکانی پشتیان بە موزیک بەستووە، لەوانەش شانۆگەریی(تەپڵی شەوان) ئۆپێرای (سێ قرۆشەکە، دایکی ئازا) موزیک لەو شانۆییانەدا هەر تەنیا شوێنەوارو کاریگەریی خۆی بەسەر بینەردا بەجێ ناهێڵێ بەقەد ئەوەندەی کەیاریدەی ئەکتەریش دەدات بۆ ڕەخساندنی ئەو کەشوهەوا دەروونییەی وای لێ دەکات بتوانێت ڕۆڵی خۆی بەداهێنانەوە ببینێ، چونکە ئەکتەریش وەک بینەر پێویستی بەڕەخساندنی ئەو کەشوهەوا دەروونییە هەیە کە دەورووبەرو کۆمەڵێ فاکتەری دیکە بۆ بەرجەستەکردنی دەورەکەی ببنە یاریدەدەرو پاڵپشتی، ئەوەتا ترفستۆکۆف دەڵێت:

ئەگەر وامان مەزندە کرد کەی هونەری شانۆیی ئۆرکسترایەکی سیمفۆنیاییە تیایدا موزیک دەبێتە ئامێرێک لەئامێرەکانی ئەو ئۆرکسترایە، بۆیە پێویستە موزیک پەیوەست بێت لەگەڵ هەموونەو کەلوپەلانەی کەلەشانۆدا دەبیندرێن، کەواتە موزیک پارچەیەکە لەهەموان وبەبێ ڕەگەزەکانی دیکەی شانۆیی هیچی لەدەست نایەت، (مایرهۆڵد) یش وای بۆ دەچێت کە ئەگەر شانۆگەرییەک پێویستی بە نوزیک هەبوو ئەوا دەبێت جێگەی شیاوی خۆی بۆ بدۆزرێتەوە، (ئالن دانیلۆ) دەڵێت: موزیک فاکتەرێکی تێگەیشتنی کاری بیرو بۆچوونەکانی ئێمەیە ئەو کاریگەرییە ئەخلاقییەی دێتە ئەنجام کارێکی وادەکات کە هەستی مرۆیی بنیادەم پاک وبێ گەردتربێت، هەروەها زانا (دسکی ریش) وای بۆدەچێت کە موزیک یاریدەری دەرهینەر دەدات بۆ بەرجەستە کردنی وێنەو ریتمی شانۆگەرییەکە.

سایکۆلۆژناسەکانیش وای لێک دەدەنەوە، کە موزیک لە شانۆدا هەر تەنها کاریگەری لەسەر ریتمی شانۆ حاڵەتی دەروونیی ئەکتەر نیە بۆ ئەوەی ئەدایێکی باشتر بکاوپتر لە ڕووداو بەرجەستە کردنی کاراکتەرەکانی نزیک بێتەوە، بەڵکو بە هەمان شێوە زێتر کاریگەریی لەسەر حاڵەتی دەروونیی بینەر هەیە کە ڕووداوەکانی سەر شانۆ وەک خۆی ببینێ، لەهەمان کاتدا چێژێکی ڕۆحی بە بینەر ببەخشێت.

جیۆکارلین ـ ی گەورە دەرهێنەری بەریتانی دەڵێت: دیالۆگ کاتێک فەلسەفیەکانی دەردەکەوێت و کاریگەریی خۆی لەمێشکی بنیادەمدا بەجێ دێلێ کە موزیک بەرجەستەی بکات و بخرێتە ناو چوارچیوەی ریتم، چونکە جگە لەریتمی سروشتی، ئێمە لەشانۆدا پێویستیمان بەریتمی دروست کراو هەیە ، ئەو ریتمانەن هێز بەوشە دەبەخشن و بەرجەستەی دەورو بەرو کەشو هەواو دیوی شاراوەی دیمەنەکان و ناخی ئەکتەر دەکەن.

ئایینی میترا



ن: عەبدوللا محەمەدی
کورتکراوە: ئەحمەد حاجی مەولود

١-٢

ئایینی میهر، ئایینێک بوو، کە لەسەر بنەمای پەرستنی "میترا"، خوای ئێرانی کۆن، کە دادپەروەری، پەیمان و شەڕ بنەمای ئەوە، بەر لە ئایینی زەرتۆشت لە ئێران هەبووە.

وشەی میترا یان میهر، بە واتای دۆستی و خۆشەویستی. لە گاتاکان وشەی میترا بە واتای پەیمان هاتووە. میهر لە ئەڤێستا لە بەدیهاتووەکانی ئەهورامەزدا هەژمار دەکرێت و خوای پاریزەری بەڵێن و پەیمانە و لەو ڕوانگەیە فریشتەی ڕوناکیە تا هیچ شتێک لەو داپۆشراو نەبێت. مانگی یەکەمی پاییز واتا مانگی حەوتەم لە ساڵی ئێرانی و ڕۆژی شانزەی هەر مانگێک و هەروەها یشت ژی دەیەمی ئەڤێستا و جەژنی میهرەگان تایبەت بەوە. لە سانسکریت میترا، لە ئەڤێستا (میپرا)، لە فارسی میهر. "میترا" واتای خوای ڕووناکی و خۆر، خوایەک، کە لە ڕۆژ جێگیرە. میترا خوای ئاوەکان و دەریاکانە و یەکێک لە سیفەتەکانی ئەو گەمارۆدانە و هاوسەرەکەی ئەو وارونی، خوای شەڕابە و لە ئەفسانەکان بەناوەکانی وەکو (سورا) یان (ماد) هاتووە.


میهر (میترا) یەکێک لە خوا کۆنەکانی ئاریایی بووە. بەر لە هاتنی زەرتۆشت پلە و بایەخی زۆری هەبووە و لە ئەڤێستاش دا هاتووە. لە یسنای چل و شەشەم، بەندی پێنجەم ناوی ئەو خوایە کۆنە هاتووە و یەکێک لە یەشتەکانیش بەناوی ئەوە، واتا یەشتی دەیەم بەناوی میهر یەشتە. بەڵام کۆنتر لەوە، لە ودای بڕەهمەنەکان، بەناوی خوای گەورە یاد کراوە و پێشتر لەوێش لە بەردە نووسراوەیەک 14سەدە بەر لە زایین ناوی میترا هاتووە، کە دەسەڵاتدارانی میتانی سوێندیان پێ دەخوارد.

بۆ وشەی میهر چەند واتایەکیان هێناوە، وەکو دۆست و خۆشەویست. لە "فرگرد وندیداد" بە واتای بەڵێن و پەیمان هاتووە، هەروەکو لە "میهریەشت" بە واتای بەڵێن و پەیمانە. لە زمانی سانسکریتیش بە واتای دۆستی و خۆشەویستییە. هەروەها لە ئەڤێستا میهر خوای ڕووناکییە. لە (ریگ ودا) دا هەر ئەو واتایە دەدات. هەروەها کە "ئەهورا مەزدا" لە هیندیەکان و ئێرانیەکان لە سەردەمێکی زۆر کۆن میهر یان میترایان دەپەرست و ئەو خوایە بۆ ئەوان زۆر خۆشەویست و بە بایەخ بووە، بەڵام چ لە ئایینی برەهمەنی و چ لە ئایینی مەزدیسنی زەرتۆشتی، پلەی ئەو خوایە گەورەیە بۆ سیفەتێک دادەبەزێ. بەڵام ئەو دابەزینە پلەیەکی سەرەکی و ڕەسەنایەتی ڕاستەقینەی بە میهر دا و بووە ئامێرێک بۆ ڕاستی، دروستی، جوامێری و مرۆڤایەتی. هەڵبەت ئایینی میهر یان میتراپەرستی لە جیهانی کۆن وەها گەورە بووە، کە خەریک بوو ئایینی مەسیحیەت لەنێو ببات و ببێتە ئایینی زیاتر لە نیوەی جیهان، ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، کە ئایینی میهر لە ئێرانەوە بۆ ڕۆم گوازرایەوە و لەنێوەی ئەوروپا بڵاو بۆوە و بە ڕادەیەک گۆڕانکاری بەسەرداهات، کە لەگەڵ ئایینی میهرپەرستی لە نێوان ئاریایەکان و مەزدیسنی ئێرانی هەڵنەدەسەنگێندرا.

ئایینی میهرپەرستان باوەڕیان وایە ، کە خوای میهر جارێک بە شێوازی مرۆڤ لە ئەشکەوتێک دەرکەوتووە و ئەو شوانانەی کە لەو شوێنە مەڕەکانیان دەڵەوەڕان، باوەڕیان پێهێناوە. ئەو کاتە خوای خۆر، گایەکی کوشتوە و خوێنەکەی بەسەر زەوی داکرد. هەر جێگەیەک دڵۆپێک لەو خوێنە دەکەوت، سەوزایەتی دای دەپۆشاند.

ئایینی میترا دەگەڕێتەوە سەردەمی سەرەتایی کۆچی ئاریایەکان بۆ ئێران و هیند، کە بیر و باوەڕی هاوبەشی زۆر لە نێوان هۆزەکانی ئێرانی و هیندی بۆ ماوەیەکی زۆر هەبوو. ئەو هاوبەشییە بۆ 2400ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە و بە تێپەڕینی کات، ئەو هاوبەشیە جیاوازی لێکەوتۆتەوە. لە بەرهەمەکانی ودا هاوبەشی دوو هۆز دەبیندرێ. ئەشۆرا لە ودا هەر هەمان ئەهورای ئێرانیەکانە. ئەو ئایینە لە هیند بە میترا و لە ئێران بە میهر دەناسێندرا و میهر و میترا لە کۆنترین خوایەکانی ئێرانی و هیندین.

لەبارەی چۆنیەتی هاتنی





ئەمڕۆ لەدەستپێکی خولی نایابی عێراقدا:

هەولێر لەیەکەمین یاری خۆیدا میوانداری نەفتی باشوور دەکات

زاخۆش دەچێتە بەسرە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مینا

ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەمڕۆ پێنجەشەممە لەیاریگای فرەنسۆ هەریری نێو دەوڵەتی ، یانەی وەرزشی هەولێر میوانداری لەیانەی وەرزشی نەفتی باشوور دەکات، هەولێر لەسەر یاریگاو لەنێو هاندەرانی خۆیدا لەیەکەمین یاریدا بەرانبەر یانەی نەفتی باشوور خۆی تاقیدەکاتەوە.

ئەمڕۆ کاتژمێر6ی ئێوارە یانەی وەرزشی هەولێر لەیارییەکی بەهێز زەحمەتدا ڕووبەڕووی یانەی نەفتی باشوور دەبێتەوە، ئەم یارییە بۆ هەولێر تارادەیەکی زۆر گرینگە، بەتایبەتی ئەم وەرزە هەولێر بەکۆمەڵێک یاریزانی تازە و پیشەگەر دەست بەیارییەکانی ئەم وەرزەی خولی نایابی عێراق دەکات، ئەمسال ئاست و توانی یانەی هەولێر زۆر جیاوازترە لەئاست و توانانی تیپی پارسال، بۆیە واپێشبینی دەکرێت هەولێر لەیارییەکەی ئەمڕۆدا جگە لە 3خاڵ وبردنەوەی یارییەکە بۆ هیچ ئەنجامێکی دیکە یاری نەکات، لەلایەکی دیکەوە لەشاری بەسرە، هەردوو یانەی مینا و زاخۆ ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، زاخۆ ئەم وەرزە دەیەوێت خولی نایابی عێراق دوور لەوەرزی ڕابردوو بەئەنجامێکی باشتر دەستپێبکات، یانەی زاخۆ ئەمڕۆ لەبەردەم ئەرکێکی زەحمەتدا ڕووبەڕووی مینا دەبێتەوە، لەبەرانبەردا مینای خاوەن یاریگا و هاندەر هەموو هەولێکی خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی لەیارییەکە براوە بێت و 3خاڵی یارییەکەی لەسەر یاریگای خۆی لەبەرژەوەندی خۆی یەکلابکاتەوە.

جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەم وەرزە یانەی وەرزشی هەولێر بەسەرپەرشتی ڕاهێنەری بەتوانا ئەکرەم سەلمان کۆمەڵێک یاریزانی ئاست بەرز و بەتوانانی لەنێو یانەکە کۆکردۆتەوە، جگە لەئەنجامی بەرز و پلەکانی پێشەوە هەولێر بۆ هیچ شتێکی تر یاری ناکات.

پاڵەوانێتی تۆپی دەستی کچانی یانە نایابەکانی کوردستان لەدهۆک بەڕێوەدەچێت



ئا: سەرهەنگ نەجمەدین

ئەم وەرزە یەکێتی ناوەندی تۆپی دەستی کوردستان بڕیاری ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستانی لەسەر ئاستی کچان ڕاگەیاند، دوای ئەنجامدانی کۆبوونەوەی هونەری خۆی لەگەڵ سەرجەم ئەندامانی یەکێتیەکە، بڕیاردرا لەناوەڕاستی مانگی داهاتوو واتە بەروواری 15/ 10پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی کچانی یانەنایابەکانی کوردستان لەشاری دهۆک بەڕێوەبچێت کەماوەی یەک هەفتە دەخایەنێت، لەکۆبوونەوەکەی ئەندامانی یەکێتیەکە ناسنامەی یانە بەشداربووەکانی پاڵەوانیەتیەکە بۆ ڕاگەیاندنکاران و میدیاکان ئاشکرا کرا کە 6یانەن و یانەکانیش بریتین لە یانەکانی هەولێر، قەڵای تورکمان،ئافرەتانی هەولێر،ئافرەتانی کەرکوک، سەنجاریب، ئافرۆدیت.

وابڕیارە یەکەمین یاری پاڵەوانیەتیەکە لەنێوان سەنحاریب و ئافرۆدیت بەڕێوەبچێت، پاشان دوو یاری دیکەش لەنێوان ئافرەتانی هەولێر و ئافرەتانی کەرکوک وقەڵای تورکمان و هەولێر نییە، چونکە پاڵەوانیەتیەکە لەدهۆک ئەنجام دەدرێت کەچی تەنها یەک یانەی شاری دهۆک بەشداری پاڵەوانیەتیەکەی کردووە، بەڵام لەشاری هەولێر 3یانە بەشداری پاڵەوانیەتیەکە دەکەن ، بۆیە ناکرێت پاڵەوانیەتیەکە لەدووری شاری هەولێر بەڕێوبچێت کە ڕێژەی زۆری یانەکان لەشاری هەولێرن.

ئەنجام دەدرێت.

لەمبارەیەوە یاریزانی یانەی قەڵای تورکمان پەروین ڕەشید سەبارەت بەخۆئامادەکردنیان بۆ پاڵەوانیەتیەکە بۆ خەبات ڕایگەیاند: بێگومان ڕۆژانە مەشقێکی چڕوپڕ ئەنجام دەدەین بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ پاڵەوانیەتی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان، ئەکەرچی کات و ساتی شوێنەکە زۆر گونجاو

پۆکی: بڕوای تەواوم بەخۆم هەیە


تیمۆ پۆکی هێرشبەری یانەی نۆرێج سیتی لە پینج یاریی یانەکەیدا 6گۆڵی تۆمار کردووە و دوو گۆڵیشی دروست کردووە، ئەمە لەکاتێکدا کە بکەویتە بەرامبەر هەر یانەیەک چاودێرییەکی چڕی ئەو یاریزانە دەکرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێڵی بەرگری بەرامبەر زیرەکانە دەبڕێت و گۆڵی خۆی تۆمار دەکات، هەروەک لەو 5 یارییەی ڕابردوو ڕوویدا.

تیمۆ پۆکی دووەمی ریزبەندی گۆڵکارانی ئینگلیزی دەڵێت: ئەمە سەرەتایەکی باشە، بڕوای تەواوم بەخۆم هەیە کەلەو ئاستەدابم گۆڵ تۆمار بکەم، بەتایبەتیش بەرامبەر یانە گەورەکان، پێم وایە ئەمە هاندەریکی باش دەبێت لەوەی ئاستەکەم بەبەرزی بمێنێتەوە.

ڕۆنالدۆ گریا

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو بەرنامەی بەیانی باشی بەریتانیا دیداریکی لەگەڵ کریستیانۆ ڕۆنالدۆ ئەنجامدا کە تۆڕی ئای تی ڤی بەریتانی گواستویەوە، لە دیدارەدا بەهۆی نیشاندانی پارچە ڤیدیۆیەک ئەو یاریزانە پورتوگالیە خۆی بۆ ناگیرێت و دەست بە گریان دەکات.

تیمی ئەو بەرنامەیە پارچە ڤیدیۆیەک و هەندێ وێنەی خۆسیە دینیس ئەڤیرۆی باوکیان نیشانی کریستیانۆ دا، کە لە سالی 2005لەتەمەنی 52سالێدا بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، کە نەخۆشییەکەشی بەهۆی هۆگری بە مادەی خمر دووچاری ببوو، بۆیە کریستیانۆ لەو کاتەدا دەست بەگریان دەکات و فرمێسک لەچاوانی دێتە خوارەوە.





فاتی بڕیاریدا بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا یاری بکات

ئانسۆ فاتی لاوە هەڵکەوتووەکەی یانەی بەرشلۆنە بڕیاریدا یاری بۆ هەڵبژاردەی ئیسپانیا بکات و ڕەتی کردەوە یاری بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەی غانا بکات.
ئەم هەواڵە کە بەرشلۆنەی دڵخۆش کرد مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو یاریزانە تەمەن 16 ساڵییە ئەگەر لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا پاسەپۆرتەکەی بگاتەدەستی ئەوا لەگەڵ هەڵبژاردەی ئیسپانیای خوار 17ساڵان بەشداری پاڵەوانێتی جیهانی دەکات کە بڕیارە لە کۆتایی مانگی داهاتوو لە وڵاتی بەرازیل بەڕێوەبچێت.



تاکە ریگا بۆ وەستاندنی لۆکاکۆ تەنها ئەوەیە نەهێڵن مۆز بخوات

جاریکی تر لۆچانۆی شیکەرەوە بەناوبانگەکەی ئیتاڵیا لەیەکێ لە بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی دوور خرایەوە، دوای ئەوەی لەشیکردنەوەی یەکێ لەیارییەکانی خولی ئەو وڵاتە گوتی: تاکە ڕێگا بۆ وەستاندنی ڕۆمیلۆ لۆکاکۆی هێرشبەری ئینتەر میلان تەنها ئەوەیە نەهێڵن مۆز بخوات.
ئەم لێدوانەی ئەو بێژەرەی ئیتاڵی تەنها دوای یەک هەفتە دێت لە سوکایەتی پیکردنی لەلایەن جەماوەری کالیاریییەوە کە هاوشێوەی دەنگی مەیمون هاواریان لێدەکرد، سوکایەتی ئەمجارەش وای لە دەرهێنەری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکە کرد کە کە ئەو بێژەرە دوور بخاتەوە، ئەگەرچی بەئامانجی سوکایەتی ئەوەی نەگۆتبوو، بەڵکو دوای ستایش کردنی تواناکانی ئەو هێرشبەرە کە زۆر زەحمەتە بتوانریت بیوەستێنێ، ئەویش وەک گاڵتەیەک گوتی تەنها بەو ڕێگایە دەتوانن لۆکاکۆ بوەستێنێ کە نەهێڵن مۆز بخوات.

ئینییێستا: هازارد یاریزانێکە جیاوازی دروست ناکات

ئەندرێس ئینییێستا، یاریزانی پێشووی بەرشلۆنە و ئێستای یانەی ڤیسیل کوبێی ژاپۆنی، بایەخدانی خۆی بە بوونە ڕاهێنەر دووپات کردەوە، بەڵام ئێستا نا، چونکە هێشتا پەرۆشی و ویستی هەیە وەکو یاریزان بەردەوام بێت. ئینییێستا لە میانی لێدوانی بۆ کەناڵی (DAZN) ?لە بارەی چوونی ئەنتوان گریزمان بۆ بەرشلۆنە گوتی: من دەتوانم وەکو یاریزانێک قسە بکەم، ئەنتوان لەسەر ئاستی تاکە کەسی، لەنێو باشترین یاریزانەکان دایە، هەروەها گوتیشی: دەبێتە پاڵپشتییەکی بەهێز بۆ یانەکە.
لە وەڵامی پرسیاری چوونی ئیدین هازارد بۆ ڕیال مەدرید وتی:"یاریزانێکە جیاوازی دروست دەکات، یاریزانێکی تەواوە، لە لای ڕاست و چەپ یاری دەکات، یاریزانان دەبڕێت، هێز و خێرایی هەیە، یاریزانێکی تۆقێنەرە، بۆیە دەتوانێت ببێتە یاریزانێکی گرنگ لە ڕیال مەدریددا، من لە میژە ئەوم بەدڵە". لە بارەی بەراوردی نێوان بەرشلۆنە و مانچستەر ستی، لەژێر سەرپەرشتی پیپ گواردیۆلا وتی:"وابزانم یەکێ لە سیفەتە تاکەکەسییەکانی پیپ ئەوەیە، سەرپەرشتی هەر تیپێک بکات، بە ویستی ئەو یاری دەکات، بەو شێوەیەی کە ئەو دەیەوێت". هەروەها وتی:"بەدڵنیاییەوە ستی لەو ساڵانەی کە گواردیۆلا لەوێیە، بە شێوازێک یاری دەکات، کە گوزارشت لە بۆچوونی ئەو دەکات، ئەوەش شتێکی گرنگە، بۆیە هەر قۆناغێک لەوی دیکە جیایە". ئینییێستا لەبارەی باشترین یاریزان لە خولی ئینگلتەرا وتی:"دیڤید سیلڤا باشترینە، هەرچەندە یاریزانی باشی زۆر هەیە، بەڵام من سیلڤا هەڵدەبژێرم". لە بارەی کام یانەش دەبێتە پاڵەوانی پریمەرلیگ وتی:" مانچستەر ستی".

ڕەمزی میرەکانی



پاریخۆ: وەڵامی 5 گۆڵەکەی بەرشلۆنەمان دایەوە

دانیال پاریخۆی کاپتنی یانەی ڤالانسیا خۆشحاڵی خۆی بەو بردنەوەیە نیشاندا کە لە میانی یاریییەکانی جەولەی یەکەمی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا لەدەرەوەی یاریگای خۆیان لە یانەی چێلسی ئینگلیزی بردەوە، و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەمە وەڵامێکی دۆڕانەکەمان بوو بەرامبەر یانەی بەرشلۆنە.
پاریخۆ دەڵێت: دەمانزانی کە یاریییەکی زەحمەت ئەنجام دەدەین، هەروەها بەرامبەر یانەیەکی بەهێز، هەربۆیشە ئاستی هەردولا لەیەک نزیک بوو، هەردوولا تەواوی هێزی خۆی بەکارهێنا، ئێمەش هەموو جەنگاین بۆ ئەوەی خاڵەکانی ئەو یاریییە بدورینەوە، هەروەها گوتی: بەر لە ئەنجامدانی ئەو یاریییە لە حالەتێکی باشدا نەبووین، بەڵام ئەم بردنەوەیەمان وەڵامێک بوو بۆ ئەمە.



شتیگن بەگەڕاندنەوەی پەنالتی، نوێری شەرمەزار کرد



پێرێ تیر شتیگن پەنالتیەکی لە یاریییەکەی بەرشلۆنە و دۆرتمۆند گێرایەوە و پەیامێکی ئاراستەی نوێری ڕکابەری کرد و شەرمەزاری کرد.
تیر شتیگنی گۆڵچی یانەی بەرشاۆنە و هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئامۆژگاریییەکانی مانوێل نوێری کاپتنی مانچافتی ڕەتکردەوە و بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ ڕەخنەی لێگرت.
لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا بەر لەیاریییەکەی بەرشلۆنە و دۆرتمۆند، شتیگن گوتی: بێگومان ئەوەی دەمەوێ بیڵێم ئەوەیە کە تۆ ناتوانی ڕکابەری بەرامبەر من ڕابگەیەنی، هەوڕەها گوتی: لەسەر مانۆ پێویستە هیچ بەرامبەر هەستم نەڵێت، ئەمە ڕای تایبەتی خۆمە.
جێی باسە پێشتر مانوێل نوێر ڕایگەیاندبوو کە ڕازی نابێت بەوەی لەسەر کورسی یەدەگ دانیشیت و ڕایگەیاندبوو کە ئەو شایستەی ئەوەیە وەک گۆڵچی سەرەکی لەریزی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بێت.

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Thu, 19. Sep. 2019 No: (5831)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

ڤێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان لە ڕانیە سازدەکرێت







خەبات / هەزمسەرحان

بە بەشداریی گروپە هونەرییەکانی هەشت وڵات، شەشەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی کولتووری جیاوازەکان لە ڕانیە سازدەکرێت.فێستیڤاڵەکە لەلایەن سەنتەری ڕایەڵ بۆ ئالوگۆڕی کولتووری، بە چاودێریی وەزیری ڕۆشنبیریی و لاوان، بەڕێوبەرایەتی گشتی لاوانی ڕانیە ڕێکخراوە.لە فێستیڤاڵەکدا هەریەکە لە گروپەکانی، "گروپی نیگار بۆ هونەری مەکسیک و ئەمریکای لاتین، گروپی دریا دلانی بەندەری لە ئێران، گروپی میسر، گروپی عومان لە وڵاتی ئەردەن، گروپی هیندستان، گروپی ئەمازیغیەکانی مەغریب، تیپی نیشتمانی هونەرە میللەکانی عێراق لە بەغدا، تیپی هونەری شاریای ئێزیدی، گروپی میوزیکی کچانی ڕانیە، تیپی برایەتی کەرکوک، تیپی نەتەوەیی هونەرە میللیەکانی هەولێر، گروپی چل کەزی لە دهۆک، گروپی لەیزین بۆ سەمای بالێ" چالاکییەکانیان پێشکەش دەکەن.

بڕیارە چالاکییەکانی فێستیڤاڵەکە ئەمڕۆ ١٩ی ئەیلوولی ٢٠١٩ کاتژمێر هەشتی شەو، لە پارکی دەروازە لە شاری ڕانیە دەستپێبکات و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بێت.



تریفە ئازاد.. سەلامەتییە

هاوکارمان تریفە ئازاد، بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەی سەردانی تورکیای کردووە، دوێنێ لە نەخۆشخانەیەکی ئەنکارا نەشتەرگەریی بۆ کراوە، هیوای زوو چاکبوونەوەی بۆ دەخوازین.. سەلامەتییە.

(خەبات)



کچە کوردێک دەبێتە فڕۆکەوان

هێرش بەکر گژمەشینی

ئەو کچە کوردە ناوی شیلان ئەمیر عوسمان سالّی 1985 لە دایک و باوکێکی کورد لە هەولێر دایک بووە لە 1986 بەهۆی ئەو بارودۆخە سیاسییەی ئەوکات لە کوردستان هەبوو، و 34 سالّە بەخێزانەوە ڕوویان لە هەندەران کردووە و دوای دوو سالّ لە نەرویج گیرساونەتەوە لە بنەڕەتدا خەلّکی گوندی گژمەشینی سەر بە شارەکەی حاجی قادری کۆیەیە- شیلان لە وڵاتی نەرویج دەخوێتە بەر خوێندن و لە کۆتایی دەبێتە یاریدەدەری پزیشکی دندان لە نەرویج و بەڵام هەر لەمندالّیەوە ئارەزووی لە فڕۆکەوانی بووە، سالّی 2017 چۆتە پەیمانگەی فڕۆکەوانی و دوای 3 سالّی خوێندن لە ڕێکەوتی 2019/7/23 مۆڵەتی فڕۆکەوانی پێدەدرێت، توانیویەتی مۆڵەت لێخوڕینی فڕۆکە وەربگرێت و یەکەمین کاری تاقی کردنەوەشی ئەوەبوو کە داوایان لێکردووە لە ئیرلەندەوە فڕۆکەیەک بهێنێتەوە و لەبەر بچووکی تانکی سووتەمەنی فڕۆکەکە ناچار بووە لە 6 شوێنی جیا جیا وەک (بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، بەلجیکا، سوید، دانیمارک) بنیشێتەوە بۆ وەرگرتنی سوتەمەنی و لەئێستا سەرقالّی خوێندنی زیاترە تابتوانی مۆڵەتی فڕۆکەی مەدەنی گەورە وەربگرێت -جێگای شانازییە بۆ کورد کچێک ببێتە فڕۆکەوان، بەهیوای ئەوەی سەرکردایەتی کورد سوود لەبەهرە و توانا و شارەزاییەکانی وەربگری و بانگهێشتی کوردستانی بکاتەوە ڕێز لەتوانا و لێهاتوویی ئەو کچە کورە بگرێت.

شانۆکار کۆچەر نوری: خەون بەوە دەبینم هونەرمەند لەم وڵاتەدا خەمی نانی نەبێت



دیمانە: وریشە عومەر

کۆچەرنوری عەبدوللا لەسالّی 1974 لەدایک بووە هەرلەتەمەنی منداڵیەوەخولیای هونەری نواندن بووە ، لەساڵانی هەشتاکانەوە لەنواندن وشانۆ بەردەوامە ، ناوبراو لەمنالّیەوە لەسالّی (1983) وە لە تەلەفیزیۆنی کەرکوکی ئەوکاتەوە لەگەڵ لەیلای خوشکی ومنالّە بەهرەمەندەکانی هەڵەبجە بەشداریان لە ئۆپەرێتە بەناوبانگەکانی (سەوزە ، ڕێویەو لە پێستی شێردایە ، پەلکە زێڕینە) وچەند ئۆپەرێتێکیتر کردووە ، تا ئێستاش بەردەوامە خاوەنی چەندین بەرهەمی ناوازەیە دیارترینیان (مەمی ئالان و کۆتەلّەکەی ئەحمەد موختارجاف و ئەوڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ و بۆنی سێوو میهرەجانی کەلاوەکان) بەگشتی (کۆچەر) تائێستا وەکوئەکتەر ڕۆڵی لە (48) بەرهەمی شانۆیداهبووە،لەگەڵ (10) فیلمی سینەمایی، بەشداری لە (30) فیلم و زنجیرەدرامای تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆ و کورتە فیلم داکردووە،وەکو کاری هونەری و یاریدەدەری هونەریش بەشداری زیاتر لە (10) کار کردووە .ناوبراو زۆربەی هەرەزۆری کارەکانی لەگەڵ هاوسەری ژیانی هونەرمەند (جەلیل سەعید)ە ئەم دووهونەرمەندە خۆشەویستە خاوەنی) (3 جگەرگۆشەن، لەم دیمانیە بۆچوونەکانی ئەم خاتونە ئەکتەرە بخوێنەوە:

هۆکارچیە کەبینەر لەدرامای کوردی تۆزاوە؟

هۆکارئەوەیە پشکیری و هاندانی هونەر زۆرکە مە تاڕادەیەک بە بەشێکی زۆرلاوەکی دادەنێن لە بەڕێوە چونی ووڵات دا ، کەخۆی لەخۆیدا هونەر ناسنامەی میللەتانە ، وەک دەڵێن ئەگەردەتەوێ گەلێک بناسیت سەیری ئاستی هونەرە کەی بکە ،، ئێمەش خاوەنی وەها بەرهەمێکی خۆمالّی نین کەویست وئارەزووی خەلّکەکەمان تێرکات ئیتر بەوبەرهەم هێنانە کەمە وە ئەوەدەبینین کەبینەری کورد ناچاربێت بەدوای بینینی بەرهەمی بیانیدا بگەڕێت ،سەرباری ناهەمواری بارو گوزەرانی ژیان .

تاچەند دراماى تیجارى یان باشتر بڵێین ئەوفلیمانەی کە لەهەندێک کەناڵ یان لەسینەماکان دەکرێت خزمەتی هونەری کوردیدەکەن؟

ئەوانە هەوڵێکی تاکە کەسیە هەرگیز ناتوانن منافەسەی بەرهەمە جیهانیەکانی پێبکرێت ، چونکە ناتوانرێت بەمجۆرە ئاستی بەرهەم هێنانی فیلمی کوردی پێشبخرێت ، چونکە پاڵپشتی دارایی پێویستیان نیە ، بەڵام ئەوهەوڵانەی کەهەن جێگەی دڵخۆشی وەدستخۆشین .

دەبێت چی بکرێت بەبۆچوونی تۆ هەتا بینەر و شانۆ و دراماى کوردى ئاشت بکرێتەوە؟

پێویستەهونەر حسابی گرنگی وبەهای خۆی بۆبکرێت ،پشتگیری ولاکردنەەی جدی حکومەت لەم بوارە ، وە کۆنتاکت دروستکردن و هێنانە ناوەوەی کۆمپانیاکانی کوردستان ، بەڕای من تاکوسەرخستنی ئەم بوارە کاری هاوبەش بێتەئاراوە حکومەت وکەرتی تیبەت ، ئیترکەئەم پرۆژە ش کەوتەسەرپێی خۆی ئەوکات کۆمپانیاکان خۆیان دەکەونە هەڵپەی بەرهەم هێنانی کاری هونەری و تاڕادەیەکی باشیش منافەسەی هونەری وبەرزی ئاستی کوالێتی وپرۆفیشنالّی کارەکان دێتە ئاراوە.

ڕۆڵ بینین لەشانۆی شەقام خۆشترە یان هۆڵ بۆ؟

لەلای من هەردوکیان ئاسایی یە ، چونکە لەهەردوو چەمکەوە ئەکتەر ڕاستەوخۆ لەگەڵ بینەرهەڵس و کەوت دەکات و ڕاستەو خۆ پەیامەکەدەگەیەنێت ، تەنهاجیاوازی سەرشانۆ ئەوەیە سنوریکی دیاریکراوت لە بەردەستە ، بەڵام شانۆی شەقام ئەتوانیت هونەرمەند لە هەردووکاتدا ئەبێ حەقی خۆی بداتە ئەوڕۆڵەی ئەیبینێت .

وەکو شانۆکارێک لەمەڕەکانی سەر ڕێگەت چین؟

چۆن ئێمەلەساڵی (1992) لەهەڵەبجە یەکەم شانۆی شەقام مان ئامیشکرد بەناوی (میهرەجانی کەلاوەکان) کەدەرهێنانی بڕای بەڕێزم (ڕزگار ئەمین) بوو کە لەتەواوی کوچە وبازاڕوشەقامەکانی هەڵەبجە ئامیشمان تێدەکرد ، بینەریش کۆڵانەوکۆڵان لەگەڵمان ئاوێتەی کارەکە بووبوون ، بەڵام بەداخەوە ئەوە چەندین کاروفیستیڤاڵی شانۆی شەقام دەکرێت ، هەم ئایشکارلەچەقی جوگرافیایەک وەستاوەو بینەریش بازنەیەکی دروستکردوە بەدەوریدا ، کەئەمەش خۆی لەخۆیدا زۆرجار ئەوپابەندبون وجوگرافیا بەرتەسکەش هەمان شێوازی هۆڵەکەیە لەشوێنێکی کراوە و سەربەتالدا .

تاچەند قورسترە کاتێک ڕۆڵی سەرەکی دەبینیت لەگەڵ ڕۆڵی ئاسای؟

هیچ قورسی وگرانیەک نابینم لە ڕۆڵ بینین ، لەدەوری سەرەکی لاوەکیدا ، چونکە جاچی نین ! هەرلە کاردانەوەی ناجۆری کۆمەڵگا و دەورو بەر و ئایدۆلۆجیەتی ڕامیاری هەندێ لایەنی ئیسلامی کەبەدرێژایی تەمەنی هونەریم هاوتەریب لەگەڵما بوون لەدروستکردنی کۆسپ و لەمپەر لە ڕێگەمدا ،لەساڵانی ڕابوردوودا ، خەڵکیان دانابوولەبازاڕدا تەماتە و خەیاری ڕزیویان تێدەگرتم وەک سوکایەتی بۆئەوەی کۆڵم پێببەدن ، بەڵام نەک هەربەوانە ئەوەبوو تاکار گەیشتە ئەوەی لەساڵی ١٩٩٥ لەهەڵەبجە لەکاتی نمایشکردنی شانۆگەری (مینکۆ) لەدەرهێنانی بڕای بەڕێزم مامۆستا (هیدایەت عوسمان) تەقەیان لێکردین و شانۆکەو یادەکەشیان وەستاند ، بەڵام من تائێستەش لەگەڵ هاوسەرەکەم هەربەردەوامم ونەوەستاوم .

هەتاکەی ئامادەی شانۆکاربیت؟

تاکو لەژیاندابم دەمەوێت هەمیشە بەردەوام بم.

دوا ڕۆژێت چیەوخەون بەچیبە دەبیت؟

جارێ لەبەرباری تەندروستیم ڕۆژێکی دیاریکراوم نیە ، وە خەون بەوە ئەبینم هونەرمەند لەم وڵاتەدا خەمی نانی نەبێت، بەڵکوژیانی ئەوندە فەراهەمبێت تەنهاخۆی بژهونەرەکەی تەرخان بکات، بۆئەوەی بەئاسودەیی داهێنان بکات لەهونەرەکەیدا!



خەڵکیان دانابوو لەبازاڕدا تەماتە و خەیاری ڕزیویان تێدەگرتم بۆئەوەی کۆڵم پێببەن





